WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9 20ی ڕێبەندانی 2714 (750) دینار

## دووەمین حاڵەتی لەدایکبوونی جمکی پێکەوەنووساو لە هەولێر

**ڕووداو – هەولێر**

نۆبەرەی کچێکی تکریتی و کوڕێکی بەغدایی کە ئێستا لە هەولێر نیشتەجێن، جمکێکی کچی پێکەوەنووساو بوو. دکتۆری منداڵە ناکامەکان لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون دەڵێ تەندروستیی هەردوو منداڵەکە کە سک و جگەریان پێکەوەنووساوە، جێگیرە.



نەخۆشخانەیەکی سعودیش ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆئەوەی دوو منداڵەکە لە یەکدی جیابکاتەوە.

ڕۆژی 2015/2/6 لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر، دوو منداڵی بەیەکەوە نووساو لەدایکبوون. ئەوەش دووەمین حاڵەتی لەوجۆرەیە لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا.

دکتۆر تاڵب عادل عەبدولقادر، سەرپەرشتیاری هۆبەی منداڵە ناکامەکان لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر لەوبارەیەوە گوتی "هەردوو کچە پێکەوەنووساوەکە ئێستا تەندروستییان زۆر باشە".

ئەو پزیشکە گوتی کە دوو مانگ لەمەوبەریش حاڵەتێکی هاوشێوەی ئەوە لە نەخۆشخانەکەیان هەبووە، بەڵام پێش جیاکردنەوەیان هەردوو منداڵەکە مردن.

2 »

"گرتە ڤیدیۆکەی حەشدی شەعبی لە ئەنبار ڕوویداوە"

6

مەکتەبی ڕێکخستنی پارتی:

500 کورد لە ڕیزی داعشدان

3



سوهێر قەیسی بۆ ڕووداو دەنووسێت

23

سەرۆک عەشیرەتێکی کورد:

# ژمارەیەک خزمی سەددام حوسێن لە کوردستانن

3 »



ئاسیاسێڵ
کۆماندۆکاتەوە

ژمـــارە نوێیەکانمان... واژۆی خۆتە بۆ جیاوازبونت




ژمارەی نایاب

ئاسیاسێڵ چانسێکی گەورەت پێ دەبەخشێت تا بناسرێیت بە ژمارەیەکی زێڕین یان زیوی تایبەت کە بە (٠٧٧١) یان (٠٧٧٢) یاخود (٠٧٧٣) دەست پێدەکات، پەلەبکە و سەردانی یەکێک لە بنکەکانی فرۆشتنی ئاسیاسێڵ یان بریکارە سەرەکییەکانی بکە چونکە ژمارەی هێڵەکان دیاری کراوە.

*بەشداربوانی هەر هێڵێکی تر ئەتوانن ببنە خاوەنی هاوشێوەی ئەو ژمارەیەی هەیانە بە هێڵی ئاسیاسێڵ.

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9





## (ڕووداو) لە دایکبوو

**ڕووداو– سلێمانی**

لە شاری سلێمانی خێزانێک بەهۆی خۆشەویستییان بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کوڕە تازە لەدایکبووەکەیان ناو دەنێن (ڕووداو) باوکی منداڵەکەش دەڵێ "بە ڕەزامەندی خۆم و دایکی و باپیری ئەو ناوەم لێناوە". نەریمان سدیق، باوکی ڕووداو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕووداو لە چاو کەناڵەکانی دیکە بە لای منەوە جیاواز و پێشکەوتووە ، پێمان خۆشبوو کوڕەکەم بە ناوی کەناڵێکی وەک ڕووداو ناو بنێم، کە نێوبانگی جیهانیی هەیە". ڕووداو، یەکەم منداڵی خێزانەکەیە و تەمەنی تەنیا یەک مانگ و نیوە.

### لەماوەی دوو مانگدا

# دوو جمکی پێکەوەنووساو لە هەولێر لەدایکدەبن

## پزیشکێک: جەنگ هۆکاری ئەو جۆرە لەدایکبوونەیە



ئەم دووانە دوای لە دایکبوونیان مردن



ئەم دووانە لە ژیاندا ماون

**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو– هەولێر**

نۆبەرەی کچێکی تکریتی و کوڕێکی بەغدایی کە ئێستا لە هەولێر نیشتەجێن، جمکێکی کچی پێکەوەنووساو بوو. دکتۆری منداڵە ناکامەکان لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون دەڵێ تەندروستیی هەردوو منداڵەکە کە سک و جگەریان پێکەوەنووساوە، جێگیرە. نەخۆشخانەیەکی سعودیش ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆئەوەی دوو منداڵەکە لە یەکدی جیابکاتەوە.

ڕۆژی 2015/2/6 لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر، دوو منداڵی بەیەکەوە نووساو لەدایکبوون. ئەوەش دووەمین حاڵەتی لەوجۆرەیە لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا.

دکتۆر تاڵب عادل عەبدولقادر، سەرپەرشتیاری هۆبەی منداڵە ناکامەکان لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر لەوبارەیەوە گوتی "هەردوو کچە پێکەوەنووساوەکە ئێستا تەندروستییان زۆر باشە، ئەو جۆرە منداڵانە بۆ ماوەی 24 کاژێر دەخرێنە ژێر چاودێریی تەندروستییەوە، ئەگەر حاڵەتی تەندروستییان خراپ نەبوو دەدرێنەوە بە کەسوکاریان.

### لە سعودیە لە یەکدی جیادەکرێنەوە

کەسێکی نزیکی نەورەس ڕافد عەبدلڕەزاق دایکی دوو کچە پێکەوەنووساوەکە کە بە نەشتەرگەری منداڵەکانی بووە، بە (ڕووداو)ی گوت کە پەیوەندییان کردووە بە نەخۆشخانەی ئەڵمانی – سعودی لە عەرەبستانی سعودیە بۆ ئەوەی نەشتەرگەری لێکجیاکردنەوەی کچەکان بکات، ئەوانیش بەڵێنیان داوە کە نەشتەرگەرییەکە لەسەر خەرجی و ئەستۆی خۆیان وەک کارێکی خێرخوازی دەکەن.

بەڵام د.تاڵب عادل دەڵێت ئەو نەشتەرگەرییە دەمودەست ناکرێت "پێویستە ئەو منداڵانە کێشیان بگاتە 8 کیلۆ بۆ ئەوەی بتوانرێ نەشتەرگەرییەکەیان بۆ بکرێ، کێشەی هەردوو منداڵەکە ئەوەیە بە هەردووکیان تەنیا 4 کیلۆن". گوتیشی "ئەو دوو منداڵە سک و جەرگیان بەیەکەوە نووساوە، ئەگەر بەشی نەشتەرگەری بڕیار بدەن و پێویستیەکان هەبن بۆ ئەو نەشتەرگەرییە، ڕەنگە بتوانرێ نەشتەرگەرییەکە لە نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێریش بکرێت، چونکە زۆر زەحمەت نییە، بەڵام نەبوونی پێویستییەکان ڕەنگە ڕێگر بن".

### حاڵەتی دیکەش تۆمارکراوە

ئەو پزیشکە گوتیشی کە دوو مانگ لەمەوبەر حاڵەتێکی هاوشێوەی ئەوە لە نەخۆشخانەکەیان هەبووە "دوو مانگ لەمەوبەریش حاڵەتێکی دیکەی لەدایکبوونی دوو منداڵی بەیەکەوەنووساو لەم نەخۆشخانەیە هەبوو، بەڵام ئەو دوو منداڵە حاڵەتەکەیان زۆر جیاواز بوو، تەواوی سکیان بەیەکەوە نووسابوو، بۆیە پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی گەورەتر هەبوو، بۆ ئەوەش پەیوەندیمان بە نەخۆشخانەی ئەڵمانی-سعودی کرد لە سعودیە بۆ ئەوەی لەوێ نەشتەرگەری جیاکردنەوەیان بۆ بکرێ، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە وادەی ئەوە بوو منداڵەکان بنێردرێن بۆ ئەو نەشتەرگەرییە، هەردوو منداڵەکە مردن". د.تاڵب گوتی "ئەو دوو منداڵەش هی خێزانێکی عەرەبی ناوەڕاستی عێراق بوون".

### جەنگەکانی عێراق هۆکارن

سەبارەت بە هۆکاری ئەو جۆرە لەدایکبوونانە کە بەنیسبەت کوردستانەوە حاڵەتی نامۆن، د.تاڵب گوتی "جەنگەکانی عێراق و ئەو چەکانەی لەو جەنگانەدا بەکارهاتوون کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستبوون و لەدایکبوونی ئەو منداڵە ناکامانە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق زۆرە، نەوەک تەنیا منداڵی پێکەوەنووساو، بەڵکو منداڵی شێواو لەم نەخۆشخانەیە لەدایکبوون کە دایک و باوکیان خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراق بوون". گوتیشی "ئەگەر لێکۆڵینەوەی زانستی هەبێت، وردتر کاریگەرییەکانی جەنگ بەسەر لەدایکبوونی ئەو منداڵە ناکامانەوە لە عێراق ئاشکرا دەبێ".

## مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجەکە بیرۆکەی کێیە؟

# کاکە حەمە: من خاوەنی بیرۆکەی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەم

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

کاتێک بەرەو هەڵەبجە بەڕێدەکەوی و دەگەیتە دەروازەی شارەکە، ناتوانی هەڵوەستە نەکەیت بەرامبەر ئەو دەستە گەورەیەی ڕووی کردووەتە ئاسمان وەک ئەوەی بپاڕێتەوە. ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کە کێ خاوەنی بیرۆکەی ئەو مۆنۆمێنتەیە. محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دەڵێت ئەو خاوەنی بیرۆکەکەیە، بەڵام بەرپرسانی مۆنۆمێنتەکە قسەیەکی دیکە دەکەن.

دوای 11 ساڵ لە دروستکردنی ئەو مۆنۆمێنتە، محەممەدی حاجی مەحموود، بۆ یەکەمجار باسی بیرۆکەی دروستکردنی مۆنۆمێنتەکە دەکات و دەڵێ "لەسەر داوای من ژمارەیەک گەنجی خوێندەوار و ڕۆشنبیری ئەوکاتی نێو حیزب بیرۆکەکەیان ئامادەکرد".

محەممەدی حاجی مەحموود، باسی ساڵی 1989 دەکات، ئەو ساڵەی پێشمەرگەی هەموو حیزبەکان ببوونە پەناهندە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو دەڵێت "لیژنەی بەرەی کوردستانی هەبوو، دەمانویست شتێک بکەین بۆ یەکەمین یادکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، پرسیار کرا چی بکەین ؟ گوتمان یادەکە لە ئۆردوگای دۆڵێ دەکەینەوە".

ئینجا باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە لەسەر زەوییە ڕووتەڵەکە دانیشتوون و بیریان کردووەتەوە چۆن یادی هەڵەبجە بکەنەوە "من لەگەڵ ئەو برادەرانەی خۆمان لە حیزبی سۆشیالیست دانیشتم و گوتم دەبێ پێش هەموو شتێک سیمبولێک بۆ هەڵەبجە دروستبکەین، دواتر بیکەینە پۆستەر و هەڵیبواسین و بڵاوی بکەینەوە".

سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو یادەوەرییانەدا، وێنەیەک لەنێو ئارشیڤەکەی دەدۆزێتەوە، ژمارەیەک گەنج پێکەوەن و دەستی یەکیان گرتووە و لەسەرەوە دەستێک ڕووەو ئاسمان بەرزبووەتەوە. نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان ئەو دیزاینەی بە دەستی گەنجەکان دروستکراوە لەگەڵ مۆنۆمێنتی ئێستای هەڵەبجە بەدیدەکرێ.

کاکە حەمە درێژە بەگێڕانەوەی ڕۆژی ئامادەکارییەکە دەدات و دەڵێ "ئەوکات وێنەگرێکم هەبوو کە یەکەمین و تاکە وێنەگری ڤیدیۆیی کوردە وێنەی کارەساتی هەڵەبجەی گرتبێ، ناوی تەها تەیفوور بوو، لەگەڵ حوسێن خەلیفە و عەبدوڵڵای برام و شەهید جەلالی حاجی حەسەن و والی عەلی، مانگی 1ی ساڵی 1989 لە بارام ئاوا لە نزیک مەریوان هەموویانم کۆکردەوە، گوتم شتێک دروست بکەن، یان هەندێک دەست بکەن بەیەکدا و شتێکی سەرنجڕاکێشی لێدروست بکەن، دەمەوێ سیمبولی هەڵەبجە بێت".

محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێ نامەوێ ڕۆڵی کاریگەری ئەوان لەبیربکەم و ئەوانیش زیرەکانە کە 5 کەس بوون، لەسەر چەمەکەی باراماوا دەستەکەیان دروستکرد و وێنەیەکیان گرت "دواتر وێنەکەمان لە پۆستەردا بڵاوکردەوە بەنێو کەمپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا و کردمان بە هێما و سیمبولی کارەساتی هەڵەبجە".

سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دەڵێ دواتر لەو ساڵانەی دواییدا کاتێک مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دروستکرا و بەڕووی ئامادەبوواندا کرایەوە، لە ڕێوڕەسمەکەدا ئەندازیارەکە بۆ ئامادەبووانی شیکردەوە کە چۆن دیزاینی ئەو مۆنۆمێنتەیان ئامادەکردووە و کاریان تێداکردووە "بەبێ ئەوەی ناوی ئێمە ببات، وا قسەی دەکرد کە بیرۆکەی خۆی بێت، من ئەوکات نەمویست وەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەو وێنەیە کە ساڵی 1989 گیراوە دەریدەخات ئێمە چیمان کردووە بۆ هەڵەبجە".

تەها تەیفوور کە ئەوکات وێنەگری محەممەدی حاجی مەحموود بووە و ئێستا بەرپرسی ناوچەی پارتییە لە کەرکووک، قسەکانی محەممەدی حاجی مەحموود پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ شانۆگەریی (ڕۆژانی ڕەش)یشمان پێشکەش کرد "من لەو بڕوایەدام زۆربەی هەڵەبجەییە بەڕێزەکان، ئەوانەی ئەو ساڵە و کارەکانی ئێمەیان بیرماوە وەک خۆی بیگێڕنەوە، ڕاستە کاک محەممەد پێیگوتین با شتێک بکەین بۆ هەڵەبجە، ئێمەش ئەوەمان کرد و دواتر وێنەمان گرت و لەسەر ئەو وێنەیە پۆستەرمان ئامادەکرد".

بەڵام سەرخێڵ غەفار، بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە ڕەتیدەکاتەوە بیرۆکەی دروستکردنی ئەو مۆنۆمێنتە بیرۆکەی محەممەدی حاجی مەحموود بووبێت و دەڵێ "میوانی زۆر سەردانی هەڵەبجەیان دەکرد و شارەکە ئاوەدان کرابووەوە، میوانە بیانییەکان بەچاوی گومانەوە سەیری هەڵەبجەیان دەکرد، شوێنێکیش نەبوو خەڵکی هەڵەبجە سەردانی بکەن و دیمەنەکانی کارەساتەکەی تێدا ببینن، بۆیە مام جەلال پێشنیازی کرد مۆنۆمێنتێک دروستبکەین".

بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دەڵێ ساڵی 2001 کاتێک د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت بووە لە ئیدارەی سلێمانی، دەستکراوە بە دروستکردنی مۆنۆمێنتەکە و دیزاینی هونەرمەند جەمال بەکر قەساب بووە، دواتر لەساڵی 2003 کرایەوە.

بەڵام تەها تەیفوور پێداگری دەکات کە بیرۆکەی مۆنۆمێنتەکە بۆ محەممەدی حاجی مەحموود دەگەڕێتەوە "کاتێک ئێمە لەساڵی 1989 بەپۆستەر ئەوەمان بڵاوکردەوە، هەموو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵەبجەییەکانی ئەوێشەوە پۆستەرەکەیان بینی، هەمان دیزاینی ئێمە بە کەمێک دەستکارییەوە کراوەتە ئەو مۆنۆمێنتەی ئێستا".

# داعش سەرمایەدارێکی شنگال دەکاتە شۆفێری تاکسی



**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر شنگال سەدان چیرۆکی سەرنجڕاکێشی بەدوای خۆیدا هێنا، جگە لە کوشتنی سەدان پیاو و ڕفاندنی سەدان کچی کوردی ئێزیدی لە شنگال، خەڵکی ئەو ناوچەیە زیانێکی زۆری ئابووریيان بەرکەوت. یەکێک لە سەرمایەدارانی ئەو شارۆچکەیە بە جۆرێک مایەپووچ بوو، ئێستا بووەتە شوفێری تاکسی.

ساڵح عەلی شنگالی ئەو کاتەی لە شنگال بووە، ڕۆژانە 150 کرێکار لەبەردەستی کاریان کردووە، بەڵام ئێستا لە شاری دهۆک شوفێری تاکسییە.

ساڵح شنگالی کە تەمەنی 41 ساڵە، دەڵێت هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ باوک و براکانی خەریکی کاری بازرگانی بووە "سەرەتا دوکاندار بووین، دواتر چەند شوفڵ و گەڵابەیەکمان کڕی، ئیدی لەوێوە فێری کاری بازرگانی بووم".

ساڵح کە خاوەنی پێنج منداڵە، گوتی "ئێمە لە ناوچەی پیشەسازی لە شنگال چەندین دووکانی شووشتنی ئۆتۆمبێل و پێشانگای کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلمان هەبوو، نزیکەی 150 کرێکار لەلای ئێمە کاریان دەکرد".

ساڵح کوردێکی موسڵمانە و کە باسی یادگارییەکانی کارکردن و ژیانی شنگالی دەکرد، کەمێک دادەما، پاش هەڵکێشانی ئاهێک گوتی "ئەو کاتەی لە شنگال بووین، کەس نەیدەگوت ئەمە موسڵمانە، ئەمە مەسیحییە، ئەمە ئێزدییە، پەیوەندییەکانمان زۆر خۆش بوون، کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە چاوم پڕ دەبێت لە فرمێسک، چونکە بەیانیان کە دەچووم بۆ سەر کار بە دەیان کەس لە موسڵمان و ئێزدی قۆڵیان دەگرتم و دەیانگوت وەرە چایەیەک بە یەکەوە بخۆینەوە، گاڵتە و قسەی خۆشمان دەکرد".

کاتێک داعش هێرشی کردە سەر شنگال، ساڵح لەگەڵ هەزاران کوردی دیکەی ئەو شارە لە ترسی کوشتوبڕی داعش شارۆچکەکەی جێهێشت.

ساڵح دەڵێت "بە دەیان شوقە و خانوو و ئۆتۆمبێلی گەورە و بچووکمان لە شنگال جێهێشت، تەنیا توانیمان گیانی خۆمان ڕزگار بکەین. کە هاتینە دهۆک دوای چەند ڕۆژێک، هەوڵم دا کارێک بکەم کە بتوانم منداڵەکانم بەخێو بکەم، پاشان بە هاوکاری چەند برادەرێک توانیم تاکسییەک بکڕم، ئێستاش ڕۆژانە کاردەکەم لەبەیانییەوە هەتا ئێوارە، 30 هەتا 60 هەزار دینارێک پەیدا دەکەم".

ساڵح بەسەرهاتێکی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "چونکە لە شنگال فێربووبووم هەر هاوکاری خەڵک بکەم، لێرەش زۆرجار کرێی تاکسی لە ئاوارەکان وەرناگرم، ڕۆژێک لەنێو شاری دهۆک ژنێک و دوو منداڵی ئاوارەی شنگال دەستیان لێڕاگرتم و منیش هەڵمگرتن بۆ کەمپی خانکێ، لە ڕێگا باسی خۆیان کرد و دەیانگوت ڕەوشمان زۆر خراپە، دڵم پێیان سووتا، ئەو ڕۆژە 20 هەزار دینارم ئیش کردبوو، پارەکەم دا بە خێزانەکە و کرێی تاکسیشم لێوەرنەگرتن".

ساڵح بەو تاکسیە خێزانێکی 50 کەسی بەخێودەکات و دەڵێت "ئێمە خێزانێکین نزیکەی 50 کەس دەبین، تەنیا من کار دەکەم، هەموویان بەم تاکسییە بەخێودەکەم، هەرچەندە خەڵکی دهۆک زۆر هاوکاریی ئێمەی کردووە، بەڵام داوا لە هەموو ئاوارەیەک دەکەم، هەر کەسێک بتوانێت ئیشێک بکات با ئیش بکات و دەست لەبەر خەڵک پان نەکاتەوە و نەبێتە بارگرانی لەسەر حکومەت و خەڵکی کوردستان".

جگە لە چەند خانوو و شوقەیەک، هەموو سەرووەت سامانەکەی ساڵح و براکانی بە تاڵان براون و مایەپووچ بوون، بەڵام ساڵح هیواخوازە بە زووترین کات شنگال ئازاد ببێت و ئەوانیش بگەڕێنەوە و لە سفرەوە دەستپێبکەنەوە.

حاجی ساڵح موختاری گوندی قرعاج لە شنگال کە کەسایەتییەکی ناوچەکەیە، باسی بنەماڵەی ساڵحی کرد و گوتی "ساڵح و براکانی لە شنگال لە دەوڵەمەندی بەناوبانگ بوون، بەدەیان دووکانیان هەبوو، زۆر یارمەتی خەڵکیان دەدا، ئێستاش کە دەبینم ساڵح شوفێری تاکسییە، شانازی پێوە دەکەم".

## بارزانی: پێشمەرگە 3000 چەکداری داعشی کوشتووە

**رووداو- حەیات**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی حەیات، هەڵوێستی خۆی لەبارەی "حەشدی شەعبی" دەبڕی و گوتی "پێویستمان بە حەشدی شەعبی نییە و رێگە بە هیچ هێزێکیش نادەین بێتە ناو کەرکووک". لەبارەی گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ کەرکووک، بارزانی دەڵێ "پێویستە ئەوەی رووبدات تێی بگەین. چۆن دەگەڕێنەوە؟ بۆچی دەگەڕێنەوە؟ چی دەکەن؟ پێشمەرگە لەکوێ دەبێت و سوپا لەکوێ دەبێت؟ بەیەکەوە لەکوێ دەبن؟ بارودۆخەکە پێویستە روون بێت و لێکتێگەیشتن هەبێت". بارزانی هەروەها ئاشکرای کرد کە "پێشمەرگە زیاتر لە 3 هەزار چەکداری داعشی کوشتووە".



رووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

## دەڵێت لە ترسی میلیشیا شیعەکان پەنایان بۆ لای ئێمە هێناوە

### سەرۆک عەشیرەتێکی کورد:

# چەند خزمێکی سەددام و ئەحمەد حەسەن بەکر لە کوردستانن

**عومەر شایان**
**رووداو- هەولێر**

هاتنی بە لێشاوی ئاوارەی عەرەب لە نێوەڕاست و باشووری عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای هاتنی داعش، هەندێک لە خزمەکانی سەددام حوسێن، دیکتاتۆری پێشووی عێراقیشی لەگەڵ خۆی هێناوە بۆ کوردستان. سەرۆکی عەشیرەتی هەنارەیی لە کۆمەڵگەی مەلائۆمەر کە شوێنی حەوانەوەی بۆ هەندێک لە خزمەکانی سەددام دابینکردووە، دەڵێت "ئەوانە لە ترسی ئێران و میلیشیا شیعەکان پەنایان بۆ لای ئێمە هێناوە".

بەهرامی شێمەی هاروون، سەرۆکی عەشیرەتی هەنارەیی لە کۆمەڵگەی مەلا ئۆمەری باکووری هەولێر، ئەوەی پشتراستکردەوە کە هەندێک لە خزمانی سەددام هاتوونەتە کوردستان و چەند کەسێکیشیان پەنایان بۆ ئەو هێناوە.

بەهرام بە (رووداو)ی گوت "ئەوانە لە عەشیرەتی بێجاتن کە دەکاتە عەشیرەتی سەددام حوسێن و بنەماڵەی ئەحمەد حەسەن بەکر".

### بۆچی هاتوونەتە کوردستان؟

دوای رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن لە عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە لەساڵی 2003دا ، هاوژین و کچەکانی سەددام حوسێن ، لەلایەن ئوردن و قەتەرەوە پەنادران و تائێستاش لەوێ دەژین .

هەروەها هەندێک لە خزمە نزیکەکانی سەددام کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە داواکراونەبوون، پەرتەوازەبوون، بەشێکیان روویان لە سووریا کرد و بەشێکیشیان چوونە ئوردن، بەڵام هەندێکیشیان هەر لە عێراق مانەوە.

دوای هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ، ئەوانەی لە عێراق مابوونەوە زێدی خۆیان لە تکریت بەجێهێشت و بەشێکیان روویان لە هەولێر کردووە. سەرۆکی عەشیرەتی هەنارەیی هۆکاری نیشتەجێبوونی کەسوکاری سەدامی لە هەولێر روونکردەوە و گوتی "ئەوانە خەڵکی تکریتن کە هەم داعش، هەم نووری مالیکی و هەمیش میلیشیا شیعەکان و ئێران هەڕەشەیان لێدەکەن، بۆیە لە ترسی ئەوان هاتوونەتە هەولێر".

### پەیوەندییان لەگەڵ کورد هەیە

هەر عەرەبێک لە کوردستان نیشتەجێ ببێت، پێویستە هاووڵاتییەکی کوردی هەرێمی کوردستان کەفالەتی بکات. سەبارەت بە کەفالەتکردنی کەسوکارەکەی سەددام حوسێن، بەهرامی شێمەی هاروون گوتی "ئەوانە لە عەشیرەتێکی بەنێوبانگن و هەموو کەس دەیانناسێت، ئەوان لە عەشیرەتەکەی خۆیان لە خێڵی ئەلبوناسرن و لەگەڵ کوردیش پەیوەندییان هەیە. خەڵکێکی زۆر کەفالەتی کردوون و ئێمەش هەروەها کەفالەتمان بۆ هەندێکیان کردووە".

### "وەک سەددام و براکانی نین"

سەدام حوسێن عەبدولمەجید تکریتی، ماوەی 34 ساڵ حکومی عێراقی کرد، لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا چەندین تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدا ، لەوانەش ئەنفالکردنی بارزانییەکان ، کوردانی فەیلی، 182 هەزار کوردیش لەکاتی هەڵمەتەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و تێکدانی 4500 گوندی کوردستان و کوشتنی هەزاران ئۆپۆزیسیۆنی رژێمەکەی کە زۆربەیان شیعە بوون، هەروەها بۆ ماوەی 8 ساڵ شەڕی ئێرانی کرد و لە ساڵی 1990یش پەلاماری کوێتی دا، جگە لەوەش لە ساڵی 1991 راپەڕینی گەلی کورد و شیعەی باشووری سەرکوتکرد.

لە دوای رووخانی رژێمەکەی، سەددام حوسێن و دوو لە براکانی لەگەڵ عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکران و پاشان رادەستی دادگا کران. دوای دادگایی، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێکرا .

بەهرامی شێمەی هاروون رەتیکردەوە ئەو خزمانەی سەددام کە پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، وەک سەددام و براکانی و عەلی کیمیایی ئامۆزای دەستیان لە کوشتنی هاووڵاتیانی عێراقدا هەبووبێت.

ناوبراو گوتی "ئەوانەی پەنایان بۆ ئێمە هێناوە، دەستیان لە هیچ تاوانێکدا نەبووە، ئەگەر وابووایە نەیاندەهێشت بێنە کوردستان. ئەوانە لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکردا پلە و پایەیان هەبووە، لەسەردەمی سەددام حوسێن هەندێکیان لە پۆستەکانیان لادراون، بەڵام لەسەردەمی سەدامیش کەسیان هەبووە کە پۆستی پارێزگاری هەبووە". دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەو کەسانە ژن و منداڵیان بە تەنیا ناردووە و پیاوەکانیان نەهاتوون، بەڵام سەرۆکی عەشیرەتی هەنارەیی ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە و گوتی "ئەوەی کە من بیانناسم، هەموویان بە بنەماڵەوە لێرەن و بەوشێوەیە نییە کە خۆیان لێرە نەبن و ژن و منداڵیان لێرەبن، بەڵکو هەموویان لێرەن، یەک ملیۆن عەرەب هاتووە خۆ من هەموویان ناناسم، ئەوانە هەموویان پەیوەندییان لەگەڵ کوردستان هەبووە و هەموویان کەفالەت کراون".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردە خانووێکی خۆیشی داوەتە ماڵە خزمێکی سەددام، بەڵام ئەو گوتی "من تەنیا خانووم داوەتە یەکێکیان کە پێشتر ئەفسەربووە لە سوپای عێراق، بەڵام خانەنشین کراوە، ئەو ئەفسەرە برادەری باوکم بووە، بەڵام ئەوانیدیکە هەموویان برادەر و دۆستیان هەیە و خانوویان بە کرێگرتووە".

بە گوتەی بەهرامی شێمەی هاروون، ئەو کەسانە "هەندێکیان پێش شەڕی داعش هاتوون و هەندێکی دیکەشیان لە ترسی داعش هەڵاتوون". سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی کەسوکارەکەی سەدام لە هەرێمی کوردستان، بەهرام دەڵێت "ئەوانە خۆ تەنیا لە مەلا ئۆمەر نین، بەڵکو لە شەقڵاوە، هەولێر و سلێمانی و لە هەموو کوردستان بڵاوبوونەتەوە".

### ئایا قاسم ئاغا دەگەڕێتەوە؟

قاسم ئاغا کە موستەشارێکی سەردەمی رژێمی بەعس بوو لەناوچەی کۆیە، تۆمەتبارکراوە بە کوشتنی دەیان پێشمەرگە و ئەنفالکردنی خەڵکی ناوچەکانی دەشتی کۆیە و تەقتەق، بەوهۆیەشەوە لەلایەن دادگاوە داواکراوە. ناوبراو لە کۆتایی ساڵی 2010 لە سووریاوە گەڕایەوە کوردستان و لە کۆمەڵگەی مەلا ئۆمەر نیشتەجێبوو، بەڵام دواتر لە ژێر گوشاری ئەوانەی دەیانگوت رۆڵەکانیان لەلایەن ئەو مستەشارەوە کوژراون، ئیدارەی پارێزگای هەولێر قاسم ئاغای ئاگادارکردەوە کە هەولێر بەجێبێڵێت.

بەهرامی شێمەی هاروون لەبارەی رۆیشتنی قاسم ئاغا لە مەلائۆمەر گوتی "لێیان کردە هەرا و لێنەگەڕان دابنیشێت، قاسم ئاغا چی کردبوو؟ هیچی نەکردبوو، وەک ئەو هەموو خەڵکە هاتبوو دابنیشێت، هەموو رۆژێک سکاڵایان لێ بەرزدەکردەوە و لێنەگەڕان دانیشێ".

لەبارەی ئەوەی کە ئایا قاسم ئاغا بە نیاز نییە بگەڕێتەوە کوردستان؟ سەرۆکی عەشیرەتی هەنارەیی دەڵێت "ئێستاش ئەگەر رەزامەندی لەسەر دەرنەبڕن چۆن دێتەوە؟، جا بێتەوە و هەموو رۆژێک لەسەری بکەنە تەقە چۆن دەبێت؟".



### مەکتەبی رێکخستنی پارتی:

# 500 کورد لە ریزی داعشدان

### راگری پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکان لە دهۆک:

## مامۆستاکانی ناوەندە ئەکادیمییە ئیسلامییەکان هۆکاری چوونی خەڵکن بۆ نێو داعش



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان ، نوێترین زانیاری لەبارەی ئەو کەسانەی لە باشووری کوردستانەوە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، بۆ (رووداو) ئاشکرادەکات و دەڵێت "ژمارەیان 500 کەس دەبێت".

یەکێک لە بەرپرسانی ناوەندێکی ئەکادیمی ئیسلامیش لە دهۆک دەڵێت "هەندێک لە مامۆستایانی ئایینی لەو ناوەندانە یەکێکن لە هۆکارەکانی رۆیشتنی ئەو کەسانە بۆ نێو داعش".

دوای هێرشی ئەم دواییەی چەکدارانی داعش بۆ سەر میحوەرەکانی پێشمەرگە لە سنووری شاری کەرکووک، جارێکی دیکە چەکدارانی کوردی نێو داعش بوونەوە رۆژەڤی میدیای کوردی، چونکە ژمارەیەک لەوانەی بەشدارییان لەو شەڕەدا کرد، چەکداری کورد بوون. دواتریش دەرکەوت ژمارەیەک لەوانە بە دەستی پێشمەرگە کوژراون کە دوو لەوانە خەڵکی شاری دهۆک بوون ، یەکێکیان خەڵکی سلێمانی و یەکێکیشیان خەڵکی هەولێربوو. هەروەها گەنجێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو کوژراوەکاندا بوو.

لەنێو کوژراوانی کوردی داعشدا قوتابییەکی زانکۆی دهۆک هەبوو بەناوی (عومەر عەبدولجەبار) کە خەڵکی قەزای بەردەڕەش بوو. هەفتەی رابردوو ئاسایشی ناوچەکە کەسوکاری ئەو قوتابییە و قوتابییەکی دیکە، کە ئێستا لە ریزەکانی داعشدایە، دەرکرد.

هەر لە سنووری پارێزگای دهۆک گەنجێکی دیکەی ناوچەی ئامێدی لە ریزەکانی داعشدا کوژرا و کەسوکارەکەی لە ناحیەی دێرەلووک پرسەیان بۆ دانا . خێزانی ئەو گەنجە کوردە لە هەشتاکانەوە چوونەتە مووسڵ، دوای گرتنی موسڵ لە مانگی حوزەیراندا لەلایەن داعشەوە روویان لە ناحیەی دیرەلووک کردبوو، بەڵام ئەو گەنجە لەگەڵیان نەهات و بڕیاریدا لە مووسڵ بمێنێتەوە.

کەسوکاری ئەو گەنجە رایانگەیاند کە کوڕەکەیان لەلایەن داعشەوە کوژراوە، بەم پاساوە پرسەیان دانا، بەڵام دواتر لەلایەن ئاسایشەوە ئاگادارکرانەوە کە پرسەکە هەڵگرن.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لەو ناوچەیە بە (رووداو)ی راگەیاند "زانیاریمان پێگەیشت کە ئەو گەنجە نەک لەلایەن داعشەوە نەکوژراوە، بەڵکو چەکداری داعش بووە و لە ریزەکانی ئەواندا کوژراوە".

### "ئێستا ژمارەی گەنجانی کورد لەنێو داعشدا زیاتر بووە"

بەرپرسێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ژمارەی چەکدارانی کوردی داعش ، زانیاری گرنگ ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لە سەرەتای شەڕی کورد لەگەڵ داعش ژمارەی گەنجانی کورد لە ریزەکانی ئەواندا زۆر کەمبوو، بەڵام ئێستا ژمارەیان زیادبووە".

جەعفەر ئیبراهیم، بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی نوێترین بەدواداچوون، ژمارەی ئەو کوردانەی لە باشووری کوردستانەوە پەیوەندییان بەداعشەوە کردووە گەیشتووەتە 500 کەس ، کە هەندێکیان بە شانازییەوە خۆیان لەنێو داعشدا دەردەخەن، ئەمەش شتێکی ترسناکە".

جەعفەر ئیبراهیم کە لە هەمانکاتدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیشە ، گوتی "بە داخەوە زۆربەی ئەو گەنجانەی لە ریزەکانی داعشدان، خەڵکی ناوچەی هەڵەبجەن، ئەمە جێی ئەسەفە، چونکە هەڵەبجە شارێکی قوربانیدەرە و هەموو کوردێک لە سەرانسەری جیهان شانازی بەو شارە و خەڵکی سەربڵندی ئەو شارەوە دەکەن".

دوای ئەوەی داعش لە مانگی حوزەیرانی 2014 دا شاری مووسڵی گرت ، لەسەرەتای مانگی ئابی رابردوودا بە پەلاماردانی ناوچەکانی شنگال و زوومار شەڕیان لەدژی هەرێمی کوردستان راگەیاند.

بەپێی نوێترین ئاماری وەزارەتی پێشمەرگە، تائێستا 999 پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا شەهیدبوونە و نزیکەی 5000 پێشمەرگەش برینداربوونە.

رۆژ بەرۆژ رقی هاووڵاتیانی کوردستان بەرامبەر داعش زۆرتر دەبێت، بە تایبەتیش دوای سەربڕینی پێشمەرگەیەک بەناوی (هوجام سورچی) لەلایەن چەکدارێکی کوردی داعش کە ناوی مۆفەق زێبارییە. ئەو چەکدارە بەرلەوەی هوجام سەرببڕێت بە زمانی کوردی هەڕەشەی لە باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

ئێستا چەکدارانی کوردی داعش زۆرتر لە جاران خۆیان دەردەخەن، بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تویتەر و فەیسبووک. تەنانەت ئێستا وێنەی کوژراوەکانیشیان بڵاودەکەنەوە.

### "بەشێکیان پەشیمانن، بەڵام نازانن چۆن بگەڕێنەوە"

لە کوردستاندا چەند ناوەندێکی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان هەن، جگە لەو ناوەندە ئایینیانەی پێشتر لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە کرابوونەوە و دواتر حکومەت دایخستن. مامۆستای پەیمانگەیەکی ئیسلامی پێیوایە ئەو ناوەندانە هۆکارێکن بۆ هاندانی گەنجان تاوەکو پەیوەندی بە ریزەکانی داعشەوە بکەن.

د.موحسین دۆسکی، راگری پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکانی دهۆک رەخنە لە مامۆستایانی ئەو ناوەندانە دەگرێت و دەڵێ "پرۆگرامەکانی ئەو ناوەند و ئەکادیمییە ئیسلامییانە خراپ نین، بەڵام مامۆستاکانیان لە ئاستی پێویستدا نین، بەشێک لەو مامۆستایانە تەفسیری خراپ بۆ ئەو پرۆگرامانە دەکەن و دەبنە هۆکاری پەروەردەکردنی هەندێک کەسی توندڕەو لەو ناوەندانەدا، بە جۆرێک دەگاتە ئەو ئاستەی پەیوەندی بە رێکخراوێکی تیرۆرستی وەک داعشەوە بکەن".

ئەو مامۆستایە هەروەها دەڵێت "دەبێ خولی تایبەت بۆ مامۆستاکانی ئەو ناوەندانە و مەلاکان و وتارخوێنان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی مەنهەجی ئیسلام بە خراپی تەفسیر نەکەن".

د.موحسین بەدووری زانی ژمارەی گەنجانی کورد لەنێو ریزەکانی داعش هەڵبکشێت "چونکە بەشێک لەو کوردانەی ئێستا لە ریزەکانی داعشدان، زۆر پەشیمانن، بەڵام نازانن چۆن بگەڕێنەوە".

### "100 دیل بەرامبەر ژنێکی موسڵمان"

هەندێک لە وڵاتانی جیهان رێوشوێنیان بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتییەکانیان لەنێو ریزەکانی داعشدا راگەیاندوون ، بەڵام عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەیان نەکردووە.

ئەو مامۆستایە دەڵێت ئەو رەفتارانەی داعش هیچ پەیوەندییان بە ئایینی ئیسلامەوە نییە و نموونە بە دیلەکانی داعش دێنێتەوە و دەڵێت "ئوردن ئامادەبوو ژنێکی توندڕەو ئازاد بکات لەبەرامبەر فڕۆکەوانە ئوردنییەکە، بەڵام ئەوان زۆر بێبەزەییانە فڕۆکەوانە ئوردنییەکەیان کوشت و ژنەکەش بەهۆی ئەوانەوە لە سێدارەدرا، کەچی لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا سەرکردەکانی ئیسلام ئامادەبوون 100 دیل بەرامبەر ژنێکی موسڵمان ئازاد بکەن".

**ڕووداو- ڕانیە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان کارەبای بەردەوامی بۆ زۆربەی پرۆژە و بیرە ئاوەکانی دەڤەری ڕاپەڕین دابینکردووە، بەڵام فەرمانگەی ئاوی ڕاپەڕین بۆ مۆلیدەی کارەبای بیرەکان گازیش لە وێستگەی سووتەمەنی ڕانیە وەردەگرێت. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو، مانگانە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین زیاتر لە 30 هەزار لیتر گاز وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئەو بیرانەی کە کارەبای بەردەوامیشیان نەبێت وەک هاووڵاتیان کارەبایان هەیە. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕاپەڕین لەڕێگای 150 پرۆژە و 226 بیر، ئاو بۆ هاووڵاتیانی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین دابین دەکات.



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

## بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ

# لێکۆڵینەوە لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر دەکرێ



**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای بەدواداچوون دەکات بۆ کارەکانی لیژنەکانی بەدواداچوونی سەر بە پارێزگای هەولێر بە گومانی ئەوەی کە سەرۆک و سکرتێری لیژنەکە "بە نایاسایی" پارەیان لە سەرپێچیکاران وەرگرتووە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 1352 لە ڕێکەوتی 2014/11/17 چەند زانیارییەکی بۆ پارێزگاری هەولێر ناردووە لەسەر لیژنەکانی بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر بۆ ئەوەی بەدواداچوونی لەسەر بکەن.

### زانیارییەکان چین؟

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەگەڵ نووسراوەکەی وەزیری ناوخۆ هاوپێچ کراون، هێرش حوسێن و سکرتێرەکەی نەوزاد ساڵح بە "نایاسایی" پارەیان لە سەرپێچیکارەکان وەرگرتووە.

لە نووسراوەکەدا هاتووە "لیژنەکانی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر، کاتێک سەردانی چێشتخانە و مارکێتەکانی شاری هەولێر دەکەن، بە نایاسایی پارە لە خاوەنی ئەو دووکان و چێشتخانانە وەردەگرن کە سەرپێچی تەندروستی و ژینگەیی و هاتوچۆیان کردووە".

لە نووسراوەکەدا نموونە بۆ جۆری ئەو کارە نایاساییە هێنراوەتەوە "لە مانگی 4ی 2014 لیژنەکانی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر چوار چێشتخانەی میللییان لە گەڕەکی تەیراوە داخستووە کە سامی و لوقمان عەبدوڵڵا خاوەنی دوو لەو چێشتخانانەن، دواتر خاوەن چێشتخانەکان چوونەتە لای کەسێک بەناوی نەوزاد کە فەرمانبەری قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێرە و سکرتێری جێگری قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێرە. نەوزاد بە خاوەنی چێشتخانەکانی گوتووە ئەگەر پارەی سەرپێچییەکانتان بە پسوولە و بەشێوەیەکی فەرمی لێوەربگیرێت، دەبێت هەر یەک 4 ملیۆن دینار بدەن، بەڵام ئەگەر پارەکە بەبێ پسوولە بدەن، ئەوا بڕی یەک ملیۆن دینار لە هەر یەکێکیان وەردەگیرێت، دواتر خاوەن چێشتخانەکان هەر یەکە بڕی ملیۆنێک دیناریان بەبێ پسوولە بە نەوزاد داوە".

هەر لە نووسراوەکەدا هاتووە "ئەم کارە بەرامبەر چەندین چێشتخانەی دیکە دووبارە بووەتەوە و ئامادەن شایەتی لەسەر نەوزاد و هێرش بدەن".

ئەو لایەنەی ئەو زانیاریانەی داوەتە وەزارەتی ناوخۆ، ڕای خۆی لەسەر ئەو بابەتە بە دوو خاڵ نووسیوە و دەڵێت:

"1 - هێرش جێگری قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر لە پشت ئەنجامدانی گەندەڵی وەرگرتنی پارەیە لە هاووڵاتیان بە شێوەیەکی نایاسایی.

2 - وەرگرتنی پارە لەلایەن نەوزاد نایاساییە، چونکە بەپێی یاسا نابێت لە فەرمانگەکانی حکومەت هیچ بڕە پارەیەک بەبێ پسوولە لە هاووڵاتیان وەربگیرێت".

### "پۆستێک نییە بە ناوی جێگری قایمقام"

هەر بەپێی ئەو دۆکۆمێنتانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وەزیری ناوخۆ داوای ڕوونکردنەوە لە بارەی پۆستی جێگری قایمقام دەکات.

لە یەکێک لەو دۆکیۆمێنتانەدا وەزیری ناوخۆ دەڵێت "لە هیچ یاسایەکی عێراق و کوردستاندا، ناونیشانی وەزیفی نییە بە ناوی (جێگری قایمقام)، بفەرموون بە پێدانی ڕوونکردەوە لەم بابەتە".

هێرش حوسێن کە زۆرجار بە جێگری قایقامی هەولێر ناوی دەهێنرێ، لەو بارەیەوە گوتی "من جێگری قایمقام نیم، بەڵکو سەرۆکی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی پارێزگای هەولێرم، هەر کاتێک قایمقام سەفەر بکات، من لە شوێنی ئەوم".

هەر لە نووسراوەکەی وەزیری ناوخۆدا هاتووە "تێبینی کراوە لە کاتی پێدان یان نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوێنە گشتییەکان وەک (چێشتخانە، سەرتاشخانە و فرن و..هتد) بڕێک پارە وەردەگیرێت بەبێ پسوولە، بفەرمبوون بە پێدانی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە".

### پارێزگار دەسەڵاتەکانی جێگری قایمقام زیاد دەکات

لە کاتێکدا داوا دەکرێت بەدواداچوون بۆ هەندێک زانیاری بکرێت لەبارەی لیژنەکانی قایمقامیەت کە هێرش حوسێن سەرۆکایەتیان دەکات. پارێزگاری هەولێر دەسەڵاتی زۆرتر دەداتە سەرۆکی لیژنەکە.

بەپێی ئەو دۆکۆمێنتەی لەلای (ڕووداو) ە، پارێزگاری هەولێر بە نووسراوی ژمارە 6546 لە 2014/11/18 واتە ڕۆژێک دوای نووسراوەکەی وەزیری ناوخۆ، دەسەڵاتەکانی هێرش حوسێنی زیادکردووە، لەبەرئەوەی "لیژنەکانی بەدواداچوون لە قەزا و ناحیەکان زۆر لاوازن و چالاک نین".

بەپێی ئەو نووسراوەی پارێزگار، لەمەودوا لیژنەی باڵای پارێزگای هەولێر بەدواداچوون دەکات بۆ کێشەکانی سەرجەم بوارەکانی ژیان (شارەوانی، کارەبا، تەندروستی، کشتوکاڵ، ڕێکخستنی بازاڕەکان و کێشەکانی هاتوچۆ) لە سەرجەم قەزا و ناحیەکان.

هەر بەپێی ئەو نووسراوە، هێرش حوسێن، جێگری قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر دەکرێتە سەرۆکی لیژنەی باڵای پارێزگای هەولێر بۆ بە دواداچوون. هەروەها نەوزاد ساڵح، دەبێتە سکرتێری ئەو لیژنەیە.

### "بەبێ وەسڵ پارەیان لێوەرگرتم"

هاشم محەممەد عەبدوڵڵا کە پێشتر چێشتخانەکەی لەلایەن لیژنەکەی قایمقامیەت داخراوە، لەسەر ئەوەی شەوایەی ماسی برژاندنی لە دەرەوە داناوە، دەڵێت بەبێ ئەوەی هیچ وەسڵێکی بۆ بکرێت پارەی لێوەرگیراوە و دواتریش پارەکەی بەبێ وەسڵ پێدراوەتەوە.

هاشم دەڵێت "چێشتخانەکەیان پێداخستم و گوتیان دەبێت سەردانی قایمقامیەت بکەی، چوومە قایمقامیەت منیان ناردە لای کەسێک بەناوی نەوزاد کە پێدەچوو دەستە ڕاستی کاک هێرش بێت، ئەویش نووسراوێکی بۆ کردم و گوتی بیبە بۆ لای کاک هێرش، منیش نووسراوەکەم بۆ برد و 2 ملیۆن دینار غەرامەی بۆ نووسیم، منیش چوومەوە لای نەوزاد، ئەو گوتی زوو غەرامەکەت بدە با کارەکەت بۆ بڕوێنین و چێشتخانەکەت بکەیتەوە، تەنیا 900 هەزار دینارم پێبوو، پارەکەی لێوەرگرتم بەبێ ئەوەی هیچ وەسڵێکم بۆ بکەن".

گوتیشی "من پێمگوتن دەتاندەمە دادگا، چونکە بەرلەوەی من ئەو دووکانە بکڕم مۆڵەتیان داوە بە دانانی ئەو شەوایە، جگە لەوەش لە تەلەفزیۆن وێنەی چێشتخانەکەیان بڵاوکردەوە و سومعەی چێشتخانەکەم چوو، بەڵام ئەو پێکەنی و گوتی تۆ دەیدۆڕێنی و هیچت بۆ نامێنێتەوە، پارەکەش وەربگریتەوە دەبێ بیدەیت بە پارێزەر".

هاشم بە نەوزاد دەڵێت "گرنگ لای من ئەوەیە ڕاستییەکانی ژێر ئاو بێنە سەر ئاو، ئەویش گوتی ئەوە غەرامەکەت لە 2 ملیۆن دینار بۆ دەکەمە ملیۆنێک دینار، بەڵام من گوتم هەر دەتاندەمە دادگا، ئەویش گوتی هەوڵ دەدەم بۆت بکەم بە 500 هەزار دینار، بەڵام چاوەڕێ بکە تاوەکو تەلەفۆنت بۆ دەکەین".

هاشم ماوەی 3 مانگ چاوەڕێی تەلەفۆن دەکات، بەڵام تەلەفۆنی بۆ ناکەن، بۆیە جارێکی دیکە دەچێتەوە قایقامیەت "کە چووم کاک نەوزاد دەستیکرد بە پاساو هێنانەوە، پاشان دەستی برد بۆ گیرفانی و 400 هەزار دیناری پێدامەوە، بەڵام من هەر سوور بووم بیاندەم بە دادگا، جارێکی دیکە چوومەوە لای، ئەمجارەش 500 هەزار دیناری لە گیرفانی دەرهێنا و پێیدامەوە، بەبێ ئەوەی هیچ وەسڵێکم بۆ بکەن، جا لەوەش سەیرتر من دینارم پێدابوو، ئەو بە دۆلار پارەکەی پێدامەوە".

هەروەها دەڵێت "من ئەگەر لە مافی خۆم خۆش بوومایە، پارەکەم دەخورا، بەبێ ئەوەی بچێتە خەزێنەی حکومەتەوە، چونکە هیچ وەسڵێک نەدرا بە من".

ئەو هاووڵاتییە دەڵێت لەو ماوەیەی چێشتخانەکەی داخراوە زیاتر لە 9 ملیۆن دینار زیانی پێکەیشتووە. جگە لەوەش بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی چێشتخانەکەی لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس، سومعەی خواردنگەکەی چووە و ئێستا خەڵک ڕووی تێناکەن "بۆیە ئێستا داوای قەرەبووی ئەو زیانانە دەکەمەوە کە بەناوی یاساوە بەمن گەیەنراوە".

### هێشتا لێکۆڵینەوە بەردەوامە

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە پارێزگای هەولێر بۆ نووسراوەکەی وەزیری ناوخۆ پێکهاتووە و تاوەکو ئێستاش سکاڵای چەند هاووڵاتیەکیان وەرگرتووە.

سیروان فارس کە سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوەیە، پشتڕاستیکردەوە کە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە و بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەداین، بۆیە ناتوانین هەموو شتێک باس بکەین".

سیروان فارس کە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕیی پارێزگای هەولێریشە گوتی "چەند کەسێک هاتوون سکاڵایان لەسەر لیژنەی بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر هەبووە و ئیفادەیان لێوەرگیراوە".

سەبارەت بە بانگکردنی لیژنەی بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر بۆ لێکۆڵینەوە کە هێرش حوسێن سەرۆکی لیژنەیەکە، سیروان فارس گوتی "ئەوان هێشتا بانگ نەکراون بۆ لێکۆڵینەوە، دواتر لیژنەی لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات بانگ بکرێن یان نا".


### "هیچ پارەیەک بەبێ وەسڵ وەرنەگیراوە"

هێرش حوسێن، سەرۆکی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر بێ ئاگایی خۆی لەوە نیشاندا کە لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکهێنرابێ.

سەبارەت بە وەرگرتنی پارە لە سەرپێچیکاران بەبێ وەسڵیش گوتی "ئەو شتە ئەسڵ و ئەساسی نییە، هیچ پارەیەک بەبێ وەسڵ لە کەس وەرنەگیراوە". گوتیشی "ئەگەر شتێکی وا هەبێت، ئەوا لیژنەی لێکۆڵینەوە یەکلایی دەکاتەوە".

## دەوام دەکات و داواکاری گشتیی دهۆکیش دەڵێت:

# سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ نابێ دەوام بکات



**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای دەستگیرکردنی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، دادگای بەرایی ئاکرێ سەرۆکی شارەوانی ئەو شارۆچکەیەی بە کەفالەت ئازاد کردو، ئەویش چووەوە دەوامی خۆی، بەڵام داواکاری گشتی دهۆک دەڵێت تاوەکو دۆسیەکەی لە دادگا یەکلایی نەبێتەوە نابێت دەوام بکات.

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، بەهۆی تۆمارکردنی سکاڵایەک لەلایەن داواکاری گشتیی ئاکرێ، پۆلیسی ئەو شارۆچکەیە سەرۆکی شارەوانی دەستگیرکرد، دوای چوار ڕۆژ مانەوە لە زیندان، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو بە کەفالەت ئازاد کرا.

### چوکلێت دابەشکرا

ئەوکاتەی سەرۆکی شارەوانیی ئاکرێ ئازاد کرا، تیمی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەنێو باڵەخانەی شارەوانی بوون، دوای گەیشتنی هەواڵی ئازاکردنی سەرۆکی شارەوانی، ژنە کارمەندێکی شارەوانی لە خۆشی ئازادبوونی بەرپرسەکەی چوکلێتی بەسەر کارمەندانی شارەوانی دابەشکرد. کارمەندەکانی دیکەش لەنێو شارەوانی دەهاتن و دەچوون و چاوەڕێی هاتنەوەی سەرۆکی شارەوانییان دەکرد، دەرگای ژووری سەرۆکی شارەوانیش کلیل درابوو.

کارمەندێکی شارەوانی کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "لەم ناوچەیە لێناگەڕێن پیاوی باش ئیش بکات و هەمووی تەکەتولاتە و سەرۆک شارەوانییەکە عەیبی نییە".

بەڵام بەدووری چەند مەترێک لە باڵەخانەی شارەوانی، چەند گەنجێک گردبووبوونەوە و پشتگیری بڕیارەکەی دادگایان دەکرد. ئەیاز کە پارێزەرێکی شارۆچکەی ئاکرێیە و لە نێو خۆپیشاندەرەکان بوو، گوتی "ناکرێت پێشمەرگە لە سەنگەردا شەڕ بکات و حکومەت بۆ مووچە قەرز بکات، خەڵکانێکیش هەبن یەک ڕۆژ دەوام نەکەن و مووچەش وەربگرن".

گەنجێکی دیکە بەناوی سەفوەت هەرکی دەڵێت "ئەو کۆڵانەی کەسێکی نزیکی سەرۆک شارەوانی تێدابێت، بەزووترین کات قیرتاو دەکرێت و هەموو خزمەتگوزارییەکیشی بۆ دابین دەکرێت".

چالاکڤانێکی ئاکرێ پێیوایە وروژاندنی ئەم بابەتانە بۆ هەژموونی عەشایری دەگەڕێتەوە و دەڵێت "زۆر هەوڵ دەدرێت ئەوانەی سەر بە عەشیرەتی زێباری، هەرکی و سورچی نین لێرە کێشەیان بۆ دروستبکەن، پێیان خۆش نییە کەسێکی ئاکرەیی لێرە حوکم بکات".

سەبارەت بەو قسانەی لەسەر سەرۆکی شارەوانی دەکرێت، ئەو چالاکوانە دەڵێت "کاک کامەران پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی شارەوانی، بەڵێندەر بوو، کەسێکی دەوڵەمەند بوو، قەت پێویست ناکات بۆ چەند گرێبەستێکی وەهمی بۆ چەند کەسێک خۆی تووشی ئەو کێشانە بکات".

جەهوەر عەلی عەزیز، قایمقامی ئاکرێ سەبارەت بە دۆسیەی سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ گوتی "هەبوونی سکاڵا لەسەر بەڕێوەبەرەکان و چوونیان بۆ بەردەم دادگا ئەوە پێشان دەدات کە داوودەزگاکان ئەکتیڤن و دادگا ئیشی خۆی دەکات".

ئەوە یەکەمجار نییە داواکاری گشتی ئاکرێ ئەو دۆسیانە دەجوڵێنێ، ساڵێک لەمەوبەریش دۆسیەیەکی لە دژی ڕاگری کۆلیژی پەروەردەی ئاکرێ کردەوە و دواتر سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ لادرا.

قاسم حەسەن، سەرۆکی داواکاری گشتیی دهۆک بە (ڕووداو) ڕاگەیاند ئەوان لەسەر بنەمای هەندێک زانیاری سەرەتایی سەبارەت بە دروستکردنی هەندێک گرێبەستی وەهمی بۆ دامەزراندنی کارمەند ئەم دۆسیەیان بۆ سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ کردووەتەوە، چونکە ئەو کارمەندانە دەوامیان نەکردووە و مووچەشیان وەرگرتووە. گوتیشی "ڕەنگە هەندێک شتی دیکەشی لەسەر ئاشکرا ببێ".

سەبارەت بە ئازادکرنی بەکەفالەت، داواکاری گشتی دهۆک گوتی "ئەوە شتێکە بۆ تەقدیری دادوەر دەگەڕێتەوە".

بەڵام سەبارەت بەوەی کە ڕۆژی یەکشەممە، سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ دەوامی ئاسایی خۆی کردووە وەکو سەرۆکی شارەوانی، داواکاری گشتیی دهۆک دەڵێت "بەپێی یاسا بە هیچ شێوەیەک نابێت بەردەوامی بدات بە بەڕێوەبردنی پۆستەکەی تاوەکو ئەو کاتەی دۆسیەکەی لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە".

## خالید چاوشلی، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان:

# وردبینی لە گرێبەستەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەین



- وەزارەتی دارایی لە ژێر چاودێری ئێمەدایە کەچی بودجەمان لەلای ئەوانە
- دەتوانین مووچەخۆری بندیوار و دوو مووچەیی نەهێڵین

خالید هادی چاوشلی، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (رووداو) ئاماژە بە یەکخستنی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر و سلێمانی دەکات، ئەوەش ئاشکرا دەکات لەبەر بێ بودجەیی نەیانتوانیوە چاودێری گومرگی ئیبراهیم خەلیل بکەن. هەروەها دەڵێت دەستیان کردووە بە وردبینی لە گرێبەستەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بەو وەزارەتانەشی بەدەمیانەوە دەچن دەڵێت "سەرەڕای ئەوەی دوو وەزارەتی ئەمنین، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ بەدەمەوەچوونی زۆریان بۆ دیوانی چاودێری دارایی هەیە".

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی

### ناتوانین لە گرێبەستە کۆنەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکۆڵینەوە

**رووداو: لەو کاتەوەی بە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی دانراویت، چیتان بۆ یەکخستنی هەر دیوانی دارایی هەولێر و سلێمانی کردووە؟**

**خالید چاوشلی:** لە ماوەی هەشت مانگی رابردوودا کاری زۆرمان بۆ یەکخستنی دیوانی چاودێری دارایی کرد، ئێستا شتێک بە ناوی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر و سلێمانی نەماوە. جگە لەوەش لەم ماوەیە هەوڵماندا کلێشە و لۆگۆ و نمرەی ئۆتۆمبێل و شێوازی راپۆرت و رێنمایی و پەیڕەوی ناوخۆ و دابینکردنی دەرماڵەی فەرمانبەران هەموو بابەتەکان یەکبخەین. ئێستا فەرمانگەی وردبینی سلێمانی و هەولێر هەیە، لە پلانمان دایە لە پارێزگای دهۆک و هەڵەبجەش ئەو فەرمانگەیە بکەینەوە.

**رووداو: یاسای دیوانی چاودێری داریی ژمارە 2 ساڵی 2008 کەموکوڕی هەیە کە بەربەستان بۆ دروستبکات؟**

**خالید چاوشلی:** بە دڵنیاییەوە دەرچوونی ئەو یاسایە لەساڵی 2008دا لە بارودۆخ و ژینگەیەکی سیاسی جیاواز بووە، ئێستا پێویستی بە هەموارکردن هەیە، هەندێک ماددە و بڕگەی ئەو یاسایە بە روون و ئاشکرا باسی چاودێری هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی نەکردووە، ئەو سێ سەرۆکایەتییە لە ژێر چاودێری دیواندا نین، بەڵام لە یاسای فیدراڵی عێراق بە روونی ئاماژەی بەوەداوە کە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق لە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایین. هەروەها کۆمەڵێک کێشەی دیکەمان هەیە کە یاسا ئاماژەی پێکردووە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت.

**رووداو: وەکو چی؟**

**خالید چاوشلی:** تاوەکو ئێستا فەلسەفەی دیوانی چاودێری دارایی بۆ هەموو لایەک روون نەبووتەوە، بۆ نموونە لە ماددەی 5ی یاسای دیوانی چاودێری دارایی باسی کۆمەڵێک دەسەڵاتی سەرۆکی دیوان کراوە یاخود باسی تەمویلی دارایی دیوان کراوە، بەڵام ئەو بابەتە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە هەزم ناکرێت، ئەگەرچی ئەنجوومەنی وەزیران نووسراوی بۆ وەزارەتی دارایی کردووە بۆ پێدانی پارە، بەڵام کێشەکە لەوەیە کە هەندێک دەزگا و وەزارەت، ئێمە بە بەشێک لە حکومەت دەزانن، لە کاتێکدا ئێمە بەشێکین لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، دیوانی چاودێری دارایی سەر بە هیچ وەزارەتێک نییە. دیوانی چاودێری دارایی خۆی چاودێری وەزارەتی دارایی دەکات، نابێت بۆ میلاکات و بودجە پێویستی بە وەزارەتی دارایی بێت، چونکە ئێمە و وەزارەتی دارایی کیسەمان جیایە، ئەگەرچی لە یاسا ئێمە سەر بە وەزارەتی دارایی نین، بەڵام واقیع و نەبوونی بودجە وای کردووە ئێمە سەر بەوانین.

**رووداو: پەرلەمان داوای لە ئێوە کردووە پێداچوونەوە و وردبینی بە حیساباتیان بکەن؟**

**خالید چاوشلی:** لەساڵانی رابردوودا پەرلەمان داوای لە دیوانی چاودێری دارایی کردبوو، ئەمساڵیش سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داوای لە ئێمە کرد، وردبینی لە حیساباتیان بکرێت، ئێمەش عادەتەن وردبینی لەسەر ئەو ژمارانە دەکەین کە داخراون، بۆ نموونە لەساڵی 2014 حیساباتی ساڵی 2013 دەکەین، یاخود ئەو بابەتە هەنوکەیانەی دێنە پێش.

**رووداو: بەپێی یاسا دیوانی چاودێری دارایی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت چ دەزگایەک جیا بکاتەوە لە چاودێری کردن؟**

**خالید چاوشلی:** تاوەکو ئێستا جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی خۆی بەکارنەهێناوە بۆ هەڵاوێرکردنی هیچ دەزگا و شوێنێک.

**رووداو: لەو کاتەی بودجەی هەرێمی کوردستان بڕاوە ئێوە چاودێرییەکانتان توندکردووە؟**

**خالید چاوشلی:** ئێمە بەشێوەی نموونە چاودێری دەکەین، لە هیچ دەزگایەکی جیهانی نییە رێژەی 100% چاودێری بکرێت، بەڵکو بەرێژەی 40% تاوەکو 60% چاودێری دەکرێت، ئەمەش پێداویستی و بودجەی دەوێت، ئێمە ئەمساڵ فەرمانگەی وردبینیمان لە دهۆک نەکردەوە ویستمان چاودێری بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و گومرگی ئیبراهیم خەلیل و چەند شوێنێکی گرنگ بکەین، بەڵام تیمەکانی ئێمە لەبەر بێ بودجەیی نەیانتوانی دەربچن.

**رووداو: ئەی چاودێری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ناکەن؟**

**خالید چاوشلی:** دەستمان بە پرۆسەی چاودێریی کردووە، پێش چەند هەفتەیەک داوای چەند حیسابێکمان لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کرد، ئەوانیش ناردیان و چەند ژمێریارێکی ئێمەش لە وەزارەت سەرقاڵی وردبینین، جگە لەوە ئەوان چەند گرێبەستێکی نەوتیان بۆ رەوانە کردووین، لیژنەش بۆ وردبینی و هەڵسەنگاندنی ئەو گرێبەستانە دەستی بە کارەکانی کردووە. لە رووی دارایی و ئابووری و یاسایی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، بەڵام بڕواناکەم گرێبەستە کۆنەکانی دەرهێنانی نەوتی تێدا بێت. هەماهەنگی نێوان دیوانی چاودێری دارایی و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە چاو 7 مانگ پێش ئێستا زۆر باشترە، چاوەڕێی زیاتریش دەکەین.

**رووداو: لە گرێبەستە کۆنەکانیش دەکۆڵنەوە؟**

**خالید چاوشلی:** ئێمە ناتوانین لە گرێبەستە کۆنەکان بکۆڵینەوە، چونکە کادیری زۆرمان نییە بۆ پێداچوونەوە یەکە بەیەکەی ئەو گرێبەستانە، پاشان هەندێک گرێبەست بەهای کەمە و تەنیا لە کاتی سەردانی تیمەکانی ئێمە بۆ وەزارەت و شوێنەکان هەڵسەگاندن و وردبینی لێدەکرێت، پاشان هەر گرێبەستێک لە ملیارێک دینار زیاتر بێت داوامان کردووە بۆمان بنێرنە دیوان بۆ وردبینی و پێداچوونەوە.

**رووداو: کام وەزارەت بەدەمەوەچوونیان بۆ دیوانی چاودێری دارایی زۆرترە؟**

**خالید چاوشلی:** وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ بەدەمەوچوون و هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ ئێمە زۆرباشە، لە کاتێکدا ئەو وەزارەتانە ئەمنین، کەچی بە پێچەوانەوە زۆر هاوکاریمان دەکەن.

رووداو: دەگوترێ دیوانی چاودیری دارایی چالاک نییە، رای گشتی لە راپۆتەکانی ئێوە ئاگادار نین؟

خالید چاوشلی: مەرج نییە هەمووو راپۆرت و زانیاری و بەدواداچوونێکی دیوانی چاودێری بڵاوبکرێتەوە، هەندێک راپۆرت و بەدواداچوون هەیە راستەوخۆ دەدرێتەوە سەرووی خۆی. بۆ نموونە ئەگەر فەرمانبەرێک ئامادەی کردبێت، دەدرێتە بەڕێوەبەرەکەی. ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی بێت دەدرێتە وەزارەت. ئێمە راپۆرت بۆ پەرلەمان دەنێیرێن، یاخود لەسەر داواکاری لیژنەکانی پەرلەمان راپۆرتیان بۆ دەنێرین، بەڵام ئەوانەی پەیوەندیان بە رای گشتی و خەڵکەوە هەیە، ئێمە راستەوخۆ بۆ رای گشتی بڵاوی دەکەینەوە.

### وردبینی لە بودجە و خەرجی حیزبەکانیش دەکەین

### بەهۆی نەبوونی بودجە فەرمانگەی وردبینی دهۆکمان نەکردەوە

### لەبەر بێ بودجەیی نەمانتوانی وردبینی لە گومرگی ئیبراهیم خەلیلدا بکەین

### ئێمە بەشێک نین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی

### سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان لە ژێر چاودێری ئێمەدا نین

### وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ بەدەمەوچوونی زۆریان بۆ دیوانی چاودێری دارایی هەیە

### خەڵکێکی زۆر بە نایاسایی خانەنشینکراون

**رووداو: باشە ئێستا کێشەی دوو مووچەیی و مووچەخۆری بندیوار زۆر هەیە و هەموو لایەک دانی پێدادەنێن، ئێوە چۆن بەدواداچوون بۆ ئەم کێشەیە دەکەن؟**

**خالید چاوشلی:** دەتوانین چارەسەری ئەو کێشانە بکەین، ئەمەش بە پرۆسەیەک ئەویش بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ بۆ بەدواداچوون بۆ مووچەخۆرانی دەوڵەت، دەبێت ئەو بەڕێوەبەرایەتییە داتابەیسێک دروستبکات و ناوی سەرجەم فەرمانبەران بەپێی لیستی مووچە تۆمار بکات، بەڵام بە مەرجێک ناوی مووچەخۆرەکان بەپێی ناسنامەی باری شارستانی بێت. جگە لە ناوی فەرمانبەران، پێویستە ناوی خانەنشینی مەدەنی و سەربازی و فەرمانبەرانی گرێبەست تۆمار بکرێت، بەمشێوەیە رێگە لە مووچەی دووبارە دەگرین.

ئەم داتابەیسە هاوکارییەکی باشمان دەکات بۆ دۆزینەوەی مووچەخۆری بندیوار، چونکە دەردەکەوێت کە کێ مووچە وەردەگرێت، بەڵام شوێنی ئیشکردنی دیار نییە. لەم پرۆسەیەدا دەبێت جەخت لەسەر پەرەپێدان سیستەمی بانکی بکەینەوە، مامەڵەی راستەوخۆی نەقدی بە پارە نەهێڵین. ئەمەش بۆ بواری کۆمەڵایەتی و ئاسایش و ئابووری خزمەتێکی گەورەی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەوەش لە رێگای پێشخستنی سیستەمی بانکی و زیاترکردنی خزمەتگوزاری دەبێت.

**رووداو: ئێوە لە راپۆرتێکدا بۆ لیژنەی دەستپاکی ژمارەیەکی زۆری خانەنشینتان ئاشکرا کردبوو، بۆچی چاکسازی لەو ناوانە ناکرێت؟**

**خالید چاوشلی:** ئێمە لەسەر داوای لیژنەی پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکمان ئامادەکرد لەسەر خانەنشینەکانی هەرێمی کوردستان، لەوێ هیچ ژمارەیەک و ئامارێکمان باس نەکردووە، بەڵام بەهۆی بەدواداچوونمان بۆمان دەرکەوتووە هەندێک کەس هەیە خانەنشینکراون بە پلەی تایبەت، یاخود هەبووە وەزیرە نەبووە کەچی بە پلەی وەزیر خانەنشینکراوە، هەموو ئەو بڕیارانەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی نەکراوە، بەڵکو لەلایەن کەسانی سەرووی خۆیانەوە کراوە. بەڕێوەبەرێک ناتوانێ بڕیارێکی سەرووی خۆی پێشێل بکات، بۆیە هەموو ئەو خانەنشینانە لەلایەن کەسانی باڵا کراوە، بۆیە داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە، بەپێی پرۆژە بڕیارێک چ ئێمە چ وەزارەتی دارایی یان بە یەکەوە هەماهەنگی بکەین بۆ دەرهێنانی ناوی ئەو کەسانەی کە شایستەن، لەگەڵ ئەوانەی کە بە نایاسایی و بە ناحەق خانەنشینکراون.

داوامان لە پەرلەمان کردووە یەک بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی دەست بە چاکسازی بکەین و ئەو ناوانە دەربهێنن، هەر یەکەیان بە پلە و مووچەی خۆی خانەنشین بکرێت. من لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ناو و دروستکردنی فەوزای سیاسیی نیم، بە تایبەتی بارودۆخی هەرێمی کوردستان ناسک و هەستیارە. ژمارەیەکی دیارکراو نییە کە چەند کەس بە ناسایی خانەنشین کراوە، بەس ئاگادارین خەڵکێکی زۆر بە نایاسایی خانەنشینکراون.

**رووداو: دیوانی چاودێری دارایی بەپێی یاساکەی خۆی مافی وردبینی و چاودێری بەسەر بودجەی حیزبەکان و چۆنیەتی خەرجکردنی هەیە، ئێوە دەستان بەو کارە کردووە؟**

**خالید چاوشلی:** بە دڵنیاییەوە شتێکی زۆر شارستانییە هەر حیزب و لایەنێک پارە لە حکومەت وەردەگرێت، پێویستە ئەو پارەیە بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، دیارە حیزبەکانیش بەپێی یاسا سوومەند دەبن لە بودجەی گشتی، ئێمەش بەپێی یاسا وردبینی و چاودێری بودجەی حیزبەکان دەکەین لە رووی خەرجکردن بەپێی رێنماییە ژمارەییەکان. ئێمەش چاوەڕێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و لیستی سوومەندبوونی حیزبەکان دەکەین بۆ ئەوەی دەست بەکارەکانمان بکەین.

### زاڵ نەبوونی هیچ حیزبێک لە پەرلەمان لە بەرژەوەندی ئێمە دایە

### یاسای دیوانی چاودێری دارایی پێویستی بە هەموارکردنە

**رووداو: هەست ناکەی ئەو بەرپرسیارییەتەی تۆ وەرتگرت زۆر قورسە بەتایبەتی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی؟**

**خالید چاوشلی:** ئێمە نەمانگوتووە عەسای سیحریمان پێیە، بەڵام ئەمە پرۆسەیە پەیوەندی بە یاسا و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، ئەگەر سەیر بکەین ژینگەی چاودێری ئێستا زۆرباش و پێشکەوتووترە لەساڵانی پێشوو. بوونی فرە حیزبی و زاڵ نەبوونی هیچ حیزبێک لە پەرلەمان لە بەرژەوەندی ئێمەیە و هێزێکی زیاترمان دەداتێ، بەڵام نەبوونی بودجە کاریگەری خراپی لەسەر ئیشوکارەکانمان دەبێت. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەرچوونی یاسای زیاتر وەکو دەستکەوتنی زانیاری و شەفافیەت و بەرەو پێشوەچوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە خزمەتی کارەکانی ئێمەیە، راستە بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە، بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کات و زەمینەسازییە.


زۆر بابەت هەبوو کە پێشتر کەس نەیدەوێرا باسی بکات، ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. هەندێک بەرپرس هەبوو هەندێک کار و سەرپێچی دەکرد ئێستا ناوێرێ بیکات، بۆیە ئەم پرۆسەیە کات و کادیری و پێداویستی دەوێت.

**رووداو: باشە تۆ مامۆستای زانکۆ بووی پێشتر شارەزای هەڵسەنگاندنی دارایی و ئیداریت هەبووە، کێشەی کوردستان چییە؟**

**خالید چاوشلی:** بەرای من گەورەترین کێشەی هەرێمی کوردستان بوونی پەیکەرێکی ئیداری گەورە و بوونی فەرمانبەرێکی زۆرە کە بارگرانییەکی زۆری لەسەر دارایی دروستکردووە، جگە لەوەی خەرجی و رۆتین و گەندەڵی زۆری رەخساندووە، بچووککردنەوەی پەیکەری ئیداری، پێویستی بە گۆڕینی عەقڵ و پلانی ئابووری هەیە. دروستبوونی چەندین داوودەزگای دەوڵەت و وەزارەت، کارەکانی ئێمەی قورستر کردووە.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

## وەکیلی میری ئێزدیان تووڕەبوو



ڕووداو- دهۆک

وەکیلی میری ئێزدیان بەهۆی دەستنیشاننەکردنی شوێنێک لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ ئایندەی ئێزدی و مەسیحییەکانی عێراق کە لە شاری هەولێر بەسترا کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت. حازم تەحسین بەگ، وەکیلی میری ئێزدیان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆنگرەکە لەسەر ئاینی ئێزدی و مەسیحییە، کە چووین بینیمان زور بێسەروبەرە بوو، کەس پێمانی نەگوت شوێنەکەمان کوێیە، بۆیە ئێمەش گوتمان مادام کۆنگرەکە وایە، هەر بەشدار نەبین باشترە". ڕۆژی 2015/2/8 کۆنگرەی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەژادیی، ئایندەی ئێزدی و مەسیحییەکان لە عێراقدا) لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا بە بەشداری 32 دەوڵەت بەڕێوەچوو.

### بۆ ناردنی چەک و پێداویستی سەربازی

# ئەڵمانیا چاوەڕێی وەڵامی وەزارەتی پێشمەرگەیە

زنار شینۆ
ڕووداو- دوسلدۆرف

هێزێکی سوپای ئەڵمانیا کە لە سەرباز و ڕاهێنەر پێکدێت گەیشتووەتە هەولێر. بۆ ناردنی چەک و تەقەمەنی زیاتریش، وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا بە فەرمی داوای لە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە پێداویستییەکانیان بۆ دەستنیشان بکەن.

بە مەبەستی دامەزراندنی ئەو ناوەندەی مەشق و ڕاهێنانی سەر بە سوپای ئەڵمانیا لە باشووری کوردستان کە پێشتر ڕاگەیێندرابوو، تیمێکی سەربازیی ئەو وڵاتە کە 28 کەسن گەیشتوونەتە هەولێر و دەستیان بە ئامادەکارییەکان کردووە. بەرپرسێک لە سوپای ئەڵمانیا کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، تایبەت بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەستمان بە ئامادەکارییەکان کرد و ئێستا هێزیکی ئێمەی پێکهاتوو لە 16 سەرباز و 8 پسپۆڕ و ڕاهێنەری لەشکری لە هەولێرن، لە ماوەیەکی نزیکدا مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت".

کۆتایی مانگی ئابی ڕابردوو حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری هاوکاریکردنی مرۆیی و سەربازی بۆ کوردستان ڕاگەیاند، هەر ئەو کاتە تیمێکی بچووکی 6 کەسیی سوپای ئەڵمانیا هەماهەنگی گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان و چەک و تەقەمەنییان لەگەڵ ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و وەزارەتی پێشمەرگە دەکرد. دوای فراوانبوونی هاوکارییە سەربازییەکان، ژمارەی ئەو تیمە زیاتر کرا و ئەرکەکەشی ڕاهێنانی پێشمەرگە بوو لەسەر بەکارهێنانی چەکی ئەڵمانی.

دوای تەواوکردنی یەکەکانی فێرکردنی بەکارهێنانی چەکەکانی "پانتسەر فاوست"ی هاوشێوەی "ئار پی جی" ئەرکی ئەو هێزە لە 2ی شوباتی 2015 کۆتایی هات و گەڕانەوە ئەڵمانیا.

ئەو پلەدارەی سوپای ئەڵمانیا لەبارەی کاتی گەیشتنی هێزی تەواوکەری سوپاکەیان کە پەرلەمانی ئەڵمانیا لە 29ی کانوونی دووەمی 2015 ڕەزامەندی لەسەر ئەرکەکەی داوە، گوتی "هەر کاتێک ئامادەکارییەکان تەواو بوون هێزی تەواوکەر دەچێت، بەڵام بەرەکانی شەڕ هێورنەبوونەتەوە و لە جیاتی مەشق و ڕاهێنان سەنگەرەکان پێویستیان بەهێزی پێشمەرگەیە".

لەدرێژەی قسەکانیدا و سەبارەت بە کاتی مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگەش دەڵێ "پێمان باش نییە کاتەکە ئاشکرا بکەین، بەڵام پێش کۆتایی ئەم مانگە دەست بە مەشق و ڕاهێنان دەکرێت".

### چاوەڕێی وەڵامی وەزارەتی پێشمەرگەن

ئورسولا ڤۆن دێر لاین، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا پێشتر ڕایگەیاندبوو کە پلانی ناردنی چەک و تەقەمەنی زیاتریان بۆ هێزی پێشمەرگە لەبەردەستە. پلەدارەکەی سوپای ئەڵمانیا لەبارەی ناردنی چەک بۆ پێشمەرگەش گوتی "وەزارەتی بەرگری بە فەرمی داوای لە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان کردووە پێداویستییەکانیان لە چەک و تەقەمەنی بە لیستێک بنێرن. ئێستا وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا چاوەڕێی پێشمەرگەیە کە چییان دەوێت".





### حکومەتی ئەڵمانیا 100 ملیۆن یۆرۆ لە پێشمەرگە خەرج دەکات

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا، ئەرکی نوێی سوپای وڵاتەکەیان لە کوردستان بە 33.2 ملیۆن یورۆ خەمڵێنراوە و لەسەر بودجەی ساڵی 2015 و 2016ی وەزارەت دەستنیشانکراوە. پێشتریش هەمان ئەو وەزارەتەی کابینەی سێیەمی ئانگێلا مێرکل بە بڕی 70 ملیۆن یورۆ چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازی، کە پێکهاتبوو لە ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕ و چێشتخانەی لەشکری بۆ هێزی پێشمەرگە ناردووە.

حکومەتی ئەڵمانیا لە کۆبوونەوەی 17ی کانوونی یەکەمی 2014 بڕیاری ناردنی هێزێکی سەربازیی وڵاتەکەی دا کە لە 100 سەرباز تێپەڕنەکات بۆ مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، بەڵام پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان هەبوو. بۆیە لە 15ی کانوونی دووەمی 2015 تاوتوێی ئەو داوایەی حکومەت لە پەرلەمان کرا و لە ڕۆژی 29ی هەمان مانگ لە سەرجەمی 590 ئەندامانی پەرلەمان، 457 ئەندام ڕەزامەندییان لەسەر بڕیارەکەی حکومەت نیشاندا و بەوجۆرە بڕیارەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

## بەڵگەکان وا دەردەخەن کە قوربانییەکە کوردە

### گوتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق:

# گرتە ڤیدیۆکەی حەشدی شەعبی لە پارێزگای ئەنبار ڕوویداوە

ئاسۆ فیشەگی
ڕووداو- هەولێر

گوتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق ڕایگەیاند ئەو گرتە ڤیدیۆییەی چەکدارانی حەشدی شەعبی کە چەکدارێک ئەشکەنجە دەدەن و دواتریش دەیکوژن، لە پارێزگای ئەنبار تۆمار کراوە، بۆیە بە دووری دەزانێت چەکدارە ئەشکەنجەدراوەکە پێشمەرگە بێت. هاوکات دەڵێت گرتە ڤیدیۆیەکە ڕاست بێت یان نا، ئێمە داوای لێکۆڵینەوە دەکەین.

ڕفاندنی هاووڵاتیانی کورد لەسەر دەستی گرووپە چەکدارەکانی شیعە بە تایبەت لە چەند مانگی ڕابردوودا گەورەترین مەترسی بووە بۆ سەر ئەو کوردانەی کە هاتوچۆی بەغدا دەکەن، بەڵام لەمە ترسناکتر ئەگەری ئەشکەنجەدان و کوشتنی پێشمەرگەیەک یان سەربازێکی کوردی سوپای عێراقە لەسەر دەستی چەکدارانی شیعە لە تۆڵەی کوژراوێکی ئەو چەکدارانە.

ئەوەی ئەم پرسانەی وروژاندەوە گرتەیەکی ڤیدیۆیی ئەشکەنجەدان و کوشتنی کەسێکە لە یەکێک لە ناوچەکانی عێراق لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە. لەو پرسیارانەی کە چەکدارانی حەشدی شەعبی ئاراستەی چەکدارە دەستبەسەرەکەی دەکەن، وا دەردەکەوێت کە گیراوەکە لە نەتەوەیەک یان پێکهاتەیەکی دیکەیە، یان بەلانیکەم ئەوان وای دەبینن لە گرووپێکی دوژمنی ئەوانە. بەڵام لەم ئاماژانە ترسناکتر ئەوەیە کە یەکێک لە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە دەستبەسەرەکە دەپرسێ کێ سەڵاحی کوشت؟ چەند جارێک پرسیارەکەی دووبارە دەکاتەوە. جگە لەوەش چەکدارەکان چەند جارێک وشەی (کاکە) دووبارە دەکەنەوە، وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی کە قوربانییەکە کوردە.



### پەیوەندی کوشتنی سەڵاح بە پێشمەرگەوە

پرسیار لەبارەی کوشتنی سەڵاح ڕووداوێکمان بیردێنێتەوە کە لە مانگی 9ی ساڵی 2014 لە شارۆچکەی خورماتوو ڕوویدا. ئەوکات پێکدادانێک لە نێوان کاروانێکی چەکدارانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پێشمەرگە لەو سنوورە ڕوویدا و بە کوژرانی ئەفسەرێکی گرووپی خوراسانی حەشدی شەعبی بە پلەی نەقیبی هەواڵگری بە ناوی سەڵاح کۆتایی هات، ناوهێنانی سەڵاحیش لەلایەن ئەو چەکدارانەی لە گرتە ڤیدیۆییەکە دەردەکەون، ئەگەری تۆڵەسەندنەوەی کوژراوەکە لە پێشمەرگەیەک یان سەربازێکی کوردی سوپای عێراق بەهێز دەکات.

لەو گرتەیەدا کە ئەوپەڕی توندوتیژی و بێ بەزەیی پێشاندراوە، کۆمەڵێک گەنج دەردەکەون کە جلی چەکدارانی حەشدی شەعبییان پۆشیوەو یەکێکیان جلی سەربازی سوپای عێراقی پۆشیوە و پلەی سەربازی لەسەرشانە، ئەو ئۆتۆمبیلەشی کە گەنجە دەستبەسەرەکەی تێدا ئەشکەنجە دەدەن، ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنی پزیشکییە.

دوای ئەو ڕووداوەی مانگی 9ی ساڵی ڕابردوو لە خورماتوو، چەکدارانی حەشدی شەعبی لەو سنوورە 8 پێشمەرگەیان دەستگیرکرد، یەکێک لەو پێشمەرگانەش بە ناوی عیماد حوسێن بوو کە پێشمەرگەیەکی لیوای گەرمیانە لە چەمچەماڵ و لیواکەی پێش نزیکەی 5 مانگ لە شارەدێی قەرەتەپە نیشتەجێ کرابوو.

عیماد بە (ڕووداو)ی گوت "لەکاتی هاتنەوەم لە قەرەتەپەوە بۆ خورماتوو، مەفرەزەیەکی چەکدارانی حەشدی شەعبی ڕایانگرتم، هەر کە لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم کەسێکیان بە دەمانچە شەش فیشەکی نایە ژێر پێمەوە، دواتریش لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە کە لەگەڵمدابوو دەستبەسەرکراین و بردراینە یەکێک لە بازگەکانی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە نزیک گوندی یەنگیجەی سەر بە شارۆچکەی خورماتوو، زۆری پێنەچوو شەش پێشمەرگەی دیکەیان دەستگیرکردو لەو شوێنەی کە ئێمەیان بەندکردبوو ئەوانیشیان بەندکرد".

عیماد حوسێن دەشڵێ "شەش پێشمەرگەکە زمانی عەرەبییان نەدەزانی، بۆیە من وەرگێڕانم بۆ دەکردن، بۆم دەرکەوت ئەو شەش پێشمەرگەیە لەگەڵ کوژراوەکەی گرووپی خوراسانی بەشەڕهاتبوون و تەقەیان لەیەکدی کردبوو، چەکدارانی حەشدی شەعبیش ئەمەیان دەزانی، بۆیە زۆر ئەشکەنجەی ئەو شەش پێشمەرگەیەیان دەدا، تەنانەت ڕێگەیان پێنەدەدان بچنە سەر ئاو و هێندە نان و ئاویان پێدەدان بۆ ئەوەی بژین و نەمرن، بەڵام دوای چەند کاژێرێک من و هاوڕێکەمیان ئازاد کرد، دوای ئەوەی بۆیان ئاشکرابوو کە ئێمە لەو شەڕەدا بەشدار نەبووین".

لیوا کەمال، فەرماندەی لیوای گاز و نەوت لە سنووری سلێمانی و گەرمیان کە شەش پێشمەرگەکە سەربازی لیواکەی ئەو بوون بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای سوڵحی عەشایەری لە نێوان کەسوکاری ئەو شەش پێشمەرگەیە و کەسوکاری کوژراوەکەی حەشدی شەعبی، پێشمەرگەکان ئازاد کران و کەیسەکە داخرا".

ڕائید فاروق ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئاسایشی خورماتووش لەسەر پرسی ئەو شەش پێشمەرگەیە دەڵێ "ڕاستە هەموو ئەو پێشمەرگانە ئازاد کران، بەڵام زۆر ئەشکەنجە درابوون، تەنانەت شوێنەواری فیشەکیش بە جەستەیانەوە دیاربوو".

### پێشمەرگەیەک: دەرەقەتی حەشدی شەعبی نایەین

پێشمەرگەیەک لە سنووری جەلەولا کە پێشتر لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە بریندار کرابوو، باسی هەڵسوکەوتی چەکدارانی حەشدی شەعبی دەکات بەرامبەر پێشمەرگە و دەڵێت "پێشمەرگەیەکی هاوکارم لە یەکێک لە بازگەکانی ناوچەکە دەمەقاڵەی لەگەڵ چەکدارێکی حەشدی شەعبی کرد کە زۆر بێڕێزانە بە ئۆتۆمبیلەکەی لە بازگەکەمان تێپەڕی، زۆری پێنەچوو چەکدارەکەی حەشدی شەعبی لەگەڵ 15 چەکداری دیکە پەلاماریان داین و بووە شەڕە تەقە و من بریندار بووم، کەچی دوای ڕووداوەکە لەبری داکۆکیکردن لە مافەکانم لەلایەن حیزبەوە لۆمە کرام".

ئەو پێشمەرگەیە کە لەبەر هەستیاریی پرسەکە ئامادە نەبوو ناوی ئاشکرا بکرێت، دەشڵێ "لە ناوچەی خورماتوو چەکدارانی شیعە باڵادەستن و ئێمەی پێشمەرگە پێیان ناوێرین، چونکە دەزانین لە کۆتاییدا دۆخەکە بە زیانی خۆمان دەشکێتەوە ئەگەرچی ئێمەش خەتابار نەبین".

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە ئەوان گرتە ڤیدیۆکەی چەکدارانی حەشدی شەعبییان بینیوە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەو ڕووداوە، ئەگەر دەرکەوت ئەشکەنجەدراوەکە پێشمەرگەیە ئەوان بێدەنگ نابن.

### بەغداش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە

هەر لە چوارچێوەی ئەو پرسەدا شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکەمان کۆدەبینەوە بۆ خستنەڕووی پرسی ئەم گرتە ڤیدیۆییە و داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەش دەکەین".

هاوکات کامیل ئەمین، گوتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق لەبارەی ئەو گرتەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو زانیاریانەی لەبارەی ئەو گرتە ڤیدیۆییەوە لەلامانە تەنیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کۆمانکردووەتەوە، بەڵام بەدەر لەوەی ناوەڕۆکی ئەو گرتە ڤیدیۆیە ڕاست بێ یان نا، ئێمە داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەین چ وەزارەتی بەرگری بێ یان ناوخۆ یان دەستەی حەشدی شەعبی، لە ڕاستیی ئەو گرتە ڤیدیۆییە بکۆڵنەوە، ئەگەریش ڕاست بێ ئەوا بە دڵنیاییەوە کارێکی فەردیە و نموونەی هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق نییە، بە دڵنیاییشەوە دەبێ ئەنجامدەرانی بە سزای خۆیان بگەن".

### "لە پارێزگای ئەنبار ڕوویداوە"

سەبارەت بەوەی دەگوترێت ئەوەی لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا ئەشکەنجە دەدرێت و دواتر دەکوژرێت، پێشمەرگەیە. گوتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق دەڵێت "بەپێی زانیاری ئێمە ئەو ڕووداوە لە پارێزگای ئەنبار ڕوویداوە، پرسیارەکەش لێرەدا ئەمەیە چی پێشمەرگەی گەیاندە ئەنبار، ئەمە جگە لەوەی هێزی پێشمەرگە هێزێکی ڕێکخراوەو ئەستەمە هەر سەربازێکی بێ سەروشوێن بێ وەزارەتی پێشمەرگە لێی ئاگادار نەبێتەوە. وەزارەتی پێشمەرگە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە ژمارەی شەهیدانی پێشمەرگەی ڕاگەیاند، بە وردی ژمارەکەی خستەڕوو، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە وەزارەت وردە و زانیاری تەواوی لەلایە دەربارەی هێزەکانی".

# پەرلەمانی کوردستان لە بڕوانامە ساختەکان دەکۆڵێتەوە

## سەرۆکی داواکاری گشتی لە گەرمیان:
## ئەوانەی لەسەر بڕوانامەی ساختە گیرابوون بەر لێبوردنی گشتی کەوتن

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان باسی بەدواداچوونی پەرلەمان دەکات بۆ بڕوانامە ساختەکانی نێو هەرێمی کوردستان و دڵنیایان دەکاتەوە "20 ساڵی دیکەش تێپەڕێ ئەوان بەدوایدا دەچن و دەبێ خاوەنی بڕوانامە ساختەکان سزا بدرێن". سەرۆکی داواکاری گشتیش لە گەرمیان لەو لێبوردنە گشتییە نیگەرانە کە ڕەنجی ئەوانی بەبادا "هەموو ئەوانەی لەسەر بڕوانامەی ساختە سزا درابوون، بەر لێبوردنی گشتی کەوتن و ئازاد کران".

بەبڕوای پەرلەمانتاران، بوونی بڕوانامەی ساختە کە زۆربەی ئەو بڕوانامانە بۆ هەڵخەڵەتاندنی حکومەت بووە تاوەکو پۆستی ئیداریی پێوەربگرن یاخود لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا ڕێگەیەکی دیکە بۆ خۆژیاندن بدۆزنەوە، هیچی کەمتر نییە لەو گەندەڵییەی ساڵانێکی زۆرە کۆمەڵگای کوردی بنکۆڵ دەکات.

سوهام عومەر، ئەندامی لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو هەنگاوانە ئاشکرا دەکات کە پەرلەمانی کوردستان دەیهاوێ بۆ هەڵدانەوەی پەردە لەسەر بڕوانامە ساختەکان. هەنگاوی یەکەم داواکردنە لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا تاوەکو بە لیستێک ناوی هەموو ئەوانەیان بۆ بنێرن کە بڕوانامەی ساختەیان هەیە. ئەگەر وەڵام نەدرانەوە یاخود نکوڵی لە بوونی ئەو حاڵەتانە کرا لەلایەن ئەو دوو وەزارەتەوە، پەرلەمان هەنگاوی دووەم هەڵدەگرێ "ئەوکات خۆمان لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنین و لەو ڕێگایەوە بەدوایدا دەچین".

هێشتا پەرلەمانی کوردستان لیژنەی بۆ ئەو پرسە پێکنەهێناوە، بەڵام وەک سوهام عومەر باسی دەکات، ئەوە بەلای ئەوانەوە پرسێکی گرنگە و "دەبێ کاری لەسەر بکرێت". بەڵام گرفتەکەی پەرلەمانی کوردستان لەوەدایە هێشتا زانیاری وردی دەستنەکەوتووە لە بارەی ژمارەی بڕوانامە ساختەکانەوە.




گرفتی ساختەکردن لە کوردستان تەنیا لە ساختەکردنی دراو، ڕۆژی بەسەرچوونی خواردن، ساختەکردنی دەرمان، ساختەکاری لە هەڵبژاردندا کورت نابێتەوە، بەڵکو ساختەکردنی بڕوانامەی خوێندن بەلای پەرلەمانتارانەوە شایەنی ئەوەیە لێپێچینەوەی ئازایانەی بۆ بکرێت.

جوان ئیسماعیل عەزیز، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان نەیشاردەوە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە هەندێک دژوار و قورسە، بەڵام زۆربەی بڕوانامە ساختەکانیشی گێڕایەوە بۆ ساڵانێک پێشتر "هەشتاکان و نەوەتەکانیش، بەتایبەتی کاتی شەڕی نێوخۆ و دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، بەشێک لەو بڕوانامانە لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق و تەنانەت لە ئێرانیشەوە هاتوون، بێگومان لە نێوخۆش کراوە".

عەبدولڕەحمان عەلی، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە "ژمارەیەکی زۆر بڕوانامەی ساختە لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا هەیە"، بۆیە دەڵێ "داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە لەڕێگەی لیژنەیەکەوە بەدواداچوون بکرێت و ئاشکرا بکرێن". بەبڕوای ئەو، زۆربەیان لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە دروستکراون "چونکە لەوکاتەدا دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەت زۆر بوو".

### "80 خاوەن بڕوانامەی ساختە عەفوکران"

لە ساڵی 2011 و 2012دا، فەرمانگەی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان بە چڕی کاری لەسەر دۆسیەی بڕوانامە ساختەکان کرد. لەو دوو ساڵەدا ژمارەیەک خاوەن بڕوانامەی ساختە درانە دادگاکان، دوای دادگایی نەیانتوانی لەژێر تۆمەتەکە دەربچن و سزای زیندانیکردن بەرۆکی گرتن، بەڵام ئەنجامەکە دواتر بەدڵی ئەوانە کەوتەوە کە لە زیندان توند کرابوون.

نزار حەسەن جاف، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە گەرمیان بێهیوایە لەوەی بڕوانامە ساختەکان بخرێنە ژێرباری سزاوە و هێما بۆ نزیکەی 80 کەس دەکات کە لە سنوورەکەیاندا دەستگیرکران دوای ئەوەی فەرمانگەکەیان ڕادەستی دادگای کردن "بەڵام بەر لێبووردنی گشتی کەوتن و ئازاد کران". گوتیشی "زۆربەی بڕوانامە ساختەکان بەکالۆریۆس بوون و بەشێکی زۆریان لە ڕومادی و بەغدا ساختەکرابوون".

ئەندامێکی فەرمانگەی داواکاری گشتیی سلێمانی، هەمان ئەو زانیارییانە پشتراست دەکاتەوە و دەڵێ ژمارەیەکی زۆریان داوەتە دادگا لەوانەی بڕوانامەیان ساختە کردووە "ئەوانەی تاوەکو 2012 درابوونە دادگا ئازاد کران، مەگەر لەمەودوا خەڵک دەستگیر بکرێنەوە".

ڤینۆس بەکر هۆی ساختەکردنی بڕوانامە لە نەوەتەکان و دوای 2000 دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی "ئەوکات بە لێشاو دادەمەزران، ئەوانیش بڕوانامەیان پێویست بوو بۆ ئەوەی لە شوێنی باش دابمەزرێن".

### "هەر دەبێت سزا بدرێن"

ئایا دوای ئەمە پەرلەمان چی دەکات؟ جارێکی دیکە پەرلەمان لیژنە بەگەڕدەخاتەوە بۆ پرسێک کە لێبوردنێکی گشتی ڕیسەکەی دادگای بە خوری کردەوە؟ ئەی سزاکان چین و چۆن دەبن؟

ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان باسی چارەنووسی بڕوانامە ساختەکان دەکات و دەڵێ "ئەگەر 20 ساڵی دیکەش تێپەڕێ، ئەوانە دەبێ سزابدرێن و تێپەڕینی کات لە سزای ئەوان کەمناکاتەوە". سۆفی هەروەها دەڵێ "ئەگەر ئەو کەسە فەرمانبەر بێ، چەند مووچەی بەو بڕوانامەیە وەرگرتبێ لێی وەردەگیرێتەوە و بە یاسای سزادانی عێراقیش سزا دەدرێت".

## پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا:

# 11 ساڵە بریکارە کوردەکەی وەزارەتی پەروەردە دەستبەکار نەبووە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

کورد هێشتا دەیەوێ بزانێ لە عێراقی دوای مالیکیدا چی دەگوزەرێ. چاوێکی لەسەر سەنگەرەکانی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشە و چاوەکەی دیکەشی لەسەر حکومەتەکەی عەبادییە. چونکە هەموو بەڵێنەکانی سەرۆک وەزیرانی نوێ بریتین لەوەی عێراق لەسەردەمی ئەودا نەرمتر لەگەڵ کورد ڕەفتار دەکات. بەڵام هەر لەسەردەمی عەبادیشدا پۆستەکانی کورد کەمتر بوونەتەوە.

کورد کە هەمیشە ناڕەزایی دەردەبڕێ لەوەی لە عێراقی دوای سەددامەوە بەشە بودجەی ڕاستەقینەی خۆی وەرنەگرتووە، هەمان گلەیی بۆ پۆستەکانیش هەیە.

عادل نووری، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕەخنەی لە تێگەیشتنی خەڵک بۆ پۆستەکان هەیە "وادەزانرێ تەنیا وەزیر گرنگە، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی وا هەیە دەتوانێ زۆرترین کار بۆ کورد بکات لەنێو وەزارەتێکدا". عادل نووری پێیوایە بێدەنگیی بەرامبەر پۆستە خاڵییەکانی کورد لە بەغدا "کارێکی خراپ و فەرامۆشکردنی پرسێکی گرنگە".

### پۆستی ئەمنی کەمتربوونەتەوە

لەسەر ئاستی وەزارەتە ئەمنییەکان، هیچ کاتێک کورد وەزیری هیچکام لە وەزارەتەکانی بەرگری یان ناوخۆ نەبووە، بەڵام لەسەر ئاستی وەزارەتی بەرگری سەرۆک ئەرکان و یەکێک لە یاریدەدەرەکانی سەرۆک ئەرکان و 2 بەرپرسی فیرقەی سەربازی و بەڕێوەبەری ئاسایش و هەواڵگری و 3 فەرماندەی لیوا کورد بوون. لەنێو وەزارەتی نێوخۆی عێراقیشدا، کورد هیچ پۆستێکی بەدەستەوە نەبووە. لە ساڵانی ڕابردوودا کورد گلەیی ئەوەی هەبوو کە ئەو پۆستانە کەمن، بەڵام لەدوای دەستپێکردنی شەڕی داعشەوە، نیوەی ئەوانەشی چوو.

عەمید ڕوکن هیدایەت عەبدولڕەحیم، فەرماندەی فیرقە بووە و ئێستا لە ماڵەوەیە. چونکە فیرقە سەربازییەکەی ئەو کە پێشتر لە مووسڵ بوون، ئێستا هەڵوەشاوەتەوە. ناوبراو دەڵێت "عەرەبەکانی نێو فیرقەکەمان گەڕاونەتەوە بۆ کاری سەربازیی خۆیان". هەر بۆیە نازانێ چارەنووسی خۆیان چی دەبێت.

### 100 پۆستەکەی کورد لە بەغدا

کورد لە بەغدا جگە لە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و 5 وەزیر (کە یەکێکیان وەزیری بێ وەزارەتە)، 12 بریکاری وەزیر، 23 بەڕێوەبەری گشتی، 12 ئەندام و بەرپرسی نێو دەستە سەربەخۆکان، 16 باڵیۆز و کونسوڵ و نوێنەرایەتی، 15 پۆستی نێو وەزارەتە ئەمنییەکان و سەرۆکی لیژنەیەک و دوو فەرمانگەی نێو پەرلەمانی هەیە.

عادل نووری، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ماوەی 12 ساڵە لە بەغدا کاردەکات و ڕەخنە لەو بۆچوونانە دەگرێ کە پێیانوایە جگە لە وەزیرەکان پۆستەکانی دیکە کاری باشیان پێناکرێت "بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەتوانن زۆر کاری باش بکەن بۆ کورد، ئێمە نموونەمان هەیە لەو بارەیەوە".

عادل نووری هەروەها دەڵێ لە حکومەتی پێشوودا ئەو 5 ملیار دینارەی لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانەوە هێنامان بۆ گوندە تۆپبارانکراو و زیانمەندەکانی دەستی ئێران و تورکیا وەک هاوکاری، بە کۆششی خۆمان لەو وەزارەتە هێنامان".



ناوبراو پڕکردنەوەی پۆستە خاڵییەکانی کورد لە بەغدا بە کاری بەپەلە و پێویست دەزانێ و دەڵێ لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق بریکاری وەزیر بەر کورد دەکەوێ "بەڵام ماوەی 11 ساڵە بریکارە کوردەکەی وەزارەتی پەروەردە دەستبەکار نەبووە، لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردە زۆر گرنگە".

ناوبراو باسی ڕۆڵی بریکاری وەزیری خوێندنی باڵا دەکات کە کوردە و دەڵێ ئەگەر ئەو کۆشش بکات دەتوانێ هەزاران خوێندکاری کورد بنێرێتە دەرەوە بۆ خوێندن و ئەوکات پارەیەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە".

### پەرلەمان پەسەندی نەکردوون

وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، باسی دەستبەکاربوونی لیژنەی هاوسەنگی دەکات کە هەرسێ جێگرەکەی حەیدەر عەبادی تێیدا ئەندامن و دەبێ پۆستە خاڵییەکان پڕبکەنەوە "لیژنەکە دەستبەکاربووە و بڕیارە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن".

د. دەرباز محەممەد دەڵێ ئەو کێشانە کۆنن و لە حکومەتەکانی پێشووەوە جێماون "بەڵام بڕیارە ئەو پۆستە خاڵییانەی لە بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار هەن، پڕبکرێنەوە".

د.خێروڵڵا حەسەن، وەزیری پێشووی بازرگانیی عێراق ڕەتیدەکاتەوە کورد پۆستی خاڵی لە بەغدا زۆربن، بەڵام باسی کێشەیەکی دیکە دەکات "زۆربەی بریکاری وەزارەتەکان لە بەغدا ئەسڵی نین و پەرلەمان دەنگی بۆ نەداون، چونکە دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران بیاننێرێ بۆ پەرلەمان و دەنگیان پێبدرێت، ئەوکات وەک بریکار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ".

د.خێروڵڵا حەسەن گوتیشی ماوەیەکی زۆرە دوو بریکاری وەزیری کورد (داد و پەروەردە) دەستبەکار نەبوون. ناوبراو باسی ماندوێتی لە ڕادەبەدەری بریکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی کورد دەکات لە بەغدا، بە تایبەتی بریکاری وەزیرەکان و دەڵێ "بەهۆی ئەوەی وەک بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین دەکرێن و ماوەی 11 ساڵە لە بەغدا خەریکی خزمەتن، تەنانەت ناشتوانن خانەنشین ببن، چونکە وەک بریکاری وەزیر خانەنشین ناکرێن".

، هەریەکە لە د.ڕۆژ نوری شاوێس، بەها ئەعرەجی، ساڵح موتڵەگ، جێگرانی حەیدەر عەبادی وەک نوێنەری شیعە و سوننە و کورد لە لیژنەی هاوسەنگیدا ئەندامن و دەبێ هەموو پۆستە خاڵییەکان دەستنیشان بکەن و دواتر بەسەر ئەو سێ پێکهاتە سەرەکییەی عێراقدا دابەشبکرێن. د.خەیروڵڵا دەڵێت "ئەم لیژنەیە دەمێکە هەیە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەسەر پۆستەکان پێشتر نەتوانرا ڕێکبکەون".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

## حکومەت لە داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان پەشیمان بووەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕێـواز فایـەق، ئەندامی پەرلەمانی کوردسـتان لە لێدوانێکدا بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) گوتی هەرچەندە بڕیاربوو لە سـەرەتای ئەمسـاڵەوە پاڵاوگە نایاساییەکانی کە ژمارەیان زیاتر لە 100 پاڵاوگەیە بەهۆی ئەوەی مۆڵەتیان نییە دابخرێن، بەڵام بەپێی زانیارییەکانیان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بڕیارەی پەشیمان بووەتەوە. ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی سەوز ئەوەشی خستەڕوو "هەر چەندە پێشتر وەزیری سامانە سروشتییەکان پەیمانی بە ئێمەدا لە سەرەتای ئەمساڵدا هەموو ئەو پاڵاوگە نایاساییانە دابخات، بەڵام ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە لەو بڕیارەیان پەشیمان بوونەتەوە، چونکە ئەو پاڵاوگانە گاز بۆ زۆربەی وێستگەکانی کارەبا دابیندەکەن".



# وەزارەتی کشتوکاڵ فەرمانبەرانی پشت مێز دەنێرێتە گوندەکان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ گەشەپێدانی بەرهەم و چارەسەرکردنی گرفتی جوتیاران و گەیاندنی ڕێنمایی و ئاشناکردنیان بەشێواز و تەکنۆلۆژیای تازەی چاندن، وەزارەتی کشتوکاڵ بەنیازە کارمەندەکانی پشت مێزەکان لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە بگوازێتەوە نێو کێڵگەکان و بۆ هەر گوندێکیش ڕابەرێکی کشتوکاڵی دابنێت.

وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژە یاساییەکی بەناوی (گەڕانەوە بۆ گوندەکان) ئامادە کردووە، بەپێی پرۆژە یاساکە هەر گوندێک ڕابەرێکی کشتوکاڵی بۆ دادەنرێت، هەروەها 4 تاوەکو 5 گوندیش ئەندازیارێکی کشتوکاڵی و پزیشکێکی ڤێتەرنەریان بۆ دادەنرێن کە لەلایەن ئەندازیارێکی پێشکەوتوو سەرپەرشتی دەکرێن، ئەندازیارە پێشکەوتووەکانیش لەلایەن ئەندازیارێکی شارەزاوە سەرپەرشتی دەکرێن.

د.خالید عەبدولکەریم دەلۆ، ڕاوێژکاری پلانی ئابووری و کارگێڕی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گوتی "لە ڕێگەی ئەو ڕابەرە کشتوکاڵیانەوە دەمانەوێ بزانین لەگوندەکان چەند جوتیاری کارامان هەیە، چ دەچێنن و بەرهەمیان چەندە، گرفتیان چییە. هەروەها دەمانەوێت بزانین لەگوندەکان چەند سەر ئاژەڵ و پەلەوەر هەیە و گرفتیان چییە، بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو ڕابەرە کشتوکاڵیانە کۆکردنەوەی داتایە لەسەر گوندەکان".

ئامانجێکی دیکەی ئەم پرۆژەیە وەک د.خالید باسی کرد، گەیاندنی ڕێنمایی و ئاشناکردنی جوتیارانە بەتەکنۆلۆژیای نوێ و شێوازی تازەی چاندن، تاوەکو گەشە بە بەرهەمەکانیان بدەن و چارەسەری گرفتەکانیان بکەن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 6722 ناحیە و گوند لە کوردستان هەن (1874 گوند و ناحیە لە هەولێر، 2050 لە سلێمانی، 1552 لە دهۆک و 1246 گوند و ناحیەش لە گەرمیان).

بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ تەنیا 4 بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و 43 بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی هەیە کە سەرجەمیان تەنیا 460 فەرمانبەر و ئەندازیاری کشتوکاڵییان هەیە، ئەمەش ژمارەیەکی کەمە و بە 14 گوند فەرمانبەرێکیان بەردەکەوێت.



(فۆتۆ: حوسێن هیممەتی)

### ڕابەریان نەدیوە

جیهانگیر عەبدوڵڵا، جوتیارێکی گوندی پیرەکەپرانی سەر بە ناحیەی دینارتەیە، خاوەنی 10 دۆنم باخی خۆخە و دەڵێت "ئەوە 7 ساڵە لەو باخەدا کار دەکەم، تاوەکو ئێستا هیچ ڕابەرێکی کشتوکاڵی سەردانی نەکردووم، بۆ ڕێنمایی و گوێگرتن لەگرفتەکانمان".

ئەو جوتیارە خۆشحاڵە بەدانانی ڕابەری کشتوکاڵی لەگوندەکان و دەڵێت "ئەگەر ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و ڕێنماییمان بکەن و چارەسەری گرفتەکانمان بکەن پێشوازییان لێدەکەین، ئەگەریش ببێتە ئەرک بەسەرمانەوە، ئەوە نەبن باشترە".

د.خالید عەبدولکەریم ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان کۆمەڵێک ئەندازیار و پزیشکی ڤێتەرنەری و فەرمانبەری پسپۆڕیان هەیە، بەڵام لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان کاری کارگێڕی دەکەن "بۆیە دەمانەوێت لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە ئەو ئەندازیار و فەرمانبەرە کشتوکاڵیانە بگەڕێنینەوە نێو کێڵگەکان".

### سێ ساڵە بێ بودجەن

هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆژەیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی و توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵ، پلانێکی ستراتیژی 5 ساڵەی بۆ ڕێنمایی کشتوکاڵی داڕشتووە.

خەسرۆ مامەند، بەڕێوەبەری ڕێنمایی کشتوکاڵی دەڵێت "دوای جێبەجێکردنی پرۆژەی دووبارە داڕشتنەوەی هەیکەلی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ڕێنمای کشتوکاڵی و دانانی ڕابەر و ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان لەگوندەکان، دەست دەکەین بەجێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی 5 ساڵەی ڕێنمایی کشتوکاڵی".

هەروەها گوتیشی "لەڕێگەی ئەم پلانەوە دەمانەوێت سەرەتا کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و توانا و شارەزای ڕابەرە کشتوکاڵییەکان بکەین، دواتریش لە ڕێگەی ئەوان ڕێنمایی هاوچەرخ دەگەیەنینە جوتیاران و ئاشنایان دەکەین بەبەکارهێنانی شێواز و تەکنۆلۆژیای تازە لەچاندن و بەرهەمهێنان".

بەپێی ئەو پلانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی بۆ سەردانی ڕابەرە کشتوکاڵییەکان داناوە دەبێت هەفتانە دووجار سەردانی گوندەکان بکەن.

خەسرۆ مامەند باسی کێشەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەکات و دەڵێت "گەورەترین کێشەی ئێمە دابیننەکردنی بودجەیە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانمان، چونکە گەیاندنی ڕێنمایی بەجوتیاران پێویستی بەهۆکاری هاتوچۆ و کردنەوەی خولە بۆ جوتیاران، بەڵام بەداخەوە سێ ساڵە یەک دینار بۆ گەیاندنی ڕێنمایی کشتوکاڵی خەرج نەکراوە".

گوتیشی "بە هەر 43 بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی ئۆتۆمبێلێکمان نییە بۆ گواستنەوەی ڕابەر و ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان، بۆیە ئەگەر بودجە بۆ گواستنەوەیان تەرخان نەکرێت، چۆن دەتوانین گلەییان لێبکەین کە وەک پێویست سەردانی جوتیاران ناکەن".

ڕێنمایی و پارەیان دەدەنێ

لەزۆربەی وڵاتانی جیهان لەبەرامبەر بەخشینی ڕێنمای و سەرپەرشتی کردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان زۆرجار بڕێک پارە لەجوتیاران وەردەگیرێت، بەڵام لەکوردستان بارەکە پێچەوانەیە لەکاتی کردنەوەی خولەکانی ڕێنمایی پارە دەبەخشرێتە جوتیاران.

خەسرۆ مامەند، دەڵێت "بەداخەوە لەکوردستان هێشتا جوتیار گرنگی ڕێنمایی نازانێت و کاری کشتوکاڵیش لەکەمبوونەوەدایە، بۆیە لەو پلانە ستراتیژیە 5 ساڵەش (2015 تا 2019) بڕە پارەیەکمان بۆ هاندانی جوتیاران داناوە تاوەکو بەشداری بە خولەکانی ڕێنمایی بکەن".

لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەرایەتییەک و 16 بەش و بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی هەیە، لە تەواوی ئەم بنکانەش تەنیا 93 ئەندازیاری کشتوکاڵی و 170 ڕابەری کشتوکاڵی هەن کە ڕێنمایی کشتوکاڵی دەدەنە جوتیارانی 2050 گوند.

ئالان تۆفیق غەریب، بەڕێوەبەری ڕێنمایی کشتوکاڵی سلێمانی دەڵێت "ژمارەی فەرمانبەر و بنکە و بەشەکانمان بەبەراورد بەژمارەی گوندەکان زۆر کەمە، بۆیە داوای زیادکردنی ڕابەری کشتوکاڵی و بنکەکانی ڕێنماییمان کردووە. لەناوچەی پێنجوێن بەهۆی نەبوونی ڕابەری کشتوکاڵی، بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی ناوچەکەمان هەڵوەشاندەوە".

گوتیشی "سەرەرای کەمی ژمارەی ئەندازیار و ڕابەرە کشتوکاڵییەکانمان، گرفتی گواستنەوەمان هەیە، بۆیە ڕابەرەکان ناتوانن ئەو کارە بکەن کە لەسەریانە".

لەساڵی 2010ش پرۆژەیەکی هاوشێوە بۆ دانانی ڕابەری کشتوکاڵی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ ئاراستەی حکومەت کرا، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجە، شکستی هێنا.

خەسرۆ مامەند دەڵێت "هەرچەندە کوردستان لە قەیرانی دارایی دایە، بەڵام گەشبینم ئەمجارە حکومەت پرۆژەی دانانی ڕابەری کشتوکاڵی پەسند بکات و بودجەی بۆ دابین بکات".



# کرمی قەدەسمە قەیسی کوردستانی نەهێشت



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لە دەستپێکی وەرزی بەهاردا دار قەیسییەکانی کوردستان سپی دەچنەوە، بەڵام دواتر بەشێکی کەم لەو گوڵە سپییانە دەبنە قەیسی، چونکە جۆرە کرمێک بووەتە بەڵا بۆ گیانی دار قەیسییەکان و وشکیان دەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵ بەساڵ بەرهەمی قەیسی لە کوردستان لەزیادبووندایە، بەڵام ئەم زیادبوونە لەئاستی پێداویستیی ناوخۆدا نییە و وەزارەتی کشتوکاڵ ناچارە ڕێگە بە بازرگانەکان بدات لە دەرەوە بیهێنن.

ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەریدەخەن لە 5 ساڵی ڕابردوودا 29 هەزار و 727 تۆن قەیسی لە هەرێمی کوردستان بەکاربراوە، لەوەش تەنیا 13 هەزار و 434 تۆنیان بەرهەمی ناوخۆ بووە کە دەکاتە 45%ی بڕی بەکاربراو.

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت بەهۆی ئەو چەشنە باشەی داری قەیسی کە لە کوردستان هەیە و شارەزایی جوتیاران لە چاندنی، وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پرۆژەیەکی باخی نموونەیی وەک بەرهەمەکانی دیکە بۆ جوتیاران دروستنەکردووە، بەڵام بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەلایەن جوتیارانەوە بۆ چاندنی قەیسی هەیە، ساڵانە زیاتر لە 30 تا 50 هەزار نەمامی قەیسی لە نەمامگە حکومییەکان بەرهەمدێنن و بەنرخێکی زۆر ڕەمزی بە جوتیارانی دەفرۆشنەوە. ئەمەش وایکردووە ڕووبەری باخی قەیسی ساڵ بەساڵ فراوانتر بێت.

### قەدەسمە قەیسی نەهێشت

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت لەکوردستان ڕووبەرێکی باشی باخی قەیسییان هەیە، ئەگەر بەهۆی گرفتی نەخۆشی و کرمی (قەدەسمە) نەبێت، بەرهەمی باخەکانی جوتیاران زۆر زیاتر دەبوو "بەڵام بەداخەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە تەمەن و بەرهەمی دارەکانی قەیسی زۆر کەم بووەتەوە".

گوتیشی گرفتەکە لەوەدایە نەخۆشییەکە لەباخێکەوە بۆ باخێکی دیکە دەگوازرێتەوە، بۆیە ئەمە پێویستی بەهەڵمەتێکی بەرفراوان هەیە".

پسپۆڕانی بواری ڕەزگەری دەڵێن کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی بەرهەمی قەیسی، دەتوانرێت بەپێی کەشوهەوا و خاکی ناوچەکان چەندین جۆر داری قەیسی بچێنرێت.

د.شلێر مەحمود تەها مامۆستای بەشی ڕەزگەری لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت "بەشێوەیەکی گشتی داری قەیسی پێویستی بە خاکێکی تێکەڵ و کەشوهەوایەکی مامناوەند هەیە، بەڵام هەندێ چەشنی هەیە دەتوانێ بەرگەی ساردیی تا 10 پلەی ژێر سفری سەدی بگرێت، بەهەمانشێوە بەرگەی گەرمیی تا 40 پلە بگرێت، لە پلەی بەرزتریش بەرگە دەگرێت بەمەرجێک ئاو بدرێت، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەشەوە چاندنی داری قەیسی لەهەموو کەشوهەوا و خاکێک سەرکەوتووە، بۆیە دەتوانرێت لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بچێنرێت".

### لە کوردستان قەیسی ڕۆیاڵ باوە

لە کوردستان دوو جۆر قەیسی دەچێنرێ کە یەکەمیان بنەچەکەی ئەورووپیە و دارەکەی بەهێزە و بەرهەمەکەی باشە و بەرگەی کۆگاکردن و گواستنەوە دەگرێت بۆ ناوچەی دوور، بۆیە چاندنی لەکوردستان زیاترە، هەرچی چەشنی دووەمە کەمتر بەرگەی کۆگاکردن و گواستنەوە دەگرێت.

داری قەیسی دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر چاندنیدا، بەرهەمەکەی دەگاتە ئاستی بەرهەمی بازرگانی، هەر دارێکیش بەشێوەیەکی مامناوەند 25 تاوەکو 30 کیلۆگرام بەرهەم دەدات.

ڕەسول قادر ئەمین، جوتیارێکی گوندی باخی ئاسی سنووری ناحیەی چوارتایە، خاوەنی باخێکی 20 دۆنمی میوەیە کە 3 دۆنمی باخەکەی میوەی قەیسییە، بەرهەمی ساڵانەی باخەکەی دەگاتە نزیکەی 10 تۆن قەیسی، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەهۆی ئەو شەپۆلە ساردەی ڕووی لە ناوچەکەیان کرد باخەکەی بێ بەرهەم بوو.

ڕەسول دەڵێت "ناوچەکەمان زۆر شیاوە بۆ سەرجەم میوەکان بەتایبەتیش قەیسی، ئەگەر بەهۆی بەرهەمی هاوردە نەبێت جوتیاران قازانجێکی باشی لێدەکەن".

باخەکەی ڕەسوڵ تووشی کرمی قەدەسمە نەبوو، چونکە دەڵێت "ئەگەر جوتیاران باش خزمەتی باخەکەیان بکەن و لەکاتی خۆی دەرمانی قڕکەری مێروو بپرژێنن، دارەکان لە نەخۆشی دوور دەبن و تووشی ئەم کرمە نابن، بەمەرجێک باخەکانی دیکەی نزیکی تووش نەبووین".

### بەرهەم 50% کەمی کردووە

دوای بەرهەمی میوەی هەنگی دونیا، قەیسی دووەم بەرهەمی میوەیە کە لە کوردستان پێدەگات ، بەڵام تەمەنی کورتە و زۆر ناخایەنێ، ئەم تایبەتمەندیەش وایکردووە، خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەمی قەیسی لەکوردستان هەبێت.

ڕزگار محەممەد ئاغا، بەڕێوەبەری باخداری لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت "لە پارێزگای سلێمانی خواستێکی زۆر لەسەر چاندنی داری قەیسی لەلایەن جوتیارانەوە هەیە، بەم هۆیەشەوە ڕووبەری باخی قەیسی لەپارێزگای سلێمانی لە فراوانبووندایە".

ناوبراو دەڵێت ئەو ڕووبەرە قەیسیەی لە پارێزگای سلێمانی چێندراوە، بەرەکەی بەشی پارێزگاکە دەکات، بەڵام گرفتی سەرەکی باخەکانیان لەوەدایە بەشێکی زۆریان تووشی نەخۆشیی قەدەسمە بوون، بەم هۆیەشەوە بەرهەمی باخەکان 50% کەمبووەتەوە".

کرمی قەدەسمە لە مانگی ئایاردا دەردەکەوێت و لە هاویندا گەڕا لەسەر لق و پۆپی دار قەیسی و خۆخ دادەنێت و دواجار دەچێتە ناو دارەکان و قەدەکانی دەخوات".

ڕزگار محەممەد ئاغا دەڵێت "قەڵاچۆکردنی ئەم کرمە پێویستی بەهەڵمەتێکی نیشتمانی سەرتاسەری هەیە، هاوشێوەی ئەو هەڵمەتەی کە لە ساڵانی پێشوو بۆ سن و کیسەڵە کرا، چونکە نەخۆشییەکە لە باخێکەوە بۆ باخێکی دیکە دەگوازرێتەوە و بە هەڵمەتە ناوچەییەکان چارەسەر ناکرێت".

### 30 هەزار نەمامی قەیسی ئامادەیە

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت "سەرەڕای کەمیی بودجە، ئەمساڵیش نەمامگە حکومییەکانی پارێزگاکان نزیکەی 30 هەزار نەمامی قەیسییان بەرهەمهێناوە، بەشێکی بەنرخی پاڵپشت فرۆشراوە بەجوتیاران و بەشێکیشی ئێستا لە نەمامگەکاندا ئامادەیە بۆ فرۆشتن".

گوتیشی "بەهۆی کەمیی ئەو بودجەیەی بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی میوە ساڵانە خەرج دەکرێت، لەپلانی ئەمساڵیشدا هیچ پرۆژەیەکمان نییە بۆ پەرەپێدان و دروستکردنی باخی نمونەیی قەیسی بۆ جوتیاران".

### بەرهەمی بەکاربراوی خۆماڵی و هاوردە لە 5 ساڵی ڕابردوودا

| بەرهەمی قەیسی | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆماڵی / تۆن | 3.056 | 1.012 | 2.619 | 3.126 | 3.621 | 13.434 |
| هاوردە/ تۆن | 843 | 2.525 | 5.006 | 4.834 | 3.085 | 16.293 |
| بڕی بەکاربراو/ تۆن | 3.899 | 3.537 | 7.625 | 7.960 | 6.706 | 29.727 |

ڕووداو
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

هەر بەرمیلێکی بە 15 دۆلار دەفرۆشرێ

# لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆژانە 31 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێت

ڕەنگین شەرۆ
ڕووداو- ڕمێلان

بازرگانانی نەوت لە ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێن بەرمیلێکی نەوت تەنیا بە 15 دۆلار لە دەسەڵاتدارانی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD دەکڕن و دەیفرۆشنەوە بە پاڵاوگە بچووکەکان، خاوەنی پاڵاوگەکانیش داوا دەکەن PYD باجی سەر سووتەمەنی کەم بکاتەوە.

کێڵگەی پترۆلی کەرەتشۆک، یەکێکە لە کێڵگەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەر لە شەڕی سووریا ڕۆژانە نزیکەی 70 هەزار بەرمیل بەرهەمی هەبوو، بەڵام ئێستا بەرهەمی ئەو کێڵگەیە لەگەڵ کێڵگەی ڕمێلان (60 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی قامشلۆ) دابەزیوە بۆ نزیکەی 31 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

## پەیەدە 4 پاڵاوگەی داناوە

بەهۆی نەبوونی پاڵاوگەی گەورە، ئێستا ڕۆژئاوای کوردستان پڕ بووە لە پاڵاوگەی بچووک کە تا ڕادەیەک دەتوانن پێداویستی ناوخۆ دابین بکەن.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) بەشێک لەو پاڵاوگانە لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتییەوە دانراون، لەوانەش 4 پاڵاوگە لە گرزیرۆ و 6 پاڵاوگەش لە هەمزەبەگ، بەڵام ئەم پاڵاوگانە لە کۆی 30 هەزار بەرمیل سووتەمەنی، بە سەرجەمیان توانای پاڵاوتنی نزیکەی 9500 بەرمیل سووتەمەنییان هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە، PYD لە کۆگاکانی گرزیرۆ ئەمباری دەکات.

کۆگاکانی پەترۆل لە گرزیرۆ بە بۆڕی پەترۆلی حمسەوە بەستراونەتەوە کە سووتەمەنی بۆ بەندەری بانیاس لەسەر دەریای سپی دەگوازێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی شاری حمس و ڕەقە و دێرەزوور لەژێر دەستی ڕژێمی سووریا دەرهێنران، ئێستا گواستنەوەی سووتەمەنی لە گرزیرۆوە بۆ بەندەری بانیاس وەستاوە.

ئێستا نەوتی گرزیرۆ تەنیا لەنێو خۆدا بەکاردەبرێ، ئەویش دەفرۆشرێتە پاڵاوگە بچووکەکان و ئەوانیش دوای پاڵاوتنی نەوتەکە، بەرهەمەکەی بە شۆفێران و جوتیاران و خاوەن نانەواخانەکان دەفرۆشنەوە.

سەرجەم ئەو پاڵاوگە بچووکانە دەکەونە گوندە عەرەبنشینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بە درێژایی ڕێگای نێودەوڵەتی کە لە گوندی تەل مشحن دەستپێدەکات هەتا کۆتایی ڕێگاکە پاڵاوگە دانراون.


لە ڕۆژئاوای کوردستان نەوتی خاو بە کوڵاندن دەپاڵێورێت

## بەرمیلی بە 15 هەزار دینارە

ئەو پاڵاوگانە کە زۆربەیان بە ئاگر کار دەکەن، سووتەمەنی لە تەنکەرەکان دەکڕنەوە، ئەوانیش لە کۆگاکانی گرزیرۆ دەیکڕنەوە کە لەلایەن PYDەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

خالید حەسەن 35 ساڵ کە خاوەنی پاڵاوگەیە، دەڵێت ئەوان نەوتی خاو لە کۆگاکانی تەل عەدەس دەکڕن، دوای پاڵاوتنی لە بازاڕەکانی وەکو سەرێکانیێ، حەسەکە و قامشلۆ دەیفرۆشنەوە.

خاوەنی تانکەرێک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لە ترسی ئەوەی لەلایەن کارمەندانی کۆگاکانی سووتەمەنی نەوتی خاوی پێنەفرۆشرێ، نرخی نەوتی ڕەشی لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئێمە بەرمیلێک نەوت بە 15 دۆلار دەکڕین و بە 17 دۆلاریش بە پاڵاوگەکانی دەفرۆشینەوە، ئەوانیش دوای پاڵاوتنی هەر بەرمیلێک بەنزین بە 60 هەزار لیرە دەفرۆشنەوە".

محمد باڤێ جودی 41 ساڵ، کە خاوەنی پاڵاوگەیەکی بچووکە، باسی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی دەکات لە ڕۆژئاوای کوردستان و دەڵێت "پێشترسوودی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی زۆر بوو، بەڵام ئێستا خێری جارانی نەماوە، یەکەم بەهۆی بەرزکردنەوەی کرێی ئەو زەویەی کاری لەسەر دەکەین، دووەمیش بەهۆی زیادکردنی باج لەسەر سووتەمەنی، بۆیە بازرگانەکان ناچارن سووتەمەنی گران بکەن".

ئەو خاوەن پاڵاوگەیە داوا لە PYD دەکات باجی سەر سووتەمەنی کەم بکاتەوە، چونکە بەهۆی زیادکردنی باجەوە، ئەوان ناچارن سووتەمەنی بە نرخێکی گران بە هاووڵاتیان بفرۆشن.

پاڵاوگەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە ئاگر کار دەکەن، بەڵام هەندێکیان هەنگاوێک چوونەتە پێش و ئێستا بەکارەبا کاردەکەن. بەمەش هەم بەرهەمیان زیادی کردووە، هەمیش کواڵێتی بەرهەمەکانیان باشتر بووە. بەڵام هیچکام لە پاڵاوگەکان مەرجی پاراستنی ژینگەیان تێدا نییە و دووکەڵەکەیان ئاسمانی ڕۆژئاوای کوردستانی تەنیوە.

ئەبو عەلا، 37 ساڵ، خاوەنی پاڵاوگەیە دەڵێت "ئێمە باش دەزانین کە ئەو پاڵاوگانە کاریگەرییان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە، ئێستا هەندێک نەخۆشی سووکی وەکو نەخۆشی پێست دەرکەوتوون، ئەگەری هەیە بەهۆی دووکەڵی پاڵاوگەکان لە پاشەڕۆژدا نەخۆشیی کوشندە بڵاوببێتەوە، بەڵام ئێمە ناچارین ئەو کارە بکەین، ئەگەرنا دەبێت دەست بە دزی و تاڵانی بکەین".

بەرلەوەی داعش هێرش بکاتە سەر چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان، بازرگانان نەوتی خاویان دەبرد بۆ ڕەقە و دێرزوور و تەنانەت مووسڵیش، بەڵام ئێستا تاکە شوێنی ساغکردنەوەی نەوتی ڕۆژئاوای کوردستان پاڵاوگە بچووکەکانن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نرخی سووتەمەنی هەندێک هەرزان بێت.

**نەوت لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا:**

- 1289 بیری نەوت لە سووریا هەن، نیوەیان لە ڕۆژئاوای کوردستانن.
- کێڵگە نەوتییەکانی ڕمێلان و قەرەچوغ لەدەست شەڕڤانانی YPG دایە.
- ئەم دوو کێڵگەیە توانای بەرهەمهێنانی 150 هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێکدا هەیە.
- کێڵگەی نەوتی دیجلەش لەدەست YPGدایە و ڕۆژانە 25 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێت.
- هەر بەرمیلێک نەوت بە 15 دۆلار دەفرۆشنە بازرگانان
- بازرگانان بەرمیلێک نەوتی خاو بە 17 دۆلار بە پاڵاوگەکان دەفرۆشنەوە.
- یەدەگی نەوتی سووریا لە نێوان 2 تا 3 ملیار بەرمیلە.
- یەدەگی گازی سروشتی لە سووریا 241 ملیار مەتر سێجایە
- لە سووریا دوو پاڵاوگە هەیە: حومس کە ڕۆژانە 107 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت. بانیاسیش توانای پاڵاوتنی 133 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە.

# نەوت وەک کاڵایەکی ستراتیژی دەمێنێتەوە؟

گۆران شێخ مستەفا*

دابەزینی نرخی نەوت لەچەند مانگی ڕابردوودا دوای پێنج ساڵ لە مانەوەی بە جێگیری، بەتەنیا گرفتی کورتهێنانی بودجەی بۆ وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت دروست نەکردووە، بەڵکو پێگەی ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتانەش لاواز دەکات. گومان لەوەدا نییە ئەو وڵاتانەی لە ئاستێکی بەرزدا پشت بەداهاتی نەوت دەبەستن بۆ بودجەکەیان، ڕووبەڕووی شۆکی گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوت دەبنەوە. دواجار تووشی گرفتی قووڵی ئابووری و سیاسی دێن. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی کورتهێنانی بودجەش ناچارکردنی وڵاتانە بە قەرزکردن بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکە لە بانکی دراوی نێودەوڵەتی یان لە بانک و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان کە نرخێکی زۆری سوود لە بەرامبەر قەرزەکان وەردەگرن. بەمەش وڵاتی قەرزدار کۆت و بەندی برگە و بەندەکانی بانکی نێودەوڵەتی دەبێت کە زۆربەی جار قەرزارەکان ناچار بەسازش دەکات.

هەوڵی ئەمەریکا و سعودیە بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت، کاریگەری لەسەر بەهای نەوت وەک کاڵایەکی ستراتیژی دەبێت. ئەم هەوڵە بەتەنیا بۆ لاوازکردنی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ئەندام لە ئۆپێک نییە وەک ئێران، بەڵکو لەدژی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نائەندامیشە وەک ڕووسیا. ئەوەتا شازادە وەلید کوڕی تەلال، سەرۆکی گرووپی هۆڵدینگی شاهانە کە گەورەترین وەبەرهێنی نەوتە لە شانشینی سعودیە، لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی CNBC ، دەڵێت نرخی نەوت هەرگیز ناگاتەوە ئاستی 100 دۆلاری ئەمەریکی. بەمەش هەوڵەکەی سعودیە وەک ڕێبەرێکی کارای ڕێکخراوی ئۆپێک ڕوونتر دەبێتەوە کە لەلایەک بە پێشنیارەکەی ئۆپێک ڕازی نەبوو بۆ ڕێگەگرتن لە دابەزینی نرخ بڕی بەرهەمهێنان کەمبکاتەوە، لەلایەکی دیش وەک ڕێکخراوێکی مردوو مامەڵە لەگەڵ ئۆپێک دەکات. ئەمەش بەربەستێکی بەردەوامی بەردەم بەرزبوونەوەی بەهای نەوتە. مانەوەی بەهای نەوتیش بەو نزمییە ئەگەری مانەوەی وەک کاڵایەکی ستراتیژی لاواز دەکات.

پەیوەندیی نێوان نرخ و جۆری هەر کاڵایەک کاریگەری بەهاکەی دیاریدەکات. نەوت یان وزە بەگشتی بەتەنیا بەهۆی جۆرەکەی کە سەرچاوەیەکی سروشتی ناباوی جیهانە، دیاری نەکراوە، بەڵکو بەهۆی نرخەکەشیەتی. کاتێک لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا نەوت نزیکەی 60%ی بەهای خۆی لەدەستداوە، (بەشێکی زۆر لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی خستووەتە بەر سیاسەتی دەستگرتنەوە)، هیچ پێشبینیەک بۆ جێگیربوون یان بەرزبوونەوەی نرخەکەشی لەئارادا نییە. بەمەش گومانی بە بەها مانەوەی ئەم کاڵا ستراتیژیە لەگەڵ دابەزینی نرخەکەی زیاد دەکات.

هیچ وڵاتێک هێندەی ڕووسیا زیانی دارایی بەرنەکەوتووە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت کە دەگاتە نزیکەی 100 ملیار دۆلار لەساڵێکدا. بەڵام ڕازیش نەبوو بەو پێشنیارەی ئۆپێک کە پێکەوە بەهۆی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕێگە لە دابەزینی بەهاکەی بگرن. چونکە ڕووسیا باش لەوە تێگەیشتووە کە÷

یەکەم: ڕێکخراوی ئۆپێک تارادەیەک ڕێکخراوێکی مردووە و ناتوانێت هەماهەنگی و یەکێتی سیاسەتی نەوت لەڕووی نرخ و بەرهەمهێنانیەوە بپارێزێ.

دووەم: ئەم هاڕەکردنەی نرخی نەوت پەیوەندی بە تێربوونی بازاڕ و نەبوونی خواستەوە نییە تا بەرهەمهێنانی کەمبکەنەوە. ڕەنگە سوودی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ڕووسیا تەنیا ئەوە بێت کە ئەو کەمکردنەوەیە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای ڕۆبڵی ڕووسی پاش ئەوەی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ئەویش ڕووی لە دابەزین کرد. بەڵام ئەوەی ڕوونە لەبەردەم ڕووسیادا، ئەوەیە کە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت نرخەکەی ناگەڕێنێتەوە ئاستی جارانی. بەوەش بودجەکەی تووشی کورتهێنانی زۆرتر دێت.

نرخی نەوت ئەگەر ڕوو لە بەرزبوونەوەش بکات، پێناچێ نرخەکەی لە نێوان 70- 80 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرزتر ببێتەوە.

دیاریکردنی نرخی نەوت بەشێکی پەیوەستە بەخواست و خستنەڕووی ڕاستەقینە، بەشەکەی دیکەی پەیوەستە بە پێشبینیکردن. لەڕاستیدا بەرزونزمیی ئاستی خواستیش هەر پەیوەندی بە پێشبینیکردنەوە هەیە و پەیوەستە بەئاستی چالاکییە ئابوورییەکان و ئەم چالاکییە ئابوورییانەش کاریگەرن بە ڕووداوەکان، بەتایبەتیش ئاسایش. هەرچی تایبەت بە خستنەڕووشە، کەشوهەوا و کارگە پیشەسازییە زەبەلاحەکان کاریگەری لە بڕەکەی دەکەن. حاڵی حازر خواست لەسەر نرخی نەوت بەهۆی سستیی چالاکییە ئابوورییەکان کەمە. بەشێکی کاریگەر لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت وەک عێراق و لیبیا و ڕووسیا لە گرفتی سیاسی و نائارامیدان. سعودیەی گەورە بەرهەمهێنەری نەوتیش بەهۆی بڕە پارەی یەدەگ و کەمیی تێچوونی بەرهەمهێنان و قەبارەی هەناردەکەی کاریگەر نەبووە بە دابەزینی بەهای نەوت. سعودیە خاوەنی 900 ملیار دۆلاری یەدەگە و تێچووی بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوتیش تەنها 5-6 دۆلارە و ڕۆژانەش نزیکەی 10 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ. بەمەش سعودییە بە بەردێک دوو نیشان دەشکێنێ: یەکەم، پرۆژە هاوبەشە شاراوەکەی هاوپەیمانەکەی دێنێتەدی کە بێبەهاکردنی نەوت و زیانگەیاندن بە ڕووسیا و ئێرانە. دووەم، زیانێکی زۆریش بە گەشەکردنی پیشەسازی نەوتی لیتەیی دەگەیەنێت کە ئەمەریکای هاوپەیمانی و چینی ڕکابەری هاوپەیمانەکەی سەرکردایەتی دەکەن. ئێستا تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی بەراورد بە نرخی نەوتی ئاسایی زۆر بەرزترە.

نەوت لەچاو کاڵا ستراتیژیەکانی دیکەدا، ئەرکێکی قورستری لەسەر وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی هەیە. زۆربەی وڵاتان چاودێری ئەو کاڵا ستراتیژیانە دەکەن کە لە وڵاتەکەیان بازرگانی پێوەدەکرێت، بۆ ئەوەی بەئاگابن لەوەی چی بەسەر ئەو کاڵایانە دێت لەڕووی قەبارە و نرخەوە، بەتایبەت چاودێریکردنی قەبارەی بەردەستبوونی ئەو کاڵایانە لەداهاتوودا. بەڵام چاودێریکردنی بەهای نەوت زۆر زەحمەتە، چونکە نەوت کاڵایەکە دیاریکردنی نرخەکەی لەدەرەوەی سنوورەکانە. ئەوەی وڵاتەکان یان بەرهەمهێنەرەکانی نەوت دەتوانن بیکەن، ئەوەیە کە کۆنترۆڵی تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی بکەن لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی جیاوازیی نرخی فرۆشتن و تێچوونی بەرهەمهێنانی.

سەرەڕای دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت، ئەوانەی هەمیشە بە ئومێدەوە مامەڵە لەگەڵ نرخی نەوت دەکەن، پێیانوایە ئەم دابەزینە کاتییە و هەرگیز نەوت بەهێزییەکەی وەک کاڵایەکی ستراتیژی لەدەست نادات. بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەو هاوکێشە لۆگاریتمییە ماتماتیکییەیە کە پێیدەگوترێ (fast Fourier transformation). بەپێی ئەم هاوکێشە ماتماتیکییە نرخی نەوت لەساڵی 2000ەوە بە گۆڕانکارییەکی خولخواردوو یان بازنەییدا تێدەپەڕێ و هەر 32 بۆ 34 مانگێ جارێک تووشی دابەزینی بەها دەبێت، وەک ئەوەی لە 2011 ڕوویدا و پێش ئەوەش لە 2008 و 2005 ڕوویاندا.



***ماستەر لە گەشەپێدانی ئابووری و شرۆڤەی سیاسەتە ئابوورییەکان- بەریتانیا**

## تاڵەبانی 2 خولەک بەتەلەفۆن قسەی کردووە

# یەکێتی بەهیوایە تا کۆتایی ئەمساڵ ناکۆکییەکانی چارەسەر بکات



**ئەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

دواجار چوار سەرکردەی یەکێتی، کۆسرەت رەسوڵ، بەرهەم ساڵح، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا بەختیار کە دوو جەمسەرە ناکۆکەکەی نێو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێکدێنن، رۆژی یەکشەممە 8ی شوباتی 2015 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوە.

بەرپرسانی باڵای یەکێتی کۆبوونەوەکە بە "ئەرێنی" نێودەبەن و هیوای زۆریان پێدا هەڵواسیوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی یەکێتی. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت دەرکەوتنی ئەنجامەکانی ئەو کۆبوونەوەیە "دوای راپۆرتی لیژنەکان دەردەکەوێ".

هەردوو جێگرەکەی تاڵەبانی کۆسرەت رەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵح، سەرەتای ساڵی رابردوو نامەیەکیان بە واژۆی خۆیان بڵاوکردەوە کە تێیدا داوای بەستنی کۆنگرە و چاکسازییان کرد لە نێوخۆی یەکێتی. کۆبوونەوە لە دوای کۆبوونەوە، ئەنجامەکە گەیشت بەوەی 4 لیژنە دروستبکەن بۆ چاکسازی لە دارایی، راگەیاندن، رێکخستن و پێشمەرگەی یەکێتی. بەپێی زانیارییەکانی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی، ئەو چوار سەرکردەیە رۆژی یەکشەممە رێککەوتوون لەسەر ئەوەی لیژنەکان کاری خۆیان بکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوایە لیژنەکان تاکە پرۆژەی نێو یەکێتی نین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەڵێ "چەند پرۆژەیەکی دیکەش هەن، یەکێک لەو پرۆژانە لەلایەن ئەنجوومەنی ناوەندەوە دراوەتە مەکتەبی سیاسی و بەپێی ئەو پرۆژەیە شێوازی کار و بڕیاردان لەناو یەکێتی بەتەواوی دەگۆڕێ".

فەرید ئەسەسەرد، باسی پرۆژەکەی ئەنجوومەنی ناوەندی حیزبەکەی دەکات کە بەپێی ئەو پرۆژەیە " 150 کەس هەڵدەبژێردرێن و ئەوانە دەبنە هەڵبژێردراوی کۆنگرە، دواتر ئەوانە 30 تاوەکو 40 کەس هەڵدەبژێرن کە دەبنە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەندیش دەبێتە چاودێر بەسەر بڕیارەکانی یەکێتی و سیستمی بڕیاردان و سەرۆکایەتیکردنی یەکێتی دەبێتە سیستمێکی پەرلەمانی".

فەرید ئەسەسەرد ، وای بۆ دەچێ سەرکردە ناکۆکەکانی یەکێکی هەلێک بدەنە لیژنەکان و لەڕێگەی لیژنەکانەوە دواهەوڵی خۆیان بدەن "هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بگەنە ئەنجامێک و دواتر بڕیار بدەن لەوەی کە ئایا کەی کۆنگرە ببەستن".

گوتیشی، ئەگەر لیژنەکان سەرکەوتوو نەبوون "لەوانەیە پەنا ببرێتە بەر پرۆژەکانی دیکە".

### یەکێتی کێشەی بڕیاردانی هەیە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، لەبارەی کێشەکانی نێو یەکێتییەوە دەڵێ "کێشە زۆرن، بەڵام ناوەندی بڕیاردانی یەکێتی کێشە سەرەکییەکەیە و دەبێ یەکلایی بکرێتەوە، چونکە یەکێتی ناوەندێکی یەکگرتووی بڕیاردانی نییە". هەروەها دەڵێ، دەبێ لیژنەکان دەستبەکاربن و دەرفەتیان بدرێ بە جددی کاری خۆیان بکەن، تاوەکو یەکێتی کێشەی بڕیاردان چارەسەر نەکات، چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە سوودی نییە".

(رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی نێو یەکێتییەوە زانیویەتی، چوار سەرکردەکە پێشتر بەهۆی دەستبەکارنەبوونی لیژنەکان و کێشە لەسەر کارکردنی لیژنەکان کۆنەبوونەتەوە، بەڵام لە کۆبوونەوەکەی ئەمجارەدا رێککەوتوون لەسەرئەوەی لیژنەکان دەستبەکار ببن و هەر لیژنەیەک راپۆرتی خۆی ئامادەبکات و دواتر راپۆرتەکان بدرێتە چوار سەرکردەکە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی دووەم بە چوارقۆڵی ئەنجام بدەنەوە.

پێشتر باڵە ناکۆکەکانی یەکێتی، باڵی دەستڕۆیشتوو بە سەرکردایەتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ هەردوو جێگری تاڵەبانی کۆبوونەوە و بڕیاردرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان چەند لیژنەیەک پێکبهێنن. لیژنەکانیش بۆ پرسی دارایی یەکێتی، بڕیاردانی یەکێتی، راگەیاندن، رێکخستن و هێزی پێشمەرگە بوون، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوانیانەوە تاوەکو ئێستا لیژنەکان دەستبەکار نەبوون.

یوسف زۆزانی، ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی، گەشبینە بەوەی ئەمساڵ بگەنە ئەنجامێک و دەڵێ "چەند رۆژێک لەمەوبەر لەبارەی کێشەکانەوە قسەم لەگەڵ دلێری سەید مەجید کرد، ئەو گوتی دۆخەکە باشە و شتی خۆش دەبیستی". دلێری سەید مەجید کە تاکە متمانەپێکراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە بۆ سەرپەرشتیکردنی دارایی یەکێتی، هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی سەرکردەکانی یەکێتی لانیکەم کۆببنەوە.

هەربەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، لە کۆبوونەوەکەی ئەمجارەدا، باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، پێشنیاری کردووە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆببنەوە (کە نزیکەی ساڵێکە نەیتوانیوە کۆبوونەوە بە بەشداری هەموو ئەندامانی ساز بکات)، بەڵام هەردوو جێگرەکە رەتیانکردووەتەوە و داوایان کردووە پێشتر لیژنەکان کاری خۆیان بکەن. فەرید ئەسەسەرد لەوبارەوە گوتی "بەپێی زانیارییەکانی من، لیژنەکان دەستبەکار دەبن و راپۆرتی خۆیان دەدەنە ئەو 4 سەرکردەیە و دواتر کۆبوونەوەیەکی دیکەی چوار قۆڵی ئەنجامدەدەن، پاشان بڕیار دەدەن مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کەی کۆدەبێتەوە".

### تاڵەبانی 2 خولەک تەلەفۆنی کرد

رۆژێک پێش کۆبوونەوەکە، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی بەتەلەفۆن لەگەڵ عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی قسەی کردووە. هەرچەندە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی تاڵەبانی دوور بووە لە سیاسەت، بەڵام تاوەکو تاڵەبانی زیاتر قسە بکات، هیوایەکی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێو یەکێتی پەیدا دەبێ.

عەدنان موفتی بە (رووداو)ی گوت "مام جەلال بە دەوروبەرەکەی گوتبوو کە منی بۆ وەربگرن، پێکەوە قسەمان کرد و نزیکەی 2 خولەکی خایاند، زیاتر من باسی یادەوەرییەکانم بۆ دەکرد و ئەویش پێدەکەنی". گوتیشی "بەپێی قسەکانی، سوپاس بۆخوا دۆخی تەندروستی باشترە لەوکاتەی بینیم".

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە باشتربوونی تەندروستی تاڵەبانی، تەندروستی نێوخۆی یەکێتی باشتر دەکات؟ عەدنان موفتی دەڵێ "حەتمەن، چونکە کاتێک مام جەلال دۆخی ئاسایی دەبێتەوە رۆڵی دەبێ لە نزیکترکردنەوەی سەرکردە ناکۆکەکان".

بەبڕوای فەرید ئەسەسەرد "ئەگەر مام جەلال نیوەی تەندروستییەکەی جارانیشی بۆ بگەڕێتەوە، دۆخی نێوخۆی یەکێتی باشتر دەبێ". گوتیشی " تەنانەت پەیوەندییەکانی یەکێتیش لەگەڵ لایەنەکانی دیکە باشتر دەبێ".

---

# چاودێری لەسەر حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکان توند دەکرێت



**رووداو- هەولێر**

بۆ رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی بیری توندڕەویی ئاینی، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بڕیاری داوە چاودێریی زیاتری حوجرە و قوتابخانە و پەیمانگا ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بکات، بەڵام خوێندکارانی خوێندنی ئیسلامی رەتیدەکەنەوە کەسانی توندڕەو لە خوێندگاکانیان هەبێت. ئەم هەنگاوەی وەزارەت لەکاتێکدایە کە بەپێی گوتەی بەرپرسانی باڵا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 500 گەنجی هەرێمی کوردستان لەوەتای رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) راگەیێنراوە، چوونەتە نێو ئەو رێکخراوە. لەوانەش ژمارەیەک کارمەندی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف خۆی.

وەزارەتی ئەوقاف لیژنەیەکی باڵای پێکهێناوە بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامی خوێندن، پێشنیازیش کراوە هەندێک لە بابەتە سەردەمییەکانی وەک مافی مرۆڤ و فیقهی سەردەم بخرێنە ناو پرۆگرامی خوێندن.

بەڵام راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی هەولێر جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ خوێندکارێکی ئەوان نەبووەتە داعش.

وەزارەتی ئەوقاف هەر لە چوارچێوەی ئەو هەوڵەدا بۆ بەگژداچوونەوەی بیری توندڕەویی ئاینی داوای هاوکاری لە هاونیشتمانیان دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە لەنێو مزگەوت و خوێندنگا ئیسلامییەکانەوە دەچنە ریزەکانی داعش، چونکە بەپێی گوتەی ئەوان، کۆنترۆڵکردنی زیاتر لە پێنج هەزار مزگەوت و زیاتر لە 200 حوجرەی فەقێیان کارێکی سەختە.

لە هەرێمی کوردستان پێنج پەیمانگای زانستی ئیسلامی هەن کە یەکێکیان ئێوارانە، زیاتر لە سێ هەزار و 616 قوتابی لەو پەیمانگایانەدا دەخوێنن. لە پارێزگای هەولێر 604 قوتابی، لە سلێمانی 434 قوتابی و لە ناوەندی پارێزگای دهۆکیش 451 قوتابی و هەروەها لە ئاکرێ 127 قوتابی لەم بوارەدا دەخوێنن.

---

## ئەمریکی و کەنەدییەکان مەشقی شەڕی کۆڵان بە کۆڵانیان پێدەکەن

# 8000 پۆلیس ئامادەن بۆ هێرشکردنە سەر مووسڵ

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ژمارەی ئەو پۆلیسانەی پەیوەندی بە سەربازگەی تایبەت بە ئامادەکرنی هێز بۆ هێرشی سەر مووسڵ دەکەن، روو لە زیادبوونە. بەرپرسێکی باڵاش لەو سەربازگەیە دەڵێت سەرەتا ژمارەی ئەو پۆلیسانە هەزار کەس بوو، ئێستا ژمارەیان گەیشتووەتە 8 هەزار کەس.

ئەو پۆلیسانەی مەشقیان پێدەکرێت لە سەرجەم پێکهاتە و ئاین و ئاینزاکانی عێراقن، بەڵام پۆلیسە کوردەکان دەڵێن لە نێو ئەو هێزەدا عەرەبەکان زاڵن.

پۆلیسێکی کوردی ئێزدی لە نۆرەی وەرگرتنی مووچەدا وەستابوو گوتی "من خەڵکی شنگالم، پێش شەڕی داعش پۆلیس بووم لە شنگال، هاتووم بۆ ئەوەی بەشداری شەڕی رزگارکردنی شنگال بکەم و ناوچەکانمان لە بن دەستی داعش دەربێنین، بەڵام زۆر بێزارین لە هەڵسوکەوتی عەرەبەکانی ئەو سەربازگەیە".

هەرچەندە ئەو سەربازگەیە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانە و حکومەتی هەرێمی کوردستان شوێنێکی لە نزیک قەزای بەردەڕەش دابینکردووە بۆ مەشقی پۆلیسەکان، بەڵام پۆلیسە ئێزدییەکە سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت "لێرەوە هەتا لای خودای گەورە جیاوازی لە نێوان کورد و عەرەب هەیە، ئەو کاتەی ئێمە لە شنگال بووین پێش هێرشی داعش، ئەم جیاوازییە هەر هەبوو، بەڵام پێشبینیمان نەدەکرد کە لەسەر سەر خاکی کوردستانیش ئەم زوڵمە هەر هەبێت، دەبینی تەنیا پۆلیسی کورد لە نۆرەی وەرگرتنی مووچەدان، کەچی عەرەبەکان لەژێر خێوەتەکانیان و لە شوێنی پشوودانیان مووچە وەردەگرن".

ئەو پۆلیسە لە ترسی سزادانی لەلایەن سەرووی خۆی، نەویویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتیشی "هەتا ئێمە لەبن دەستی عەرەب بین، حاڵی ئێمە وا دەبێت".

سەربازگەی دوبەردان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری مووسڵ، کە تەنیا 10 کم لە سەنتەری مووسل دوورە، سێ مانگە مەشق و راهێنان بە پۆلیسەکانی مووسل دەکرێت، ئەوانەی ئاوارەی کوردستان بوون.

موقەددەم روکن محەممەد وەکاع کە بەرپرسێکی سەربازگەکەیە دەڵێت "تاوەکو ئێستا نزیکەی 4 هەزار پۆلیس مەشقەکەیان تەواو بووە، چوار هەزاری دیکەش پەیوەندیان بە سەربازگەی ئێمە کردووە، لە نزیکترین کاتیشدا ئەوانیش دەست بە مەشق و راهێنان دەکەن". وەکاع گوتیشی "تاوەکو ئێستا هەشت فەوج لەو پۆلیسانە دروستکراوە، کە بەرپرسی یەکێک لەو فەوجانە ئەفسەرێکی کوردە".

محەممەد وەکاع باسی مەشقەکانی ئەو سەربازگەیە دەکات و دەڵێت "جگە لە مەشقی ئاسایی، رۆژانە 10 راهێنەری ئەمریکی و کەنەدی لەم سەربازگەیە مەشقی شەڕی کۆڵان کۆڵان بەم پۆلیسانە دەکەن".

هەندێک لەو پۆلیسانە تاوەکو ئێستاش کەسوکاریان لە موسڵە کە (م.ن) یەکێکە لەوان. ئەو دەڵێت "تاوەکو ئێستاش خێزانەکەم لە موسڵە، رۆژانە لەلایەن داعشەوە ئازاریان پێدەگات، بۆیە حەز دەکەم بە زووترین کات هێرش بکەینە سەر موسڵ".

### پۆلیسێکی ئێزیدی: لێرە هەتا لای خودا جیاوازی لە نێوان پولیسی کورد و عەرەب هەیە



رووداو
تاراوگە
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9



## لە سوێد کۆمەک بۆ خێزانی شەهیدێک کۆدەکرێتەوە

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

لەچەندین لاوە لە سویدا کەمپینی کۆکرنەوەی کۆمەکی ئابووری بۆ خێزانی شەهیدێکی کوردستان بەڕێوەدەچێت. شەهید هوجام سورچی ئەو پێشمەرگەبوو کە لەلایەن چەکدارێکی کوردی نێو داعش سەری لە جەستەی جیاکرایەوە، خێزانی ئەو شەهیدە لە ڕووی ئابوورییەوە هەژارن و پێویستیان بەهاوکاری ئابووریە هەیە. ژیان بەهرۆزی و رزگار سەفەری ئەو دوو کوردەن کە لە سوید یەکێک لەو چالاکییانە بەڕێوەدەبەن. هەر بۆ هەمان مەبەست رۆژی 2015/2/8 هونەرمەند بڵند عەبدوڵڵا کۆنسێرتێکی لە چێشتخانەی ناز لە ڤێلینگبی لە شاری ستۆکهۆڵم سازکرد.

# ئێزیدییەک لە رووسیا دەبێتە قەشەی کڵێسایەک



**خۆشەوی محەممەد**
**رووداو- نیژنی نۆڤگۆرەد**

کوردێکی پێشتر ئێزیدیی دانیشتووی رووسیا، دەبێتە قەشەی کڵێسایەکی شاری نیژنی نۆڤگۆرەد پاش ئەوەی ئاینەکەی خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە مەسیحی.

بەپێی ئامارەکان 122 هەزار کوردی ئێزیدی لە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو دەژین، (40 هەزار ئێزیدی لە رووسیا، 60 هەزار لە ئەرمەنستان و 20 هەزار لە جۆرجیا و 2000یش لە ئۆکراینا).

هەندێک لەو ئێزیدیانە دەبنە مەسیحی و ئەندامی کڵێسای ئۆرتۆدۆکس. بەوجۆرەش قەشە مەدای ماحەمدی، ئێستا کوردێکی ئۆرتۆدۆکسە.

ماحەمدی چیرۆکی گۆڕینی ئاینەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی کە خێزانەکەی ئەو لە باکووری کوردستانەوە کۆچیان کردووە بۆ جۆرجیا و ئەویش لە جۆرجیا لەدایکبووە. لەوێ وەک هەر منداڵێکی ئێزیدی لەگەڵ گەورەکان بەشداریی رێوڕەسم و سرووتە ئاینیەکانی ئێزیدی کردووە، بەڵام چوونەتە کڵێساش.

"بە منداڵی لەگەڵ کەسوکارم دەچوومە کڵێسای ئۆرتۆدۆکس، لە ماڵەوە ئایکۆنمان هەبوو، رۆژانی یەکشەممە و لە جەژنەکاندا مۆممان لەبەردەمیاندا دادەگیرساند، هەربۆیە خۆرپەرستی و چوونە کەنیسە لە هەمانکاتدا بەلامانەوە ئاسایی بوو، بەڵام من هەمیشە زیاتر مەیلم بەلای مەسیحدا دەچوو".

ماحەمدی ساڵی 2002 روودەکاتە مۆسکۆ و لەوێ دیارییەک ژیانی دەگۆڕێ "لە مۆسکۆ ئینجیلێکیان بە دیاری پێدام، لێرەوە دەستمپێکرد، رۆژی چوار تا پێنج کاژێر ئینجیلەکەم دەخوێندەوە، جاری وا هەبوو هەموو شەوەکە خەریکی خوێندنەوەی دەبووم، هەرچەندی دەمخوێندەوە تێر نەدەبووم لێی، پاش ئەوەی بە مەسیح ئاشنا بووم، ئەمە یەکەم پەیوەندیم بوو لەگەڵ پەروەردگار، هەموو ژیانمی پێچەوانە کردەوە".

ئایا لە ئاینی ئێزیدیدا پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگار نییە؟ مەدای ماحەمدی دەڵێت "لە ئاینی ئێزیدی نزیکبوونەوە لە خودا نییە، هیچ یەکگرتنێکی زیندوو نییە لە نێوان مرۆڤەکان و پەروەردگاردا، هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ خالق نییە، خواوەندی ئەوان زۆر دوورە لە مرۆڤ".



### رێوڕەسمی باپتیسمای بۆ دەکرێت

مەدای دوای ئەوەی قەناعەتی تەواوی بۆ دروست دەبێت، دەچێتە کڵێسا بۆ ئەنجامدانی رێوڕەسمی شۆردن (باپتیسما). ئەو دەڵێت "بڕیارمدا کە بشۆردرێم. چوومە کەنیسەکە هەر وەک زۆر جاری دیکە چووبووم، لە کاتی نوێژکردندا بوون، تەنیا بەرگەی 2 خولەکم گرت، لەناکاو هەستم بە قورسی کرد، دوایی کاهینێک پێیگوتم روحێکی خراپ لە ناو ئەو کەسانەدایە کە باپتیسما نەکراون و ناهێڵێت ئەو کەسە بێت بۆ لای پەروەردگار، چووم بۆ شاری نیژنی نۆڤگۆرەد، لەوێ کاهینێکم ناسی کە رۆژی چەند کاژێرێک لە کاتی خۆی دادەنا بۆئەوەی من بە باشی ئامادە بکات، زۆر بە جددی خۆم ئامادەکرد بۆ باپتیسما، من ئەمە بە گرنگترین شتی ژیانم دەزانم".

مەدای جاری دووەم لە ساڵی 2007 لەسەر دەستی کاهینێکی شاری نیژنی نۆڤگۆرەد رێوڕەسمی باپتیسمای بۆ دەکرێت "کە چوومە کڵێسا کاهینەکە بە زەردەخەنەوە لێی پرسیم، دەتەوێت رابکەیت؟ ئینجا مەراسیمی کاتەکومێن (فەرمانپێکراو) دەستیپێکرد، کاتێک کاهینەکە نزای کرد و دەستی خستە سەر سەرم، بورامەوە. کە بەهۆش هاتمەوە و چاوەکانم کردنەوە، بینیم لەسەر کورسییەک دانیشتبووم و کاهینەکە ئاوی پیرۆزی پێدا دەپرژاندم، دوای باپتیسما مۆمی داگیرساومان بەدەستەوە گرت، نیشانەی یەکگرتوویی هەمیشەیی لەگەڵ مەسیح، سێ جار بە دەوری حەوزی باپتیسمادا رۆیشتین، زانیم کە دڵم بە تەواوی گۆڕابوو".

### کەسوکارەکەی چییان گوت

ئاینی ئێزیدی، ئاینێکی داخراوە، کەس قبوڵ ناکات و ئەوەی لە ئاینەکەش دەربچێت کەسوکارەکەی حاشای لێدەکەن و لە میرات بێبەشی دەکەن، بەڵام ماحەمدی دەڵێت "خێزانەکەی من هەمیشە رایان باشبووە بەرامبەر بە ئۆرتۆدۆکس، هەر وەک هەموو ئێزیدییەکان، وەکو پێشتر گوتم ئێزیدییەکان دەتوانن بچن بۆ کڵێسا و لە ماڵەوە ئایکۆنیان هەبێت، بەڵام مەراسیمی باپتیسما بە پێویست نازانن، چونکە لە گرنگیی ئەم کارە تێناگەن".

مەدای درێژەی پێدەدات و دەڵێت "کە پێمگوتن دەمەوێت بشۆردرێم رازی نەبوون، دوایی گوتیان باشە، باپتیسما بکرێ، بەڵام ئێستا نا، کاتێکی دیکە، لە کۆتاییدا پێمگوتن کە ئامادەم باپتیسما بکرێم. کەسوکارم بەگشتی تووڕەبوون لەو بڕیارەم، بەڵام بە میهرەبانیی خودا هەموویان باپتیسما کران، یەک بە یەک، بە ویستی پەروەردگار ئەوانی دیکەش باپتیسما دەکرێن، شادومانم بەوەی کە بەکەڵک هاتم بۆ هێنانی کەسوکارم و چەند کوردێکی دیکە بۆ سەر ئەم ئاینە.

### "دەیان هەزار کورد بوونەتە مەسیحی"

مەدای دەڵێت ئەو تاکە کوردی ئێزیدی نییە لە رووسیا کە بووەتە مەسیحی "ژمارەی تەواوی کوردی مەسیحی نەزانراوە، بەڵام وا مەزەندە کراوە کە دەیان هەزارن، ئەم ژمارەیە بەردەوام لە زیادبووندایە، لە رووسیا کوردی ئۆرتۆدۆکس زۆرن، ئەگەر پەروەردگار بەرەکەتی تێبکات، هیوادارم بنکەیەکی کوردی ئۆرتۆدۆکس لە مۆسکۆ دابمەزرێنرێت".

گوتیشی "ئێستا لە جۆرجیا کورد بە کۆمەڵ دەبنە ئۆرتۆدۆکس، دەتوانم بڵێم 30%ی کوردی ئێزیدیی جۆرجیا بوونەتە مەسیحی".

مەدای ماحەمدی کە ئێستا کاری تەبشیری دەکات بۆ کڵێسای ئۆرتۆدۆکس، دەڵێت بە تەنیا کوردی ئێزدی نابنە مەسیحی، بەڵکو کوردی موسڵمانیش دەبنە مەسیحی.

مەدای گوتی " بەردەوام کوردی موسڵمان لە رووسیا و کازاخستان و زۆر شوێنی دیکە دەبنە مەسیحی، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەناو ئێزیدییەکان چالاکترە، چونکە هەر لە کۆنەوە مەسیحییەکان بە دۆستی خۆیان دەزانن".

### "ئاینی ئێزدی تێکەڵە"

لەنێو ئاینی ئێزدیدا چەند چینێک هەیە وەکو شێخ، پیر، مورید و فەقیر. مەدای لە چینی مورید بووە. ئەو دەڵێت لە ئاینی ئێزیدیدا زۆر شت ئاشکرا نییە. نموونە بە دوو کێتبەکەی ئێزدیان (جیلوە و مەسحەفی رەش) دێنێتەوە کە یەکەمیان لە سەدەی 12 کۆکراوەتەوە و دووەمیشیان لە سەدەی 17. ئەو دەڵێت "ئەو دوو کتێبە دژ بە یەک و ناکۆکن، لە ناویاندا مێژوویەکی تێکەڵ هەیە کە لە پەرتوکی پیرۆزەوە بە هەڵە وەرگیراوە".

ئەو دەڵێت "ئێزیدییەکان هەندێک شتیان لە مەسیحیەتەوە وەرگرتووە، مەراسیمێکیان هەیە کە لەبەرگرتنەوەی باپتیسمایە، سێ جار نوقمی ئاو دەبن و سەریان دەتاشن".

### رێنماییکارەکەی تیرۆر کرا

مەدای ماحەمدی ئێستا بەردەوام کار دەکات بۆ ئەوەی کوردی زیاتر لە چوار دەوری کڵێساکەی کۆبکاتەوە و پێیوایە لە کارەکەشی سەرکەوتوو دەبێت، چونکە پێیوایە خودای لە پشتە.

رێنماییکەری ئەو کوردە کاهینێک بووە بەناوی دانیال سیسۆیڤ کە ماحەمدی بە رێپیشاندەری روحیی خۆی ناوی دەبات و دەڵێت "ئەویش پێشتر موسڵمان بوو، دواتر بووە مەسیحی، چەندین جار لەلایەن موسڵمانە رادیکاڵەکانەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، تا ساڵی 2009 لە شاری مۆسکۆ لەلایەن رادیکاڵەکانەوە لە کەنیسەکەی خۆیدا تیرۆرکرا".

# گەنجانی کورد لە ئەمریکا وێڵی دەستکەوتنی کارن



**یەحیا بەرزنجی**
**رووداو- ماساچوستس**

سەهێل و توانا رۆژەکانی بێکارییان لەبەردەم شاشەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەکانی دەستیان بەسەر دەبەن، تاوەکو هەواڵی کارێک راوبکەن.

"من و ئەو زۆرترین کات بۆ دەستکەوتنی کارێک بەسەر دەبەین، ئێمە دوو کەپڵ نین سەرمان بەیەکەوە نابێ لە گەشت و سەیران و زانکۆ، تەنیا لە هەوڵی ئەوەداین کارێکمان دەستبکەوێ و یارمەتی خێزانەکانمان بدەین". ئەمە قسەی سەهێل میهرەبانییە.

توانا ئاواز ناخوێنێ، بۆیە کاتێک سیڤی بۆ کۆمپانیایەک دەنێرێت، یان لە بازاڕەکان دەگەڕێت بۆ دەستکەوتنی کار، یەکەم قسەی ئەوەیە کە ناخوێنێ و کاتی زۆر بۆ ئیشکردن تەرخان دەکات. ئەو دەڵێت "باری ئابووری وایکردووە هەلی کار لە ئەمریکا زۆر کەم ببێتەوە، نەخاسمە بۆ پەنابەرێکی کوردی وەکو من".

تاکە ئیشکەری ماڵی توانا دایکێتی کە هەفتانەکەی تەنیا 250 دۆلارە، ئەوەش بۆ گرانیی ئەمریکا هەر هیچ نییە. توانا دەڵێت "لێرە ئەگەر مانگانە 3000 دۆلار داهاتت نەبێت، ناتوانی بڵێی لە ئەمریکا بە سانایی ژیان بەڕێدەکەم".

لە نێو گەنجانی کورد لە ئەمریکا دوو جۆر بیرکردنەوە هەیە، ئەوانەی دەیانەوێ رۆژانە شتێکیان دەستبکەوێت و بە دەستی خاڵی نەگەڕێنەوە ماڵەوە، هەندێکیش نایانەوێ ئایندەیان ناڕوون بێت وەکو دایک و باوکیان و هەر خەریکی کارکردن بن.

سەهێل کە عەوداڵی دەستکەوتنی کارێکە، دەڵێت باوکی لۆرییەکی گەورە لێدەخوڕێ، شۆفێرە، سەوزە و خۆراک بۆ هەموو ئەمریکا دەگوازێتەوە، هەفتانە 100 کاژێر کاردەکات، بۆیە مانگی یەکجار دەیانبینێ.

سەهێل بەردەوام چاو لە ئیمەیلەکەی دەکات بەڵکو یەکێک لە کارگەکان یان کۆمپانیا و خاوەنکارەکان وەڵامێکی ئیمەیلەکەیان دابێتەوە. ئەو دەڵێت "دەزانی زۆر ناخۆشە تۆ ئەو هەموو هەوڵە دەدەیت، تەنیا لەبەر ئەوەی تۆزێک بە باشی بژیت و تووشی نەبوونی نەبیت".

گیرفانی توانا هێندە خاڵییە، تەنانەت ناتوانێ خواستی کچە هاوڕێکەشی بێنێتە دی. ئەو دەڵێت "بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەو کچەی خۆشتدەوێت زۆر خۆشە، بەڵام زۆربەی جار بۆ ئێمە هەر ناخۆشی بووە، شتم زۆر بەسەردا هاتووە، پلانمان هەبووە بچین بۆ بینینی فیلمێکی تازە، هەروەها بەیەکەوە نان بخۆین، زۆرجار دەکەوینە هەڵبژاردنی یەکێکیان، یان سەیرکردنی فیلم یاخود نانی ئێوارە پێکەوە. لێرە پارە بڕیار دەدات چۆن بژیت".

وڵاتی دووەم بۆ خەڵکی پەناهندە زۆربەی کاتەکانی ناڕەحەتییە. لە ئەمریکا جیاوازینەکردن لەنێوان رەنگ و ئاینزا و نەتەوە ئارامبەخشێکی دەروونییە، بەڵام رەنگە لە راسیزم کوشندەتر نەبوونی هەلی یەکسانی کار بێت.

سەهێل میهرەبانی دەڵێت "ئەگەر دایک و باوکت لێرە لەدایک نەبووبن، ئەوە ئەستەمە وەک ئەوان هەلی کارکردنت بۆ هەڵبکەوێ، ئەگەر وەک ئەمریکی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەت نەبێت لە ریزی کۆمپانیاکان و زانکۆکاندا، زەحمەتە دەرگاکانت بۆ بکرێتەوە".

زۆر لە پەنابەران کارکردن وای لێکردوون تەنانەت بواری ئەوەیان نەبێت منداڵەکانیشیان ببینن. توانا ئاواز نموونە بە دایکی دێنێتەوەو دەڵێ "دایکم رۆژانە بۆ هەر سەعاتێکی کار تەنیا 10 دۆلار وەردەگرێت، ماوەی 9 ساڵە لەو شوێنە کار دەکات کە ئەوەش ناهەقی و بێزارکەرە، هەموو رۆژێک کاردەکات و هەفتەی یەک رۆژ پشووی هەیە، من و خوشکەکەم بەکەمی دایکمان دەبینین، کە دێتەوە ماڵەوەش نانمان بۆ حازر دەکات، کەمێک سەیری تەلەڤزیۆن دەکات و دەچێت دەنوێت، بۆ بەیانی دووبارە دەڕواتەوە سەر کار".

وڵاتی مەکینە زلەکان و تەکنەلۆژیا، هەر کە پێت نایە ناویەوە، دەتهارێت. سەختیی ژیان و گوزەران وادەکات رۆژەکانی تەمەن هەمووی وەکو یەک بێت.

سەهێل میهرەبانی دەڵێت "ئەوە گرنگ نییە چەند هەوڵ دەدەیت و کەم دەگەیتە ئاستێکی باڵا، ئێستا هەوڵ دەدەیت کە نەبیت بەژێر پێوە، بەردەوام ژیان دەتخاتە بەردەم دوو ئەگەر، بەردەوامبوون لە رۆیشتن، هەوڵدانی بێوچان تاوەکو رۆژ ئاوابوون، سبەینێش دەستپێکردنەوە بە هەمان رۆتین و دووبارەبوونەوە، ئیدی ئەمەیە ئەمریکا.

ژیان بە گشتی وای لێهاتووە، هەلی یەکسانی کار تەنها چەند وشەیەکە، هەر ئەوەش نا، لە زۆربەی وڵاتان دوو توێژ دەبینرێن: ئەوانەی کەوتوونەتە سەر هێڵی هەژاری و ئەوانەی سامانەکانیان تادێ زەبەلاحتر دەبێ.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

## 70 هونەرمەند پانۆرامای نیشتمان بڵاودەکەنەوە



**هیوا سەڵاح / ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی پشتگیری و پاڵپشتی پێشمەرگە، 70 هونەرمەند خۆبەخشانە بەرهەمێکی هونەریی بە ناوی (پانۆرامای نشتیمان) بڵاودەکەنەوە. هونەرمەندی موزیکژەن هەڵبەست سەلاح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پانۆرامای نیشتیمان بەرهەمێکی کۆڕاڵی نەتەوەییە و زادەی خەیاڵ و بیر و هزرو شۆڕش و بەرخودانەکان و دەنگ و سەداو هاواری ئەنفال و ڕۆحی پیرۆزی شەهیدانی کوردستانە". گوتیشی "ئەم بەرهەمە هۆرەی هەورامان و حەیرانی دەشتی هەولێر و ئای ئای گەرمیان و لاوکی بادینانی تێدا گوتراوەو بەشێوەزاری گەرمیان و کرمانجی و سۆرانی و هەورامییە".







# سازان بارزانی ڕوخسارێکی کوردی لە هۆڵیوود

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

کچێکی کوردی لەدایکبووی ناشڤیلی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەبێتە یەکێک لە مۆدێلە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە و کارەکانیشی ڕۆژ بەڕۆژ پێشدەکەون. سازان بە یەکەمین کچە کورد دادەنرێت کە هەنگاوەکانی بۆ بوون بەئەستێرەیەکی هۆلیوود بەباشی چوونەتە پێش و گرێبەستیشی لەگەڵ چەندین کۆمپانیا هەیە بۆ ئەوەی کاری نمایشی جلوبەرگەکانیان بۆ بکات.

سازان بارزانی، ساڵی 1989 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایکبووە، لە پەیامێکی کورتدا بۆ (ڕووداو) دەڵێت "من لە خێزانێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدایکبووم و بنەماڵەکەم لە کوردستان زۆر ناوبانگیان هەیە، بۆیە کەلتوور و دابونەریتی کوردستانم لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە، بەڵام خێزانەکەم لە کارەکانمدا زۆر هاوکاریم دەکەن".

### سازان بارزانی بۆ ڕووداو:
### ئاواتمە ناوەندێکی گەورەی فاشیۆن لە کوردستان دابمەزرێنم

سازان بارزانی حەزی دەکرد هەڤپەیڤینێکی درێژ لەگەڵ (ڕووداو) بکات، بەڵام گوتی کە بەهۆی سەرقاڵی بە کارەکانیەوە ناتوانێت بە درێژی قسە بکات، جگە لەوەش گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی جلوبەرگ ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی پێنادەن.

سازان گوتی "من کوردم و شانازی بە کوردستانەوە دەکەم، بەڵام بمبورن ئێستا خەریکی نمایشێکی تازەم بۆ یەکێک لە کۆمپانیاکان، گرێبەستم لەگەڵیان واژوو کردووە کە بەپێی گرێبەستەکە ناتوانم هیچ وتووێژێک لەم کاتەدا بکەم، بەڵام بەڵێن بێت لە داهاتوویەکی نێزیکدا قسە دەکەین، زۆر حەز دەکەم کارەکانم لە میدیای کوردیدا دەربکەون".

ئەگەر گەڕانێک لە ئینتەرنێتدا بۆ ناوی سازان بارزانی بکەیت، دەبینی ئەم کچە کوردە لەنێو میدیاکانی ئەمەریکا و ئەورووپاش جێی گر نگییە و چەندین هەڤپەیڤینی لە کەناڵە بەناوبانگەکانی ئەورووپا و ئەمریکا لەگەڵدا کراوە.

ئێستا سازان لە ئەمەریکا بەناوی کوردستانەوە دەردەکەوێت و ناوبانگێکی زۆریشی هەیە.

سازان لە تۆڕی ئینستاگرام نزیکەی 200 هەزار هاوڕێی هەیە لە سەرانسەری جیهانەوە، لەوێ ڕۆژانە وێنە و ڤیدیۆکانی خۆی بڵاودەکاتەوەو لە چەند پارچە ڤیدیۆیەکیشدا هانی کچانی کورد دەدات کە هەنگاو بنێن بۆ نێو بواری فاشیۆن و نمایشکاریی جلوبەرگ، داواش دەکات بەناوی کوردستانەوە ئەم کارە بکەن و ناوی وڵاتەکەیان بەرز بکەنەوە.

ئەم کچە کوردە، دەیانجار بۆ فێستیڤاڵە جیهانییەکان لە ئەمەریکا بانگهێشتکراوە و لەوێ وەک نمایشکارێکی بەناوبانگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دوا دەرکەوتنیشی لە فێستیڤاڵی جیهانی SAG AWARDS بوو کە لە دواڕۆژەکانی ساڵی 2014 لە ئەمەریکا بەڕێوەچوو.

سازان وەک خۆی دەڵێت، هەر لە منداڵییەوە حەزی بە کاری فاشیۆن و دەرکەوتن بووە بەجلی جوانەوە، بۆیە لە تەمەنی 19 ساڵییەوە دەستی بەخوێندنی ئۆنلاین کردووە سەبارەت بە کاری فاشیۆن و هەوڵیداوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بچێتە بوارەکەوە، لە ماوەیەکی کورتدا توانیویەتی ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە کارەکانی تاقیبکاتەوە. دواتر پێگەیەکی (ئۆنلاین)ی بۆ کارەکانی دروستکردووە و لەوێوە ئامۆژگاری کچانی کردووە کە چۆن دەتوانن لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا، تەنانەت لە ڕۆژانی ئاسایی جوانترین جلوبەرگ بپۆشن، ئەمەش وای کرد لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی هەوادارانی لەسەرانسەری جیهان بۆ هەزارەها کەس بەرز ببێتەوەو ئەستێرەکانی جیهانیش مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

سازان لە تۆڕی یوتیوبەوە کارەکانی لە وێنە و تێکستەوە کردووەتە ڤیدیۆ و دواتریش چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی لەگەڵ چەندین گەورە شارەزایانی بواری فاشیۆن و دیزاینی جلوبەرگ و مکیاژ لەوێ بڵاوکردووەتەوە.

سازان دەڵێت "بەهیوام ڕۆژێک بتوانم بگەڕێمەوە کوردستان و گەورەترین ناوەندی فاشیۆن و نمایشی جلوبەرگ دابمەزرێنم، ئەگەر ئەم بیرۆکەیەم سەربگرێت ئەوا دەتوانم پشتگیری گەورە دیزاینەر و پسپۆڕانی بواری فاشیۆن بۆ سەرکەوتنی ئەو ناوەندە بەدەستبهێنم، چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهانیش هەن کە حەز دەکەن کارەکانیان فراوان بکەن، دەتوانم پەیوەندییان لەگەڵ ببەستم بۆ ئەوەی بێنە کوردستان".



### هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان خەیرۆ عەباس:

# نازانم کانتۆن چییە



لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی سووریا لە دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد، کرتەیەکی ڤیدیۆیی هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان خێرۆ عەباس بڵاوکرایەوە کە بە شان و باڵی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریادا هەڵدەڵێت، زۆر کەس وایان لێکدایەوە کە خێرۆ پشتگیری لەو ڕژێمە دەکات، بەڵام لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕاستیی ئەو کرتە ڤیدیۆیە ئاشکرا دەکات و دەڵێت لە ژێر گوشاردا ئەو گۆرانییەی گوتووە و ئەگەر وای نەکردایە بێسەروشوێن دەکرا.
خێرۆ عەباس، 53 ساڵ، لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 1986 چووەتە ئەڵمانیا و یەکەم ئەلبوومی گۆرانی لە ساڵی 1998 بەناوی بەرخودان بڵاوکردووەتەوە.

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: لە ئەلبوومی یەکەمت چەند گۆرانییەکی هونەرمەندە دێرینەکانت بڵاوکردەوە، دەتویست لەو ڕێگەیەوە ناوبانگ پەیدا بکەی؟**

**خێرۆ عەباس:** باوەڕناکەم هونەرمەند بە گوتنەوەی گۆرانی هونەرمەندێکی دیکە ناوبانگ پەیدا بکات، بەڵکو ئەوە دەوەستێتە سەر خودی هونەرمەندەکە کە چۆن دەست بەکاری هونەری دەکات. ئەو کاتەی ئەو بەرهەمم دروستکرد، سەردەمێکی زۆر جیاواز بوو، سەردەمێکی ناخۆش بوو، هونەرمەند نەیدەتوانی ئەلبوومێکی گۆرانی بەرهەم بێنێت، من تەنیا چەند بەرهەمێکی هونەرمەندانی دیکەم نوێکردەوە، لەوانەش گۆرانییەکانی محەممەد عارف جزیری، هەرچەندە من وەکو ئەو گۆرانییەکەم پێ نەگوترایەوە، بەڵام نەشمشێواند.

**ڕووداو: پێتخۆشە گەنجان بەرهەمەکانت بڵێنەوە؟**

**خێرۆ عەباس:** بێگومان زۆر دڵخۆشم دەبم، ماوەیەک بەر لە ئێستا گەنجێک بەرهەمێکی منی لە کەناڵی تەرەتەش بڵاوکردەوە کە بەشێوەیەکی زۆر جوان کاری لەسەر کردبوو، زۆریش لە من خۆشتر گۆرانییەکەی گوتەوە، من دڵخۆشم بەو کارە کاتێک گەنج بێت بەرهەمە کۆنەکان یاخود بەرهەمی هونەرمەندێکی زیندوو بڵێتەوە بە فۆرمێکی تازە، بەڵام خزمەتی ئەو بەرهەمە بکات نەوەک تێکیبدات.

> نازانم ئازادی کاری هونەری لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە یان نا

**ڕووداو: هیچ کۆنسێرتێکت بۆ ئاوارەکان کردووە کە خۆت خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانی؟**

**خێرۆ عەباس:** ئەو کاتەی هێرش کرایە سەر شنگال من لە هەولێر بووم، زۆر هاوارم کرد و قسەم لەگەڵ چەندین هونەرمەند کرد یەک لەوانە ئەژدەر وەهبی کە پێکەوە کۆنسێرتێک ڕێکبخەین و داهاتەکەی بۆ ئاوارەکان بێ، بەڵام کەس گوێی لێنەگرتم. بۆیە بەناچاری گەڕامەوە ئەورووپا.

**ڕووداو: PKK چەند کانتۆنێکی لە ڕۆژئاوای کوردستان دروستکردووە، ڕای تۆ لەوبارەوە چییە؟**

**خێرۆ عەباس:** نازانم کانتۆن چییە، من زۆر حەز بە سیاسەت ناکەم. بەڵام کاتێک پێشمەرگەیەک شەهید دەبێت زۆر دڵتەنگ دەبم، کاتێک دەبینم خەڵکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوور دەکەونە ژێر دەستی دوژمن زۆر دڵتەنگ دەبم، کانتۆن چۆنە و چۆن نییە و چ فۆرمێکە، ئەوە من شارەزاییم لەسەر نییە و ناشمەوێت قسە لەسەر شتێک بکەم کە نەزانم چییە.

من بە ڕاستی نازانم کە PYD بە تەنیا ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەببات، دەبێ هەموو کورد بەشداربن لە بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوا.

**ڕووداو: بەنیاز نیت لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆنسێرت بکەی؟**

**خێرۆ عەباس:** نەخێر، چونکە ئەوکات تەنیا بۆ حیزبێک دەبێت و لایەنەکانی دیکە لێم زویر دەبن، منیش نامەوێت کەس لە خۆم زویر بکەم.

**ڕووداو: بۆ کاری هونەری ئێستا سەربەستتری لە ڕۆژئاوای کوردستان یان سەردەمی بەشار ئەسەد؟**

**خێرۆ عەباس:** لەسەردەمی ڕژێمی سووریا هیچ ئازادییەک نەبوو، حکومەت سیخوڕیان هەبوو لە نێو دەزگاکان، کەس نەیدەتوانی لە ماڵەکەی خۆشی قسە بکات، بەڵام ئێستا خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و لەوانەش هونەرمەندان ئاوارە بوون و لە دەرەوە کار دەکەن، بۆیە ناتوانین بزانین ڕەوشی کاری هونەری لە ڕۆژئاوای کوردستان چۆنە.

**ڕووداو: بەر لەوەی پریشکی ئاگری شۆڕشی سووریا بگاتە ڕۆژئاوای کوردستان، لە کۆنسێرتێکدا گوتت بەشار ئەسەد سەرۆکی کوردانە، ئەمە چۆن بوو؟**

**خێرۆ عەباس:** بە داخەوە کەس نایەوێت لەسەر ئەو ئاهەنگەی سووریا لە من تێبگات، کەس بۆی نییە نیشتمانپەروەری لەسەر من بفرۆشێ لەسەر ئەو باسە و خۆی پێ گەورە بکات. دوای 23 ساڵ دوورکەوتنەوە لە وڵات من ویستم کۆنسێرتێکی گەورە بۆ نەتەوەکەم لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەم، بەڵام هەواڵگریی سووریا ڕێگەیان پێنەدام. یەک مانگ هاتوچۆم کرد، دواجار هەواڵگریی سووریا ڕازی بوون کۆنسێرتەکە بکەین، بەڵام بەومەرجەی بە بەژن و باڵای بەشار ئەسەددا هەڵبدەم. پێمگوتن من هاتووم کۆنسێرتی هونەری بکەم نەک سیاسی. پاشان د.مەحمود عوسمان لە باشووری کوردستان بابەتێکی بڵاوکردەوە کە ڕێگە بەخێرۆ عەباس نەدراوە کۆنسێرت لە ڕۆژئاوای کوردستان بکات، ئەو دژی حکومەتی سووریای نووسیبوو، بۆیە هەواڵگریی سووریا بانگیان کردم و داوایان لێکردم بە بەژن و باڵای بەشاردا هەڵبدەم، دیسان پێمگوتن کاکە من هونەرمەندم، سیاسی نیم، من تەنیا گوتم بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو سەرۆکی ئێمەیە، ئەگەر ئەو دوو وشەیەم نەگوتبا دەستگیریان دەکردم و شوێنبزر دەکرام، بۆیە تەنیا لەسەر تەختەی شانۆ گوتم بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو سەرۆکی ئێمەیە، ئەم وڵاتەش بەتەنیا وڵاتی عەرەب نییە و وڵاتی ئێمەشە، بەس دڵنیاتان دەکەمەوە کەس وەک من حەز بە خەڵکی خۆی و گوندەکەی خۆی ناکات و دەبووایە لێم تێبگەن کە دەڵێم بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو سەرۆکی ئێمەیە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەژێر دەستی ڕژێمێکین، بەڵام بە داخەوە هەموان بە هەڵە ئەم بابەتەیان لێکدایەوە .من هیچ کاتێک تەدەخولی سیاسەت ناکەم، چونکە لێی تێناگەم، کە گوتیشم بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو سەرۆکی ئێمەیە، تەنیا بۆ سازدانی کۆنسێرتەکە بوو.

**ڕووداو: لە کۆنگرەی 13ی پارتی گوتت جگە لە مەسعود بارزانی بە کەسی دیکەم نەگوتووە سەرۆک، ئێستا لای تۆ ئەو سەرۆکە؟**

**خێرۆ عەباس:** ئێستا تەنیا مەسعود بارزانی سەرۆکی من نییە، بەڵکو ئۆجەلانیش سەرۆکی منە، ئەو پێشمەرگە و شەڕڤانانەی شەهید دەبن، ئەوانیش سەرۆکی منن، شێخ سەعید و مەلا مستەفاش سەرۆکی من بوون، بەڵام هیچ کاتێک حافز ئەسەد نابێتە سەرۆکی من.

> وتارێکی د.مەحموود عوسمان کێشەی بۆ دروست کردم

> ئەگەر نەمگوتبا بەشار ئەسەد سەرۆکمانە بزریان دەکردم

> تەدەخولی سیاسەت ناکەم چونکە لێی نازانم

> ئێستا تەنیا بارزانی سەرۆکی من نییە


RÛDAW
8:00 PM EBL
Sponsored by
Empire World
Building the Future
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com
SHAHO AMEEN

ژنان
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

## سەنگاوی: نابێت پیاویش خەتەنە بکرێن



**ڕووداو- هەولێر**

لە کۆنفرانسێکی لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەتەنەی مێینە، پەرلەمانتارێک بە داواکردنی بنبڕکردنی خەتەنەی نێرینە سەرنجی بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە کۆتایی کۆنفرانسەکە کە لە بینای پەرلەمان سازکرا، فەرهاد سەنگاوی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز باسی لە دیاردەی خەتەنکردن کرد و سەرەڕای دژایەتی کردنی خەتەنەکردنی ژنان داواشی کرد هەوڵەکان بۆ ئەوەش بێ کە لە ناو پیاوانیش ئەو دیاردەیە نەهێڵرێ. ئەو پەرلەمانتارە گوتی "خەتەنەی پیاوانیش وەک ژنان زیانی هەیە".

# تەرمی ژنە بێ خاوەنەکان زۆرتر دەبن



گۆڕە بێ خاوەنەکان لە گۆڕستان سەیوان لە شاری سلێمانی (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە نزیک گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی، لەسەر ڕووبەرێکی بچووک ژمارەیەک گۆڕ دەبینرێن. ڕۆژانی هەینی بەئاسانی هەست بەوە دەکەی کە ئەو گۆڕستانە بچووکە جیهانێکی دیکەیە. لەسەر ئەم گۆڕانە کەسێک نابینی بگری، چەپکێک گوڵ نابینی لەسەر ئەم گۆڕانە کە بە گۆڕە بێ خاوەنەکان ناسراون.

بەپێی ئاماری هاوبەشی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری و لیژنەی گۆڕستان لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تەرمی 9 مردووی بێ خاوەن لە شاری سلێمانی نێژراون کە 3یان ژن بوون و ئێستاش 5 تەرمی دیکەی بێ خاوەن لە پەیمانگەی پزیشکی دادوەرین.

بەپێی ئەو ئامارە، ساڵی ڕابردوو تەرمی 4 پیاو و ژنێک نێژراون کە پیاوێکیان عێراقییە و تەمەنی 84 ساڵ بووە، هەروەها تەرمێکیش بەنگلادیشی و یەکێکیش سوودانی بووە، بەڵام یەکێکی دیکەیان نازانرێت خەڵکی کوێیە، ژنەکەش عەرەبە.

هەر لەو ئامارەدا هاتووە کە ساڵی ڕابردوو جگە لەو تەرمانە، تەرمی کۆرپەلەیەکی تازە لەدایکبووی کوڕیش دۆزراوەتەوە و بەخاک سپێردراوە، جگە لەوانەش یەک جەستەی تەواو لەگەڵ چەند پارچەیەکی دیکە لە جەستەی مرۆڤ کە هی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی بووە و پێویستیان پێی نەماوە، نێژراون.

ئامارە هاوبەشەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری و شارەوانیی سلێمانی ئاشکرای کردووە کە لە ساڵی 2013 شدا چوار تەرمی بێ خاوەن نێژراون. دوو لەوانە ژن بوون و نەناسراو بوون، دووی دیکەشیان پیاو بوون و یەکێکیان عەرەبی عێراقە، ئەوەی دیکەش ئێرانییە، لەگەڵ کۆرپەلەیەک.

### مەراسیمیان بۆ ڕێکدەخرێت

خەبات ناجی نووری، لێپرسراوی "لیژنەی سەرقەبرانەکان" لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی دەڵێ، بۆ شاردنەوەی هەر تەرمێکی بێ خاوەن لەگەڵ کارمەندێکی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری، ڕێوڕەسمی ئاینی بۆ تەرمەکان دەکەن.

بەگوتەی ئەو، جگە لەمردوویەکی ئێرانی، تاوەکو ئێستا کەسوکاری هیچ یەکێک لەو مردووانە نەهاتوون سۆراغیان بکەن "ساڵی ڕابردوو بۆ مردووە ئێرانییەکە کەسوکاری هاتن ویستیان بیبەنەوە، بەڵام دواتر کە زانییان بەباشی نێژراوە نەیانبردەوە".

### دوو مانگ ڕادەگیرێن

بەپێی یاسای پزیشکی دادوەری و توێکاری، لەکاتی ئاساییدا هەر مردوویەکی بێ خاوەن ماوەی دوو مانگ دەهێڵدرێتەوە تا کەسوکاری دێن "ئەگەر نەهاتن ڕەوانەی شارەوانی دەکرێت بۆ بەخاکسپاردن".

د.محەممەد نووری، بەڕێوەبەری پەیمانگەی پزیشکی دادوەریی سلێمانی زیاتر باسی یاسا و ڕێوشوێنی وەرگرتن و ناشتنی مردووەکان دەکات و دەڵێ ماوەی دوو مانگ لەپەیمانگەی پزیشکی دادوەری دەمێنێتەوە "ئەگەر کەسوکاری نەهاتن بۆ وەرگرتنەوەی، ئەوا بە ڕەزامەندیی دادوەر ڕەوانەی شارەوانی دەکرێت بۆ بەخاکسپاردنی".

گوتیشی ئەگەر کاتەکە نائاسایی بوو، واتە تەرم زۆر بوو یاخود کارەبا خراپ بوو، ئەوا بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی دادوەر، پێش تەواوبوونی دوو مانگەکە بەخاکی دەسپێرن.

### ئیسلام چی دەڵێت؟

ئاینی ئیسلام پێویستی کردووە لەسەر موسڵمانان هەر کاتێک مردوویەکی بێ خاوەن لە وڵاتەکانیاندا هەبوو، ئەوا لەسەرشانیانە بەهەمانشێوەی بەخاکسپاردنی مردووی خۆیان، بەخاکی بسپێرن.

د.ئەحمەد شافیعی، ئەندامی لیژی فەتوا لەیەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی، هێما بۆ ئایەتێکی قورئان دەکات کە فەرمان بە موسڵمانان دەکات "ڕێز لە هەموو مرۆڤێک بگیرێت، موسڵمان بێت یان نا". هەروەها ئاماژەی بەمەرجەکانی ئاینی ئیسلام کرد بۆ بەخاکسپاردنی هەر مردوویەکی بێ خاوەن کە ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە هەر کاتێک مردوویەکی بێ خاوەن لەشوێنەکانیاندا هەبوو بەخاکی بسپێرن.

شافعی گوتی پێویستە بۆ مردووە بێ خاوەنە موسڵمانەکان چوار خاڵ جێبەجێ بکرێت، ئەوانیش "شۆردن و کفنکردن و نوێژکردن و ناشتنی وەک هەر مردوویەکی دیکە"، بەڵام بۆ مردووە بێ خاوەنە ناموسڵمانەکان "تەنیا نوێژیان لەسەر ناکرێت، ئەگینا مەرجەکانی دیکەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت".

## بەپێی توێژینەوەیەک:

# 50%ی کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمئەندامن



**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر خەتەنەکردنی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە، نزیکەی 50% تاوەکو 70%ی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەتەنە کراون. بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەر ژنێک خەتەنە کرابێت کەمئەندامە.

ڕایحە موزەفەریان توێژەر و چالاکڤانی بواری ژنان، لە ساڵی 2012دا توێژینەوەیەکی سەبارەت بە خەتەنە کردووە و ئەنجامەکەی لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (تیخ و سوننەت) بڵاوکردووەتەوە.

ئەو توێژینەوەیە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری مەحموود ئەحمەدی نەژاد کراوە، بەڵام ئەوکات مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی پێنەدرا. ئێستا کە حکومەتی ڕیفۆرمخوازی حەسەن ڕۆحانی لە دەسەڵاتە، بەبۆنەی 6ی شوبات کە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی ژنان بوو، (تیخ و سوننەت) مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی وەرگرت.

موزەفەریان دەڵێت بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە قسەی لەگەڵ 400 ژن لە دوورگەی قیشم، پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و پرسیاری لێکردوون، هەروەها پشتی بە چەندین سەرچاوەی زانستیش بەستووە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی موزەفەریان 50% تا 70%ی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەتەنە کراون، بەڵام دەڵێت ئەو ئامارە لە هەموو شوێنەکان بەو شێوەیە نییە "بۆنموونە لە گوندێکدا خەتەنە لەناو ژناندا نابینرێ، بەڵام لە گوندێکی تەنیشتی ژنان خەتەنە دەکرێن".

بەپێی لێکۆڵینەوەکەی موزەفەریان، ئاماری خەتەنە لە نێوان ژنانی سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو یەکە.

زۆربەی مەرجەعەکانی شیعە لە ئێران دژی خەتەنەن، بەشێکیشیان بە حەرامی نازانن و دەڵێن ئەگەر بکرێت باشترە.

مەلا عەلی خالیدی، پێشنوێژی مزگەوتی شەهرەکی شاری مەهاباد کە لە کەسایەتییە سوننە مەزهەبە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "خەتەنە بۆ پیاوان لە شەرعی ئیسلامدا واجبە، بەڵام بۆ ژنان مەکرەمەیە، واتە ئەگەر بکرێت کارێکی باشە".

بەڵام ئەو مامۆستا ئاینییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ مامۆستایەک لەسەر مینبەر داوای خەتەنەکردنی ژنانی نەکردووە.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت کە 140 ملیۆن ژن لە سەرتاسەری جیهان لە ئەفریقاوە تا کیشوەری ئاسیا و تەنانەت ئەورووپاش خەتەنەکراون.

بەپێی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، هەر ژنێک کە خەتەنە کرابێت بە "کەمئەندام" ئەژماردەکرێت، واتە ئەگەر ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەی ڕایحە موزەفەریان دروست بێت، 70%ی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمئەندامن.

ئەو ئامارە سەرنجی زۆربەی چالاکڤانانی بواری ژنانی ڕاکێشاوە، پێشتر وابیر دەکرایەوە کە ئاماری خەتەنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر لەو ڕێژەیە کەمتر بێت، بۆیە ئامارەکە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسوخواسی زۆری چالاکڤانان و هاونیشتمانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. نیشتمان ڕۆحانی، چالاکڤانی بواری ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بەو لێکۆڵینەوەیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو لێکۆڵینەوەیە زانستی نییە و ناکرێت پشتی پێ ببەسترێ، چونکە سەمپڵێکی 400 کەسی زۆر کەمە و ئەگەری هەیە سەردانی شوێنێکی کردبێت کە خەتەنە لەو ناوچەیە زۆر بێت".

هانا ناسری، چالاکڤانی بواری ژنان سەبارەت بە کاریگەرییەکانی خەتەنە لەسەر کەسایەتی ژنان بە (ڕووداو)ی گوت "خەتەنە تەنیا تاوانێک نییە بەرامبەر بە ژنان، بەڵکو تاوانێکە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، چونکە بەهۆی ئەو کارەوە نە ژن و نە پیاو چێژ لە سێکس نابینن و کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر کەسایەتی ژنان دەبێت".

سۆهەیلا قادری چالاکڤانی بواری ژنانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە دەڵێت "سەبارەت بە خەتەنە ڕەنگە هێزە سیاسی و مەدەنییەکان کاریان کەم کردبێت، پێویستە لەوە بەدواوە کاری میدیایی و توێژینەوەی زانستی زۆرتر لەسەر ئەو دیاردەیە بکرێت و لە ئەگەری ڕاستبوونی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە بە کردەیی و بە چڕی بەرەنگاری ببینەوە".



# کچێکی بانەیی 84 ئافرەت دەخاتە سەر کار

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنێکی گەنج بە دانانی کارگەیەکی بەرهەمهێن دەرفەتی کاری بۆ 84 ئافرەت ڕەخساندووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆر لە کارگە بەرهەمهێنەرەکانی پارێزگای سنە داخراون.

ئەو ژنە ناوی زریان عوسمانییە و تەمەنی 23 ساڵە. زریان چوار ساڵ لەمەوبەر کارگەی (شیلان بانوو)ی لە خانوویەکدا کردەوە کە سەقفەکەی دارە، بەڵام دەڵێ لە ماوەیەکی نزیکدا دەچنە شوێنێکی باشتر کە بە هەوڵی شارەوانیی بانە بۆیان دابین کراوە.

ئەو کارگەیە تایبەتە بە پیشە دەستییەکانی وەک مافوور، کڵاش، فەرشە کۆنەکان، دروومان، نەخشاندنی گڵێنە و شیشە، چنین بە سێ جۆر و هەروەها چەندین کاری دیکەش.

کارگەکەی شیلان بانوو 84 کرێکاری ژنی هەیە، بەڵام تەنیا 24 کەسیان لەنێو کارگەکەدا کار دەکەن. ئەوان بۆ سەر دوو شیفتی بەیانی و دوانیوەڕۆ دابەشکراون. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچووکیی جێگەکەیان.60 ژنەکەی دیکە لەماڵەوە کار دەکەن.

زریان دەڵێ "لە کارگەکەدا پێداویستیی کارەکان بۆ ئەو ژنانەی لە ماڵەوە کار دەکەن ئامادە دەکرێ، ئەوانیش پاش تەواوکردنی کارەکان، بەرهەمەکان دەهێننەوە و لە کارگەکەشەوە ڕەوانەی بازاڕ دەکرێ".

زریان عوسمانی سەبارەت بەو ژنانەی بۆ کار نایەنە نێو کارگەکە، دەڵێ "ئەوان کەسانێکن کە هەندێ سنووردارێتیان هەیە، بۆیە ناتوانن لە ماڵ بێنە دەرەوە و لە کارگەدا کاربکەن".

بەرهەمەکانی کارگەکەی زریان عوسمانی زیاتر لە بازاڕی شاری بانەدا دەفرۆشرێنەوە. هەندێکیشی بۆ هەولێر و سلێمانی بەڕێدەکەن.

بانە شارێکی بچووکی سنوورییە، بەڵام بازاڕێکی گەورەی هەیە. لە هەموو شارە دوور و نزیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە بۆ کڕینی کاڵا و شتومەک خەڵک سەردانی شاری بانە دەکەن. ئەم بازاڕە دەرفەتێکی باشی بۆ کارگەی شیلان بانوو ڕەخساندووە تا زۆر پێویستی بە دۆزینەوەی بازاڕ لە شارەکانی دیکەدا نەبێت. زریان دەڵێ "تەنیا کێشەیەک کە هەمانە، بەرتەسکیی جێگا و ڕێگا و نەبوونی پشتیوانییە".

سەردار خەندانی کە کاربەدەستە لە فەرمانگەی میراتی کەلتووریی بانە، دەڵێت "دوو کارگەی دیکەی هاوشێوەی کارگەی شیلان بانوو لە شاری بانەدا هەن کە بە هەر شێوەیەک بگونجێ هاوکارییان دەکەین".

خەندانی گوتی "بیرمان لەوە کردووەتەوە کە بەرهەمەکەیان لە شوێنێکی تایبەت بفرۆشرێ و جێگایان بۆ دابین بکەین".

کەلسوم نەجاقەتی، بەڕێوەبەری کارگەی شیلان بانوو دەڵێ "داواکاریی فرۆشیارەکان وەردەگرین و کارەکانیان بۆ دەکەین، چونکە سەرمایەی خۆمان کەمە و ناتوانین هەموو شتومەکەکان بەرهەم بهێنین و بیخەینە بازاڕەوە.

کارگەی شیلان بانوو مێرمنداڵانیشی لەبیر نەکردووە. کۆمەڵێک مێرمنداڵ لە کاتی پشووودا لەو کارگەیەدا کار دەکەن. ئەوان هەم شتێک فێر دەبن و هەمیش بڕە پارەیەکیان دەستدەکەوێ.

فەریناز ئەحمەدی یەکێک لەو مێرمنداڵە کچانەیە کە لە کارگەی شیلان بانوودا کار دەکات و دەڵێت "هەموو ڕۆژانی پێنجشەممە دێمە ئێرە و سفرەی حەوت سین بۆ نەورۆز دروست دەکەین. ئێمە کارەکەمان لە گەورەکان فێر دەبین کە چۆن کار لەسەر گڵێنە بکەین".

چالاکیی ئەو کارگەیە لە کاتێکدایە کە نیوەی یەکە بەرهەمهێنەرەکانی پارێزگای سنە داخراون. بەگوتەی بەرپرسانی پارێزگای سنە، لەو پارێزگایەدا 974 یەکەی بەرهەمهێن هەن. لەو ژمارەیەش 310 یەکەیان داخراون و 220 یەکەی دیکەشیان بەنیوەی بەرهەمەوە کاردەکەن.

کۆمەڵایەتی
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

## یەکێتی پیاوان: 400 سکاڵای پیاوانمان بۆ هاتووە

**رووداو- pna**

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی یەکێتی پیاوانی کوردستان، ساڵی ڕابردوو پیاوان زیاتر لە چوارسەد سکاڵایان لەو ڕێکخراوە تۆمار کردوە. هەروەها ئامارەکانی توندوتیژی دژ بەپیاوان بەبەراورد بەساڵانی ڕابردوو لەبەرز بوونەوەدایە.

بورهان عەلی، سکرتێری ڕێکخراوی یەکێتی پیاوانی کوردستان، گوتی "بەپێی لیژنەی بەدواداچوون و تۆمارکردنی کەیسەکان لە ڕێکخراوی یەکێتی پیاوانی کوردستان، لەماوەی ساڵی ڕابردوودا ٤٠٩ کەیسی جۆرەکانی سکاڵاو توندوتیژی لە ڕێکخراوەکەمان تۆمارکراوە" گوتیشی "لەساڵی ڕابردوودا 65 حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوانمان هەبووە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەشاری کەرکوکەوە، هەروەها 5 حاڵەتی کوشتنی پیاوان هەبووە بەهاوکاری هاوسەرەکانیان".





## ئەوقاف و پەرلەمان بە مارەبڕیندا دەچنەوە

# "مردووشۆر هەبووە ژنی مارەبڕیوە"



یەکێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف و پەرلەمان چەند پێشنیازێکی نوێ بۆ مارەبڕین دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئاینی و دادگای باری کەسی چەند پێشنیازێکی نوێیان ئامادەکردووە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری. بەپێی یەکێک لە پێشنیازەکان لەمەودوا مارەبڕینی کوڕ و کچ تەنیا ئەو مامۆستا ئاینییانە دەیکەن کە پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتەکانن، بەڵام پەرلەمانتارێک پێیوایە ئەستەمە ئەو پێشنیازە جێبەجێ بکرێت.

### مەرجە نوێیەکانی مارەبڕین

بەپێی ئەو پێشنیازانەی کە ئەو سێ لایەنە کۆتایی مانگی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکدا لەسەری ڕێککەوتوون، لەمەودوا هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری بۆ منداڵ و مێرمنداڵ ناکرێت و 18 ساڵیش بە گونجاوترین تەمەن دەستنیشانکراوە بۆ هاوسەرگیری.

هەروەها بڕیاردراوە هیچ پرۆسەیەکی هاوسەرگیری و مارەبڕین لەلایەن مامۆستایەکی ئاینییەوە ئەنجام نەدرێت ئەگەر ئەو مامۆستایە لە وەزارەتی ئەوقاف ڕێگەپێدراو نەبێ بۆ کاری پێشنوێژ و وتارخوێنی "ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ دادگا فەرمییەکان دەبێت".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەی ئەو سێ لایەنە پێشنیازێکی دیکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "جگە لە ئەندامانی لیژنەی فەتوا و لیژنەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کە سەر بە یەکێتی زانایانن، هیچ مامۆستایەکی ئاینی بۆی نییە دەست وەربداتە پرۆسەی جیابوونەوە".

هەر لە پێشنیازەکاندا ئاماژە بەوەکراوە کە هەر مامۆستایەکی ئاینی پابەندی ئەو ڕێنماییانە نەبوو، بەرپرسیار دەبێت لە ئەنجامی هەر کێشەیەک کە لە هەر مارەبڕین و تەڵاق و کێشەیەکی پەیوەندیدار بەوانە دەکەوێتەوە.

### "مردووشۆر ژنی مارە بڕیوە"

مەریوان نەقشبەندی، لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە لە دادگاکاندا ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەی تووشی جیابوونەوە دەبن گرێبەستی هاوسەرگیرییان نییە و تەنیا لەلایەن مامۆستایەکی ئاینییەوە لە دەرەوەی دادگا لەیەکتر مارەبڕاون.

گوتیشی "ئەگەر ئەو پێشنیازانە کران بە یاسا، ئیدی لەمەودوا دەبێت پێش مارەبڕین لەلایەن مامۆستای ئاینییەوە، گرێبەستی یاسایی هاوسەرگیری کۆتایی هاتبێت".

مەریوان نەقشبەندی، پێیوایە لەکاتی مارەبڕینی کوڕ و کچێکدا مامۆستای ئاینی نابێت بەهۆی بڕی مارەیی و ئەو بابەتانەی هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوون کێشە لەنێوان خانەوادەی ئەو کوڕ و کچەدا دروست بکات، بەڵکو تەنیا ئەوەندەی لەسەرە بڵێت "پێویستە لەڕووی شەرعییەوە زێدەڕۆیی لە خەرجیدا نەکرێت و نەچێتە نێو وردەکاریی مارەبڕینەوە، چونکە زۆرجار چوونە نێو وردەکاری کێشەی لێکەوتووەتەوە، بەهەمانشێوەش نابێت بەناڕاستەوخۆ خێزانەکان بۆ جیابوونەوە هانبدەن".

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی چیرۆکی سەیر لەبارەی مارەبڕینی کوڕان و کچان دەگێڕنەوە.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "خەڵکێکی ئێجگار زۆر هەن پێشنوێژ و وتارخوێن نین و کوڕ و کچ لەیەکدی مارە دەکەن، یاخود هەندێکیان تەنیا کەمێک زانیاری ئاینییان هەیە، هەندێکجار مردووشۆر و قورئانخوێن ژنیان مارە بڕیوە".

گوتیشی "بە بەڵگەوە لایەنەکانمان ئاگادارکردووەتەوە هەندێک خەڵک هەن شایستەی ئەوە نین کوڕ و کچ لەیەکدی مارە بکەن و پێویستە ئەو کارە بە یاسا ڕێکبخرێت".

### "باشترە دادگا بیکات"

ئەگەرچی زۆربەی لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێت پێشنوێژ و وتارخوێن مارەبڕین ئەنجام بدات، بەڵام توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەوە بەچارەسەر نازانن.

ئازاد جەلال، توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەزموونەکانی دادگا و کێشەکان دەگەڕێتەوە و دەڵێ ئەگەر ئەو مامۆستا ئاینییە نەک پێشنوێژ و وتارخوێن، تەنانەت مەلای دوانزە عیلمیش بێت سوودی نییە "ئەگەر ئەو کوڕ و کچە پێشتر لەدادگا لەیەکتر مارەنەبڕدرێن".

گوتیشی کە کێشەی کۆمەڵگەی ئێمە لە مارەبڕیندا ئەوەیە خێزانەکان ڕێگە نادەن هەتا لای مەلا مارە نەکرێت بڕواتە دادگا، بۆیە زۆرجاریش پێش ئەوەی بڕواتە دادگا، هەر لە قۆناغی دەستگیرانی لەیەکتر جیادەبنەوە و زۆربەی ئەوانەش تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە".

### "بنەمای یاسایی نییە"

لە خولەکانی پێشتری پەرلەمانی کوردستاندا، بەیاسا ئەو پرسە ڕێکخراوە و بەپێی یاسای باری کەسێتی نابێت پێش مارەبڕینی دادگا، هیچ مامۆستایەکی ئاینی کوڕ و کچ لەیەکتر مارەببڕن، بەڵام بەگوتەی پەرلەمانتارێک "تاوەکو ئێستاش ئەو یاسایە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت". هەروەها پێیوایە پێشنیاری دانانی پێشنوێژ و وتارخوێن "بنەمای یاسایی نییە".

مەلا غەریب پێنجوێنی، ئەندامی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "پێشنیازی دانانی ئیمام یاخود ئیمام و خەتیب بۆ مارەبڕین بنەمای یاسایی نییە و جێبەجێکردنیشی ئەستەمە، چونکە دوای تەواوکردنی مامەڵە یاساییەکان، خێزانەکان پرس بە کەس ناکەن بڵێن چ مامۆستایەکی ئاینی مارەبڕینەکەمان بۆ بکات و حکومەتیش لەوە ناپرسێتەوە، بۆیە تاکە چارەسەر دەرکردنی یاسایە لە پەرلەمان بۆ ئەو مەبەستە".

**موقەدەمی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر***

# چارەنووسی ژنێک کە مێردەکەی بەندکراوە

ئافرەتێک داوای کرد خەسوو و شووبراکەی بانگ بکرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. ئەو دەیگوت ئەوان هەڕەشەی لێدەکەن و بوختانی بۆ دروست دەکەن، جگە لەوەش خەرجی ناکێشن.

ئەو ئافرەتە کاتێک هاتە سەر گێڕانەوەی کێشەکەی، گوتی مێردەکەم لە زیندانە و سزای 5 ساڵ بەندکردنی هەیە، مێردەکەم ئۆتۆمۆبیلی هەبوو کاری پێدەکرد، بەڵام ئێستا براکەی دەستی بەسەرداگرتووە، ئۆتۆمبێلەکەش بە زێڕی من کڕدراوە و بەناوی مێردەکەشمە، خانووەکەش هەر بەناوی مێردەکەمە، بەڵام ئەوان بە کرێیان داوە. من حەزم لێبوو لە ماڵی خۆم دابنیشم، بەڵام ئەوان گوتیان نابێت بە تەنیا لەو ماڵەوە بیت. منیش بۆ ماوەیەک لەگەڵیان دانیشتم، بەڵام هەرزوو کێشەیان بۆ دروست کردم، گوتم ناتوانم لێرە لەگەڵ ئێوە دانیشم، جێگاتان بچووکە و ئێوەش لە ماڵەوە زۆرن، حەزم لێیە بچمەوە خانووی خۆم، بەڵام ڕێگرییان لێکردم، بۆیە ماوەی ساڵێک دەبێت چوومەتە ماڵی براکەم، براکەم خەرجیشم دەکات، کەچی ماڵی خەسووم نە کرێی خانوو نە هی ئۆتۆمۆبیلەکەم نادەنێ و بە هیچ جۆرێک خەرجیم ناکێشن. کە داوای خەرجییان لێدەکەم دەڵێن وەرە لەگەڵمان دانیشە خەرجیت دەکێشین، تەنانەت تۆمەتیشم بۆ هەڵدەبەستن.

نەک خەسوو و شووبراکەی، بەڵکو مێردەکەشی هەمان داواکاری هەیە و دەڵێت هەر کاتێک دەچمە سەردانی مێردەکەم لە زیندان، پێمدەڵێت دەبێت بچیتەوە لای دایکم. بەڕاستی چیدی ناتوانم بەرگە بگرم، داوای جیابوونەوە دەکەم و داوای مافی خۆم دەکەم. من ئەمە ساڵ و نیوێکە لە ماڵی براکەم دانیشتووم و ئەوان ڕۆژێک سەردانیان نەکردم و دەستیان بەسەری منداڵەکەمدا نەهێناوە و جلیان بۆ نەکڕیون.

کاتێک بانگی خەسوو و شووبراکەی کرا و لێمان پرسین ئایا ڕاستە خانووی ئەو ژنەتان بە کرێ داوە و ئۆتۆمبێلی مێردەکەتان بردووە؟ گوتیان بەڵێ ڕاستە. بەڵام گوتیان ئێمە لە سەرچاوی خۆمان دایدەنێین و خەرجیشی دەکەین ئەگەر لەلامان بێت، مادام لەلای براکەیەتی با براکەی خەرجی بکێشێ.

سەبارەت بە بوختان و تۆمەت هەڵبەستن بۆ ئەو ژنە، ئەوان گوتیان "ئێمە خەڵک قسەمان بۆ دەهێنێ، دەڵێن بووکتان لە بازاڕ بوو، یان لە شوێنێکی دیکە بووە، ئێمەش پێمان ناخۆشە بە تەنیا بچێتە دەرەوە".

خەسووی ئەو ژنە هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو بووکەکەی بگەڕێتەوە لایان و دەیگوت "مادام نایەتە لای ئێمە دابنیشێ با جیا ببێتەوە باشترە". بۆیە بە ئافرەتەکەمان ڕاگەیاند کە سەبارەت بە تۆمەت دروستکردن ئەگەر بەڵگەت هەبوو دەتوانیت داوا تۆمار بکەیت لەسەریان لە دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی. سەبارەت بە جیابوونەوەت و بە دەستهێنانی مافت پێویستە لە دادگای باری کەسی داوا تۆمار بکەیت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا، لە یاسای باری کەسی لە مادەی 43 بڕگەی (1) دا هاتووە کە "ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، ئەگەر مێردەکەی بەندکرا بە سزایەک ئازادیی موقەید بکات بۆ ماوەی 3 سێ ساڵ و زیاتر دوای ساڵێک لە جێبەجێکردن، هەرچەندە دەرامەتی هەبێت خەرجی دەکات و هەموو مافەکانی ژنەکەش پارێزراوە".

بۆیە ئەگەر سەیری ئەم داوایە بکەین، ئافرەتەکە خانوو و ئۆتۆمۆبیلی هەبووە دەستیان بەسەرداگرتووە، هیچ مەسرەفێکی ئافرەتەکەش نەکراوە لەلایەن مێرد و کەسوکاری مێردەکەی، بۆیە هیچ ڕێگاچارە نەماوە بۆ ئەو ئافرەتە، یان دەبێت بچێتە ماڵی خەسووی یان داوای جیابوونەوە بکات و مافەکانی خۆی وەربگرێ.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# داوای کردنەوەی دیسکۆ دەکرێ



**پشتیوان جەمال**
**رووداو – سلێمانی**

بەرپرسێکی گەشتوگوزار لە شاری سلێمانی دەڵێت ماوەی ساڵێکە هیچ یانەیەکی شەوانە لەو شارەدا نەماوە، بەڵام ئێستا داواکاری هەیە بۆ کردنەوەی دیسکۆ لە ڕێستورانت و شوێنە گەشتیاریەکان، بەڵام شارەزایانی بواری گەشتوگوزار "کەلتور و دابونەریت" بەهۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو پرۆژانە دادەنێن.

ساڵانی ڕابردوو کاتێک هاووڵاتیان شەوانە ڕوویان بکردایەتە ناوچەکانی (سەرچنار و قلیاسان)ی شاری سلێمانی، چەندین ڕێستۆرانتیان دەدیت کە ئاهەنگی شەوانەیان تێدا ساز دەکرا، بەڵام بەبڕیاری پارێزگاری پێشووی سلێمانی ئەو شوێنانە داخران.

### 5 ئەستێرەن و یانەی شەوانەیان نییە

لە ساڵی 2012دا یەکەمین میوانخانەی براند لە شاری سلێمانی کرایەوە، ئێستا 6 میوانخانەی 5 ئەستێرەیی و 9ی چوار ئەستێرەیی هەن، بەڵام هیچیان یانەی شەوانە و دیسکۆیان تێدا نییە.

یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "لە هیچ میوانخانەیەکی ناو شاری سلێمانیدا دیسکۆ و یانەی شەوانە نییە، چونکە خاوەنی ئوتێلەکان پێیان باش نییە بیکەنەوە".

کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان و دەستەی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی، چەند پێشنیارێکیان بەرزکردووەتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە مەبەستی دانانی ڕێنمایی و مەرج و شێوازەکانی مۆڵەتدان بە چالاکییە گەشتیارییە مۆدێرنەکانی وەک (دیسکۆ، سەماگە، گازینۆ، ئاهەنگی گۆرانی و موزیک، سەنتەری مەساج و یانەی شەوانە).

یاسین فەقێ سەعید گوتی کە بەمەبەستی بوژاندنەوەی سێکتەری گەشتیاری و یارمەتیدانی خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە ئابوورییە، ئەو پێشنیازانە کراون بۆئەوەی بەپێی ڕێنمایی تایبەت ڕێگە بدرێت بەسەرجەم ڕێستۆرانت و ئوتێلەکان ئاهەنگی گۆرانی و موزیک و سەماگە و دیسکۆ و سەنتەری مەساج و ڕەشاقە و وەرزشیان هەبێت.

توانا محەممەد، بەڕێوەبەری یەکێک لە میوانخانەکان دەڵێ لەلایەن گەشتوگوزارەوە کردنەوەی دیسکۆ و یانەی شەوانە نەکراوەتە مەرج بۆیان "خۆشمان مەیلمان بۆ کردنەوەی نەبووە، بەڵکو تەنیا خواردن و خواردنەوەمان هەیە، لەگەڵا مەساج کە ئەویش بۆ پیاوان و ئافرەتان جیایە".

### یانەکانی شەوان بۆچی داخران

ساڵانی ڕابردووو هەندێک لە ڕێستورانتەکانی سەرچنار و قلیاسان یانەی شەوانەیان هەبوو کە ئافرەت کاریان تێدا دەکردن، بەڵام دواتر بەهۆی دروستبوونی چەندین حاڵەتی شەڕ و ئاژاوە، لەلایەن لیژنەی ئەمنی سلێمانییەوە داخران.

یاسین فەقێ سەعید، باسی ئەو ڕێستۆرانتانە و شوێنی خواردن و خواردنەوانەی کرد کە لەو ناوچانەدا هەبوون و گوتی "بەهۆی زۆریی ژمارەی گەشتیاری عەرەب و ئێرانی، پێشنیازیان کرد جگە لەخواردن و خواردنەوە، گۆرانیبێژ بهێنن و لەسەر شانۆش سەماکردن هەبێت، ئێمەش بەو مەرجە ڕێگەمان پێدان کە سەماکەرەکان لەسەر شانۆ نەیەنە خوارەوە و تێکەڵ بە میوانەکان نەبن، بەڵام زۆربەی شوێنەکان سەرپێچییان کرد و دواتر لیژنەی ئەمنی کارکردنی ئافرەتی عەرەب و بیانیی تێیاندا قەدەغەکرد".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی هۆی داخستنی یانە شەوانەکانی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "شەڕ و ئاژاوەیان زۆر تێدا دەبوو، بۆیە داخران".

### مەساج بەمەرج

ساڵانی پێشتر جگە لە میوانخانەکان، لە چەندین شوێنی دیکە سەنتەری مەساجکردن هەبوو، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی ڕوونیکردەوە کە بەپێی ڕێنمایی دەستەی گەشتوگوزار ئێستا تەنیا لەناو میوانخانەکاندا ڕێگە بە کردنەوەی سەنتەری مەساج دەدرێت "بەتایبەتی لە میوانخانە 4 و 5 ئەستێرەکاندا ئازادن لە کردنەوەی ئەم سەنتەرانە بەبێ مۆڵەتی گەشتوگوزار".

### دیسکۆ جێگای نابێتەوە

زۆر لە پسپۆڕانی بواری گەشتیاری دەڵێن ئەگەر شوێنی تایبەت بۆ دیسکۆ یاخود یانەی شەوانە بکرێتەوە کۆمەڵگە ڕێگە نادات.

د.یونس عەلی، سەرۆکی بەشی گەشتوگوزار لەزانکۆی سلێمانی دەڵێت کە داواکاری بۆ کردنەوەی دیسکۆ هەبووە و خەڵک هەیە دەیەوێت شوێنێک هەبێت کاتی تێدا بەسەرببات، بەڵام گوتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کەلتور ڕێگە بەوە نادات. ئەو گوتیشی "تاوەکو ئێستا خەڵک لە مانای گەشتیاری بەباشی تێنەگەیشتوون، جگە لەوەش ئەگەر یانەی شەوانە و دیسکۆ بکرێنەوە، بێگومان گرفتی کۆمەڵایەتی دروست دەبن".

بەڵام سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانیش د.یونس دەڵێت "دەکرێت خەڵک لەوە تێبگەن ئەگەر شوێنێک دیسکۆ یاخود یانەی شەوانەی هەبێت و ڕێکخراو بێت، باشترە لەوەی هەمان شوێن هەبێت و ڕووداوی ناخۆشی تێدا ڕووبدات".

### بەهۆی خراپبوونی ڕەوشی ئابووری

# 72 هوتێل و ڕێستورانت لە کوردستان داخراون

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد، تائێستا 72 ڕێستورانت و هوتێل و میوانخانە لە شارەکانی کوردستان داخراون لەوانەش هوتێلی 5 ئەستێرەیی.

بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان، چوار هەزار هوتێل و مۆتێل و ڕێستورانت و شوێنی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا هەن.

هێرش ئەحمەد چاوشین، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان بە (ڕووداو)ی گوت کە لەماوەی 6 مانگی ڕابردوودا و بەهۆی قەیرانی داراییەوە 72 شوێنی گەشتیاری داخراون، لەوانەش دوو هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی کە هەردووکیان لە سلێمانین، بەڵام ناوی هوتێلەکانی ئاشکرا نەکرد.

هەر بەپێی ئەو ئامارەی کۆمەڵەکە، 60%ی کرێکارانی ئەو شوێنانە ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە کە دەکاتە زیاتر لە دوو هەزار کرێکار.

مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو سەرجەم میوانخانە و شوێنە گەشتیارییەکان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە و چەند پێشنیازێکیان گەڵاڵە کرد بەمەبەستی هاوکاریکردنیان بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی زیانی ئابووریی زیاتر نەبنەوە و هەفتەی ڕابردووش ئەو پێشنیازانە گەیەندراونەتە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.

لە گرنگترین داواکارییەکانی بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە دابەزاندنی نرخی ئاو و کارەبا و باج بوو، هەروەها لەکاتی تازەکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی چێشتخانە و میوانخانەکان هەموو جارێک نەیانگەڕێننەوە بۆ فەرمانگەکانی بەرگریی شارستانی و ئاسایش و شارەوانی، نوێنەری کۆمەڵە لە ئەنجوومەنی دەستەی گەشتوگوزار ئەندام بێت بۆ بەشداربوون لە بڕیارەکان، هەروەها دروستکردنی لیژنەیەکی باڵا لەئەنجوومەنی وەزیران بۆ هەر سێ پارێزگاکە و ناوچەی گەرمیان بەمەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران.

نادر ڕوستی، گوتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار دەڵێ بەو پێیەی گەشتوگوزار بێ کەرتی تایبەت ناتوانێت بەردەوام بێت، بۆیە ئەوان پشتگیریی هەموو داواکارییەکانی ئەو شوێنانە دەکەن "بەمەرجێک کار لە بەرژەوەندی گشتیی هاووڵاتیان نەکات".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو)، 9 هۆتێلی چوار ئەستێرەیی و 6 هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی لەو پارێزگایەدا هەن کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە یەکێکیان داخراوە.

یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی سەبارەت بە میوانخانە براندەکانیش گوتی "تەنیا میوانخانەیەکی چوار ئەستێرەیی داخراوە، بەڵام کافتریا و ریستۆرانتەکەی هەر کاردەکەن".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## دهۆک حاڵی باشترە

شێروان قادر، بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری هەولێر ئاشکرای کرد کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە نزیکەی 20 میوانخانە و مۆتێل کاریان ڕاگرتووە و زیاتریش ئەوانەن کە بیناکانیان بەکرێ گرتبوو". گوتیشی "ئێستا لەگەڵ شارەوانی و پارێزگای هەولێر لەهەوڵدابن بۆ کەمکردنەوەی پارەی خزمەتگوزاری لەسەر شوێنە گەشتیارییەکان".

بەڵام دهۆک لەو ڕووەوە حاڵی باشترە. عوبەیدوڵڵا داود، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری دهۆک گوتی دوو تا سێ میوانخانە و مۆتێلی ئاسایی بەهۆی کەمبوونەوەی ئیش کردوویانە بە بەشی نێوخۆیی قوتابیان.

بەهۆی شەڕی داعشەوە، دەیان هەزار ئاوارە نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بوون کە پشکی شێری بەر شاری دهۆک کەوتووە، عوبەیدوڵڵا گوتی "بەشێکی هۆتێلەکان لەلایەن ئاوارەوە بەکرێ گیراون".

شەماڵ عەلی کە ماستەری لە بواری گەشتوگوزار لەزانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە و ئێستا مامۆستای هەمان زانکۆیە، دەڵێت لەهەر وڵاتێکدا شەڕ و قەیرانی دارایی هەبێت هاتنی گەشتیار بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات و شوێنە گەشتیارییەکان ناتوانن لەکارکردن بەردەوام بن.

لە وڵاتانی گەشتیاریدا دوو وەرزی گەشتوگوزار هەن کە یەکێکیان پێیدەگوترێ وەرزی بەرزی گەشتیاری و دووەمیشیان وەرزی نزمی گەشتیارییە. شەماڵ عەلی دەڵێ لە وەرزی بەرزی گەشتیاریدا ڕێژەی گەشتیار زۆر دەبن و گەشتیار پارەیەکی زۆر خەرجدەکەن "بۆیە حکومەت دەتوانێ باجێکی زۆرتر لە شوێنە گەشتیارییەکان وەربگرێت، بەڵام لە وەرزی نزمی گەشتیاریدا کە ئیش کەمترە، بۆ ڕێگرتن لەداخستنی شوێنە گەشتیارییەکان، حکومەت دەبێ ڕێژەی 25%ی باج کەم بکاتەوە".

حوسامەددین عەلی، بەڕێوەبەری گشتی یەکێک لە میوانخانە گەشتیارییەکان لە شاری هەولێر ئاشکرایکرد کە بەهۆی قەیرانی دارایی و نەهاتنی گەشتیارانی عەرەبەوە ئیش بەڕێژەی 50% کەمبووەتەوە.

بەڵام ڕێبین ستار، بەڕێوەبەری بە بازاڕکردن لە میوانخانەی تایتانیکی پێنج ئەستێرەیی لە شاری سلێمانی دەڵێت، لەو ماوەیەدا نەک ئیشیان دانەبەزیوە تەنانەت ریکۆردیشیان شکاندووە. گوتیشی "هەرچەندە قەیرانێکی گەورەی دارایی هەیە، بەڵام میوانانی هۆتێلەکەمان زیاتر بوون".

# پێشمەرگەیەکی ڕۆژئاوا دەکوژرێت و دەخرێتە نێو بیری ئاودەست

**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- بەردەڕەش**

لەسەر دەمەقاڵێیەک، پێشمەرگەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان لەخاڵێکی پاسەوانی نێو کەمپی گەویلان لە ڕۆژئاوای قەزای بەردەڕەش دەکوژرێت و بۆ شاردنەوەی دەخرێتە نێو بیری ئاودەست، دوای 3 ڕۆژ کەسوکارەکەی تەرمەکە دەدۆزنەوە.

دەلیل میزەر حەسۆ کە لەدایکبووی ساڵی 1995ی ڕۆژئاوای کوردستانە، لەگەڵ کەسوکارەکەی هاتووەتە باشووری کوردستان و لە ڕیزەکانی هێزی زێرەڤانی دەبێتە پێشمەرگە و لە کەمپی گەویلان پاسەوانیی کەمپەکە دەکات.

سەرچاوەیەک لە ئیدارەی کەمپی گەویلان بە (ڕووداو)ی گوت "هەرچەندە دەلیل بە ڕۆژ کوژراوە، بەڵام دانیشتووان و ئیدارەی کەمپە ئاگاداری کوشتنەکەی نەبوون، چونکە کەمپەکە لە میحوەری خازر نزیکە، هەروەها ئەو خاڵەی دەلیل پاسەوانی لێدەکرد کەمێک لە دووری کەمپەکەیە، بۆیە کەس دەنگی تەقەکەی بە هەند وەرنەگرتووە".

محەممەد حەسەن، یەکێک لە ئاوارەکانی کەمپی گەویلان ئاشکرای کرد کە ئەو گەنجە لەلایەن یەکێک لە دانیشتووانی کەمپەکەوە کوژراوە. گوتیشی "بکوژەکە زۆر بە شارەزایی تاوانەکەی کردووە و نەیهێشتووە کەس هەست بکات". هەروەها گوتی "دوای سێ ڕۆژ ئینجا بە تاوانەکەمان زانی. ئاسایشی بەردەڕەش تەرمەکەیان دۆزییەوە و بکوژەکەشیان دەستگیرکرد".

(م) کە بە کوشتنی دەلیل تۆمەتبار کراوە، تەمەنی 17 ساڵە و لەگەڵ دایک و خوشک و برایەکی لە خۆی بچووکتر لە کەمپی گەویلان دەژین، دایک و باوکی لە یەکدی جیابوونەتەوە و ئێستا باوکی لە کەمپی دۆمیز دەژیت.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "(م) و دەلیل چەند ڕۆژێک بوو بووبوونە هاوڕێی یەکدی، شەوانە (م) دەچێتە لای دەلیل و پێکەوە دۆمینە و کۆنکانیان کردووە لە نێو خاڵی پاسەوانییەکەدا. سەرلەبەیانی ڕۆژی 2015/2/1 دەلیل لەگەڵ (م) دەبێتە شەڕیان، بەهۆی ئەوەی دەلیل مۆبایلەکەی (م)ی دزیوەو لێی ئاشکرا کردووە. ئەو کاتەی دەلیل حاشا لە دزینی مۆبایلەکە دەکات بکوژ گوللەیەک لە سینگی دەلیل دەدات و دەستبەجێ گیانی دەردەچێت.

## تەرمەکەی فڕێدەداتە نێو بیری ئاودەست

(م) کاتێک لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێت، یەکسەر دان بە تاوانەکەدا دەنێت و دەڵێت کە دەلیل مۆبایلەکەی ئەوی دزیوە، بۆیە ئەویش هەر بە چەکەکەی دەلیل، کوشتوویەتی.

(م) بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانەی، تەرمەکە دەخاتە نێو بیری ئاودەستی خاڵە پاسەوانییەکە. پاشانیش مۆبایل و کلاشینۆفەکەی دەلیل دەبات و بە مۆبایلی دەلیل نامەیەک بۆ هاوڕێکانی دەنێرێت کە بە سەفەر چووەتە بەحرکە و داوایان لێدەکات بێنە شوێنەکەی تاوەکو دەگەڕێتەوە.

هاوڕێکانی دەلیل پەیوەندی بە مۆبایلەکەیەوە دەکەن، بەڵام (م) پەیوەندییەکان ڕەتدەکاتەوە. پاشان نامەی بۆ دەنێرن کە ئایا مۆڵەتی وەرگرتووە. (م) هەر بە نامە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت "نەخێر مۆڵەتم وەرنەگرتووە، وەرنە شوێنەکەی من تا دەگەڕێمەوە". هاوڕێکانیشی دەچنە شوێنەکەی.

## تاوانەکە چۆن ئاشکرا بوو؟

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو)، کاتێک (م) دەگەڕێتەوە نێو کەمپەکە، یەکێک لە دانیشتووانی کەمپەکە هەواڵ دەداتە ئاسایش کە کەسێک بە چەکێکی کلاشینکۆفەوە هاتووەتە نێو کەمپ، ئاسایشیش دەستبەجێ دەگەنە نێو کەمپەکە و دەستگیری دەکەن، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن، دان بەوەدا دەنێت کە دەلیلی کوشتووە. (م) بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە.

## لە دادگا قسەیەکی دیکە دەکات

سەرچاوەیەک لە دادگای بەرایی بەردەڕەش بە ڕووداوی گوت (م) لای دادوەر دانی بە تاوانەکەیدا ناوەو گوتوویەتی کە "دەلیل ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەری، بۆیە ئەویش کوشتوویەتی".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "گومان دەکرێت کوشتنەکە لەسەر کارێکی لەو جۆرە بووبێت، چونکە کاتێک دەلیل گوللەی بەرکەوتووە بە شۆرت و فانیلەوە بووە و گوللەکەش لە سینگی دراوە و لە پشتی دەرچووە، شوێنی گوللەکەش لەسەر زەوییەکە دیارە".



# پارێزگاری سلێمانی بۆ لادانی زێدەڕۆیی ڕاپرسی دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

زێدەڕۆیی دوکان و دەستگێڕەکان تا دەگاتە خانوو و شوێنی گشتی وای لەپارێزگاری سلێمانی کرد، لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە داوا لەخەڵکی شارەکە بکات ڕای خۆیان بدەن لەسەر ئەوەی چۆن ڕووبەڕووی ئەو دیاردەیە ببێتەوە، حکومەتیش داوای کردووە ئەو ڕاپرسییە لە هەولێر و دهۆکیش بکرێت.

لیژنەیەکی هاوبەش لە قایمقامیەتی سلێمانی کە نوێنەری فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی تێدایە، ئەرکی لابردنی زیادەڕۆییەکانی لەئەستۆیە، لێپێچینەوەکانیش لە ئاگادارکردنەوە تا سزای دارایی و پاشان داخستنی ئەو شوێنە دەگرێتەوە.

عوسمان عارف، بەرپرسی بەشی زێدەڕۆیی لە شارەوانی سلێمانی و ئەندامی لیژنە هاوبەشەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەرکی ئەوان لابردنی هەموو جۆرە زیادەڕۆییەکە هەر لە کەلوپەلی سەرشەقام و دوکانەکان تا دەگاتە دروستکردنی خانوو.

ناوبراو گوتی لێپێچینەوەکان سەرەتا بە ئاگادارکردنەوەی خاوەنی ئەو شوێنە دەبێت، پاشان ئەگەر دووبارەبووەوە سزای داراییە بۆ ماوەی سێ جار کە هەر جارێک بڕی (50 هەزار و 100 هەزار و 150 هەزار)ی لێوەردەگیرێت، ئەگەر هەمان سەرپێچی کردەوە شوێنەکە دادەخەن".

## پارێزگار ڕاپرسی دەکات

د.ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی ڕۆژی 26ی کانوونی دووەم لەڕێگەی پەیجی تایبەتی خۆیەوە لە فەیسبووک ڕاپرسییەکی ڕاگەیاندووە بۆ وەرگرتنی ڕای هاووڵاتیان بۆ لابردنی زێدەڕۆیی.

پارێزگاری سلێمانی لە پۆستەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە یەکێک لە دیاردە شارستانی و سیما مەدەنی و جوانەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بریتییە لەشەقام و ڕێگاوبانی ڕێکخراوی شارەکان "بەڵام بەداخەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی و شێواندنی سیستەمی شارو شارستانیەت، ئێمە گرفتێکی گەورەمان هەیە بەهۆی تێکدان و هەڵە بەکارهێنانی شەقام و شوێنە گشتییەکانەوە".

د.ئاسۆ بۆ ئەو مەبەستە داوایکردووە بەبڕیارو دەنگی زۆرینەی هاووڵاتیان و لە ڕاپرسییەکدا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و پرسیویەتی "ئایا ڕازین کۆتایی بەو دیمەنانە بهێنین کە ڕۆژانە سەدان سکاڵامان لەو بارەیەوە پێدەگات و نێو شاری دووچاری خنکاندنی هاتوچۆی پیادەو ئۆتۆمبێلەکان کردووە؟، بە بەڵێ یان نەخێر بەشدار بن لەدروستکردنی بڕیار لەگەڵماندا".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## 90% گوتوویانە بەڵێ

هەرچەندە ئەو ڕاپرسییەی پارێزگاری سلێمانی ماوەی سێ ڕۆژی بۆ دانرابوو، بەڵام تاوەکو 8ی ئەم مانگە درێژکرایەوە و نزیکەی 90%ی ئەوانەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە.

هونەر تۆفیق، گوتەبێژی پارێزگاری سلێمانی گوتی پرۆسەکە چەند قۆناغێک لەخۆدەگرێت، ڕاپرسییەکە قۆناغی یەکەمەو دواتریش لێکۆڵینەوە لەوەڵامەکان دەکرێت و هەندێک لە وەڵامەکانیش پێشنیازی تێدایە.

گوتیشی "بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان 90%ی وەڵامەکان بە بەڵێ هاتوونەتەوەو قۆناغی دووەمیش دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی بۆ نەهێشتنی زیادەڕۆییە، چونکە 40%ی بەشداربووان داوای چارەسەریشیان کردووە".

## وەزارەتی ناوخۆ: فراوانی بکەن

گوتەبێژی پارێزگاری سلێمانی ئاشکرایکرد لەدوای ئەو ڕاپرسییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریکردنی ڕاپرسییەکە نیشانداوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وەزارەتی ناوخۆ داوای کردووە ئەو ڕاپرسییە لەشارەکانی هەولێرو دهۆکیش بکرێت.

هەر بەپێی زانیارییەکان وا بڕیارە لیژنەیەکی باڵا لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی (ناوخۆ و داد) بە بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە پێکبهێنرێ بۆ بنبڕکردنی زێدەڕۆیی، چونکە ئەو بنبڕکردنە پێویستی بە دەسەڵاتێک هەیە کە بڕیاری بەندکردنی سەرپێچیکار بدات، ئەوەش لە دەسەڵاتی پارێزگاردا نییە.

فەرهاد تۆفیق، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پارێزگار دەسەڵاتی جێبەجێکارەو بۆی هەیە ڕاپرسی بکات بۆ نەهێشتنی زێدەڕۆیی.

لەدونیای ئەمڕۆدا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕێگەیەکی فراوانە بۆ زانینی ڕای هاووڵاتیان، بەڵام ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کاریان کردووە پێیانوایە کە هەموو چین و توێژەکان ناتوانن لەو جۆرە ڕاپرسییەدا بەشداری بکەن.

کاردۆ حەسەن، چالاکوانی مەدەنی کە تاوەکو ئێستا بەشداری ئامادەکردنی چەند ڕاپرسییەکی کردووە، ئەو هەنگاوەی پارێزگاری بەکارێکی باش زانی، چونکە ڕێگە بە هاووڵاتیانی ئاسایی دەدرێت ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت لەدروستکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بەژیانی خۆیانەوە هەیە.

بەڵام ڕەخنەی لەجۆری ڕاپرسییەکە هەیە "باشتر وایە ئەم خواستانە لەڕێگەی ڕاپرسی مەیدانییەوە بەرز بکرێتەوە تاوەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەکاتی دانانی پلان و بڕیارە گشتییەکاندا ئەو خواستانەی هاووڵاتیانیش لەبەرچاو بگرن، چونکە تەنیا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی کۆمەڵگە نین".

رووداو
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9

مەرجی هەیە بۆ گەڕانەوە

# چارەنووسی تارق هاشمی بەرەو کوێ؟

عەدنان سەید حوسێن
رووداو- هەولێر

دوای چوار ساڵ و چوار فەرمانی لەسێدارەدانی غیابی، هێشتا جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق لەئاوارەییدا دەژی، نە ئینتەرپول ئامادەیە وەکو داواکراوێک بیسپێرێتەوە بە حکومەتی عێراق و نە بۆ خۆشی ئامادەیە بگەڕێتەوە، تاکە رێگاشی بۆ پەیوەندی، ئامێری کۆمپیوتەر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە عێراقەوەی ببەستێتەوە.

## ئەمریکا داوا دەکات بگەڕێتەوە

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵی نێوخۆیی و دەرەکی، ئەمریکا داوای لە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە، تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری پێشوو رازی بکات تاوەکو لەتورکیاوە بگەڕێتەوە وڵات و بەشداری بکاتەوە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

بەپێی ئەو سەرچاوانەی هەواڵ، ئەمریکا دەیەوێ بەگەڕانەوەی تارق هاشمی و رافیع عیساوی، وەزیری پێشووی دارایی عێراق کە بەهەمانشێوەی هاشمی لەلایەن دادگاوە داواکراوە، داعش لاواز بکات و دابڕانێک لەنێوان داعش و سوننەکاندا دروست بکات.

هەربۆیە سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا، دۆسیەی تارق هاشمی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە وروژاند و داواشی لە بەرپرسانی تورکیا کرد هەوڵی میانگیرانە بدەن کە هاشمی بە گەڕانەوە بۆ عێراق رازی بکەن.

پێشتریش لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتدا وا راگەیەنرا کە رافع عیساوی دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری بەرگری، بەڵام دواتر ئەو گەڕانەوەیە دواخرا.

بە کەمتر لە مانگێک دوای نەخۆشکەوتنی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق، لە مانگی کانونی یەکەمی 2012دا، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار دەرکرد، بەتۆمەتی تێوەگلانی ناوبراو لەکاری تیرۆریستی، ئەوەش هاشمی ناچار کرد بەرەو هەرێمی کوردستان هەڵبێت و لەوێشەوە بۆ تورکیا و دواتر بۆ دۆحەی پایتەختی قەتەر، پێش ئەوەی بەیەکجاری لە تورکیا جێگیر ببێت.

## سوننە داوای گەڕانەوەی دەکەن

یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی سوننە بۆ بەشداریکردن لە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئاشتەوایی نیشتمانی بوو.

لەویلایەتی دووەمیدا تەنگژەی نێوان نوری مالیکی و سوننەکان هەڵکشا، سەرەتا لە کانونی یەکەمی 2011 فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ تارق ئەلهاشمی جێگری سەرۆک کۆمار دەرکرد و دوای چەند مانگێک لە بڕیاری دەستگیرکردن بۆ دووەم کەسایەتی دیاری سوننە رافیع عیساوی وەزیری دارایی دەرکرا و دواتریش ئەحمەد عەلوانی پەرلەمانتار و سەرکردەی دیاری سوننەکان دەستگیرکرا و فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

ئاشتەوایی نیشتمانی "راستەقینە" بەبڕوای بەها نەقشبەندی سەرکردەی دیاری حیزبی ئیسلامیی عێراق، تاکە رێگایە بۆ چارەسەر. ناوبراو بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "لەپێکهێنانی حکومەتدا لەسەر ئەو خاڵە رێککەوتین، بەڵام هەنگاوی راستەقینەمان دەوێت. ئەگەر ئاشتەوایی راستەقینە هەبێت هەموو دۆسییەکان جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە".

نەقشبەندی لەبارەی هاشمییەوە گوتی "هەموو دۆسیەکان، لەوانەش دۆسیەی ئەحمەد عەلوانی، رافیع عیساوی و تارق هاشمی دەبێت چارەسەر بکرێن".

ئەو هاوەڵەی جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عیراق داوای کرد (ئاشتەوایی نیشتمانی) ئەمجارەش تەنیا کۆنگرەو کۆبوونەوە و دروشم نەبێت، بەڵکو دەبێت عەبادی هەنگاوی کارا بنێ.

## دەوڵەتی یاسا توندە

بەڵام دەوڵەتی یاسا رەتیدەکاتەوە ئاشتەوایی نیشتمانی دۆسیەی هاشمی لەخۆبگرێت. محەممەد سەیهوود، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی گوت "دەبێت مەسەلەی دۆسیەی تارق هاشمی و ئاشتەوایی نیشتمانی لێک جیابکرێنەوە".

گوتیشی "ئاشتەوایی نیشتمانی پێویستییەکە دەبێت لەم قۆناغەدا ئەنجام بدرێت، قۆناغێک کە عێراق تووشی کێشە و توندڕەوی و شەڕی داعش بووەتەوە، دەبێت هەموو روئیا و هەوڵەکان یەکبخەین".

هەروەها گوتی "دۆسیەی هاشمی یاساییە و لە عێراقدا دادگاکان سەربەخۆن و نابێت لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ بکرێت".

محەمەد سەیهوود باسی هەڵوێستی بەشێک لە فراکسیۆنەکانی کرد "ئەوان تەنیا بیر لە جەللاد دەکەنەوە و بیر لە قوربانی ناکەنەوە، بەڵام ناتوانرێت ئاشتەوایی لەگەڵ تاوانبارێکی وەکو ئەو بکرێت، چونکە دەستی سوورە بە خوێنی عێراقییەکان".

پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014 ی پەرلەمانی عێراق، دادگا دۆسیەی سەلیم جبوری داخست کە تۆمەتبار بوو بەماددەی 4ی تیرۆر و دۆسیەی مەشعان جبوریش بەهەمانشێوە یەکلایی کرایەوە پاش چەندان ساڵ لە دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردنی.

## "بڕیاری دادگا کۆتایی نییە"

حاکم رزگار محەممەدئەمین لە بارەی دۆسیەی هاشمییەوە بە (رووداو)ی گوت "فەرمانەکانی لە سێدارەدانی تارق هاشمی بەشێوەی نائامادەیی خۆی (غیابی) دراون، بۆیە بڕیاری کۆتایی (قەتعی) نین".

حاکم رزگار کە زیاتر لە نێوەندی عێراقی و جیهانیدا بەکەیسی دادگایی سەدام حوسێن سەرۆکی پێشووی عێراق ناسرا، گوتیشی "دەکرێت لەسەر داوای تۆمەتبار شوێنی دادگاییەکە بگوازرێتەوە".

## مەرجی هاشمی بۆ گەڕانەوە

جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق، لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، دادگاییەکی کراوە و عادیلانەی وەکو مەرج بۆ گەڕانەوەی خۆی بۆ عێراق راگەیاند.

تارق هاشمی کە لەلایەن دادگاوە تۆمەتی تیرۆری خراوەتە پاڵ و ئێستا لە تورکیایە، بە ئەکتیڤترین سەرکردەی عێراقی دادەنرێت. لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە رایگەیاند کە "گەڕانەوەی من بۆ عێراق، پەیوەستە بە دادگاییەکی کراوە و عادیلانە لەسەر ئەو تۆمەتانەی ئاراستەم کراون". هاشمی هەروەها دەڵێت هێشتا بڕیاری نەداوە بگەڕێتەوە بۆ عێراق، تا ئەو کاتەی دەرفەتی بۆ دەرەخسێ.



# ئیتاڵیا پەنجەمۆری پەناخوازان وەرناگرێت

## بەرپرسێکی یەکێتی ئەوروپا: رێککەوتنی دبلن مەبەستی خۆی لەدەستداوە

رووداو- رادیۆی سوێد

بەرپرسێکی یەکێتی ئەوروپا رەخنە لە وڵاتانی سەر بە یەکێتییەکە دەگرێت کە پابەند نین بە "رێککەوتننامەی دبلن" لەبارەی پەنابەران و دەڵێت "رێککەوتنی دبلن مەبەستی خۆی لەدەستداوە".

بەپێی ئەو رێککەوتنە، پەناخوازان دەبێ لە یەکەم وڵاتی یەکێتی ئەوروپا کە دەیگەنێ داوای مافی پەنابەری بکەن. ئەم رێککەوتنە ساڵی 2003 لە نێوان وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا واژۆ کراوە، بەڵام دوای 12 ساڵ سیاسەتوانانی ئەوروپا دەڵێن رێککەوتنەکە ئامانجی خۆی لەدەستداوە.

ئێستا هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا کار بەو سیستمە ناکەن و سیستەمی تۆمارکردنی پەناخوازان لەرێگای پەنجەمۆر پەیرەو ناکەن. بۆیە زۆربەی ئەوانەی کە یەکەم وڵاتیان بۆ نموونە ئیتاڵیایە، رێگایان پێدەدرێت دەربازبن بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا. زیاتر لە نیوەی ئەمانەش خۆیان دەگەیێننە ئەڵمانیا و سوید.

سێسیلیا ڤیکستروێمباس، بەرپرسی گفتوگۆکانی رێککەوتنی دەبلن کە سەر بە پارتی لیبراڵی گەلی سویدە، دەڵێت "پێویستە ئەو راستیە بگوترێت کە سیستەمی رێککەوتنی دەبلن هیچ مانایەکی نەماوە". بۆیە داوا لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەکات ئەم سیستەمە سەرلەنوێ هەڵسەنگێننەوە.

رێککەوتنی دەبلن لە ساڵانی نەوەتەکان واژۆکرا، بەڵام تاوەکو ساڵی 2003 نەهاتە ئارا. ئەم رێککەوتنە بە "پرەنسیپی یەکەم وڵاتی داڵدە" جار جار ناودەبرێت و ئەو یاسایە وڵاتانی ئەوروپا پابەند دەکات کە کامیان بەرامبەر بە هەڵسەنگاندنی داوای پەناخوازی بەرپرسیارە.

مەبەستی سەرەکی رێککەوتنی دەبلن ئەوەیە کە پەناخوازێک تەنیا لە یەک وڵاتی یەکێتی ئەوروپا داوای پەنابەری هەڵسەنگێندرێت. ئەوەش بەو مانایەی کە ئەگەر لە وڵاتێک داوای پەناخوازێک رەتبکرێتەوە، ئەم پەناخوازە ناتوانێت لە وڵاتێکی دیکەی ئەم یەکێتییە داوای مافی پەنابەری بکات. لەم رێککەوتنەدا بەوردی هاتووە کە بەرپرسیارێتی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەرێک دەکەوێتە سەر شانی کام وڵاتی یەکێتی ئەوروپا.

ئەم رێککەوتنە ئەوە دەگەیێنێت کە پەناخوازێک داواکەی دەبێ لەلایەن یەکەم وڵاتی یەکێتی ئەوروپاوە کە پێی لەسەر دادەنێ، هەڵبسەنگێندرێت. هاوکات ئەمە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە کەسوکاریان لە وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەوروپایە یان ئەو کەسانەی کە ڤیزایان بۆ وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا وەرگرتووە. ئەگەر پێویست بێت، پەناخوازێک دەبێ بنێردرێتەوە یەکەم وڵاتی یەکێتی ئەوروپا کە لەسەرەتای هاتنی بۆ ئەوروپا پێیدا هاتووە.

بۆ ئەوەی بزانرێت کە پەناخوازێک یەکەمجار رووی لە چ وڵاتێک کردووە، یەکێتی ئەوروپا سیستمی پەنجەمۆری پەیڕەو کرد و پەنجەمۆری پەناخوازەکە لە خەزێنەی هاوبەشی یەکێتی ئەوروپا تۆمار دەکرێ کە بە "ئێوروداک" ناودەبرێت.

رێککەوتنی دەبلن لەسەر بنەمای باوەڕبوونی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە یاساکانیان دارڕێژراوە، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا دادگای یەکێتی ئەوروپا و دادگای مافەکانی مرۆڤی سەر بە یەکێتی ئەوروپا چەندین حوکمیان داوە کە رێگا لەوە دەگرێت پەناخوازان بۆ چەند وڵاتێکی ئەم یەکێتییە بنێردرێنەوە. یەکێک لەم وڵاتانە یۆنانە کە سیستەمی کۆچ و وەرگرتنی پەنابەران و پاراستنی یاسای پەیوەندیدار بەو مەسەلانەی زۆر جێی باوەڕ نییە.

بەهۆی ئەوەی کە پەنجەمۆر سیستەمی ناساندنە، گەورەترین کێشە تۆمارنەکردنی پەنجەمۆری پەناخوازانە لە یەکەم وڵاتی یەکێتی ئەوروپا کە دەیگەنێ. بۆ نموونە ئیتاڵیا پەنجەمۆری پەناخوازان تۆمار ناکات و رێگایان پێدەدات بەردەوام بن لە کۆچکردنیان بۆ وڵاتانی دیکە، بۆیە زۆربەی پەناران لە ئیتاڵیا ناگیرسێنەوە و یەکسەر روو لە وڵاتانی وەکو ئەڵمانیا و سوێد دەکەن.

یەکێک لەو پەناخوازانەی کە مۆری پەنجەی لە ئیتاڵیا تۆمار نەکراوە، پەناخوازێکی سوورییە بە ناوی هیشام. ئەو دەڵێت "بە پۆلیسی ئیتاڵیام گوت کە نامەوێ پەنجەمۆرم لە ئیتاڵیا تۆمار بکەم، چونکە نیازم ئەوەیە خۆم بگەیێنمە سوید، ئەوانیش گوتیان هیچ کێشە نییە".

هیشام یەکێکە لەو 170 هەزار کۆچبەرانەی لە رێگەی کەشتییەوە بە دەریای ناوەڕاستدا کۆچیان کردووە و لە ماوەی ساڵی رابردوودا لەلایەن هێزی دەریایی ئیتاڵیاوە رزگار کراون. ئەمەش کاتێک کە ئەو کەشتیانەی پێیهاتوون بەهۆکاری جۆراوجۆر تێکشکاون و نقوم بوون، زۆربەی ئەمانە لە ئیتاڵیا دەرکەوتوون و خۆیان گەیاندووەتە باکووری ئەوروپا و بەتایبەتی وڵاتانی ئەڵمانیا و سوید. ئەم دوو وڵاتە پێکەوە زیاتر لە نیوەی هەموو ئەو پەناخوازانەی کە خۆیان دەگەیێننە ئەوروپا، وەردەگرن.


بەهۆی ئەوەی کە هیشام و زۆر کەسی وەکو ئەو پەنجەمۆریان لە ئیتاڵیا تۆمار نەکراوە، ناتوانرێت نیشان بدرێت کە هیشام و بە دەیان هەزار کۆچبەری دیکەش لەرێگای ئیتالیاوە خۆیان گەیاندووەتە سوید بۆ نموونە. چونکە ئەگەر پەنجەمۆری تۆمارکرابا دەتوانرا نیشانبدرێت کە هیشام یەکەم وڵاتی ئیتالیا بووە و بەرپرسیارێتی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەری هیشام لەسەر شانی ئیتاڵیایە.

مارتن لیندێن، کاربەدەست لە دەزگای کۆچی سوید دەڵێ لێرەدا بەڵگە مەرجە، چونکە بەشی هەرە زۆری کۆچبەران لەرێی باشووری ئەوروپاوە دێن و ئەگەر ئەمانە تۆمار نەکرێن سەختە بڵێین کە بەرپرسیارێتی هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەری ئەمانە لەسەر شانی وڵاتێکی دیکەیە.

ژمارەی ئەو پەناخوازانەی کە لەناو خەزێنەی زانیاریی پەنجەمۆری یەکێتی ئەوروپادا نین، تا دێ زێدەتر دەبێت. ساڵی 2013 زیاتر لە 50 هەزار پەناخواز روویان لەسوێد کردووە. لەمانە نزیکەی 11 هەزاریان دەبووایە بەپێی رێککەوتنی دەبلن پرۆسەی کەیسەکانیان هەڵسەنگێندرابا. ئەمەش بەو مانایەی کە لەڕاستیدا دەبووایە وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا داوای پەنابەری ئەمانەی وەرگرتبا و هەڵسەنگاندبا.

لەماوەی ساڵی رابردوودا رێژەی پەناخوازان لە سوید زیادی کرد و گەیشتە سەرووی 80 هەزار. بەڵام سەرەڕای ئەم زیادبوونە، رێژەی ئەو کەیسانەی کە دەبووا بەپێی رێککەوتنی دەبلن تۆمار کرابان هەر وەکو ساڵی 2013 لە 11هەزار مابووەوە.

بەرپرسی گفتوگۆکانی رێککەوتنی دەبلن سێسیلیا ڤیکستروێم دەڵێ "ئەمە نیشانی دەدات کە سیستەمەکە بەو شێوەی مەبەستە کار ناکات. کاتی ئەوە هاتووە باس لە بژارەی دیکە بکەین".



# پێشمەرگە تووشی "برینی بەغدا" دەبن

سەروەر سالار
ڕووداو- ئاژانسەکان

بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لیشمانیا لەنێو هەندێک پێشمەرگەی بەرەکانی پێشەوەی جەنگ و ئاوارەکانی سووریا و ئەوانەی باشووری عێراق، هەندێک پرسیاری لەنێو خەڵکی دروستکرد سەبارەت بە نەخۆشییەکە و ئەگەری گواستنەوەی.

ئەمانە هەندێک زانیارین لەبارەی لیشمانیای پێست کە بە "برینی بەغدا"ش ناودەبرێت:

لیشمانیا نەخۆشییەکە بەهۆی مشەخۆری لیشمانیاوە دەگوازرێتەوە و زیاتر لە ناوچە گەرمەکان بڵاوە، بەتایبەت ناوچە عەرەبییەکانی سووریا و عێراق. ئەوەی لە عێراق و سوریا هەیە زیاتر لیشمانیای پێستە کە بە "زامی بەغدا یان برینی بەغدا" ناودەبرێت، ئەو جۆرەیان کە تووشی هەناو دەبێت و مەترسیدارە، زیاتر لە هیندستان بڵاوە کە بە "کەڵە ئازار" ناسراوە.

## نیشانەکانی

هەندێکجار هیچ نیشانەیەکی نییە، هەندێکی دیکەش سەرەتا تەنیا چەند زیپکەیەکی بچووک لەسەر پێستیان دروستدەبێت. زیپکەکان بەتێپەڕینی کات قەبارەیان گەورە دەبێت و دەبنە برینێکی ناشیرین. زۆربەی کات برینەکە ئازاری نییە.



## ڕێگای گواستنەوە

نەخۆشییەکە ڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی ناگوازرێتەوە. واتە بەرکەوتنی برینەکە نابێتە هۆی گواستنەوە. گواستنەوەکە تەنیا لە ڕێگای پێوەدانی مێشوولەی مێیینەی ساند فلای دەبێت کە مێشوولەیەکی بچووکی بێدەنگە. کاتێک مێشوولەکە بە کەسێکەوە دەدات، گەرای لیشمانیاکە لە خوێنی ئەو کەسەوە وەردەگرێت. گەراکە تەنیا لەنێو لەشی ئەو مێشوولەیەدا توانای هەیە گەشە بکات و بگۆڕێت بۆ ئەو قۆناغەی توانای نەخۆشخستنی خەڵکی هەبێت. کاتێک مێشوولەکە مشەخۆرێکی پێگەیشتووی هەڵگرتووە و بە کەسێکەوە دەدات، مشەخۆرەکە بۆ نێو جەستەی کەسەکە هەڵدەگرێت. مشەخۆرەکە خۆی لەنێو خڕۆکە سپییەکان دەشارێتەوە و دەست بەزۆربوون دەکات و خڕۆکە سپییەکە دەتەقێنێ و مشەخۆرێکی زۆر بەنێو خانەکانی پێستدا لەشوێنی پێوەدانی مێشوولەکە بڵاودەبنەوە و خانەکانی پێست تێکدەشکێنن و برینێکی ناشیرین لەسەر پێستەکە دروست دەکەن.

## چارەسەر:

چارەسەر دەبێت لە قۆناغەکانی سەرەتادا بکرێت، ئەویش بە لێدانی دەرزیی دژی مشەخۆرەکە لەشوێنی برینەکە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی پێستەوە. بەداخەوە کە برینەکە گەورەبوو و شێواوییەکەی دروستکرد، بۆ هەتا هەتایە شوێنەکەی دەمێنێتەوە سەرەڕای چارەسەربوونی.

## گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی:

مێشوولە زیاتر بەو شوێنانەوە دەدات کە دیارن و دانەپۆشراون، وەک ڕووخسار و دەست و پێ، بۆیە برینەکەش لەو شوێنانە دروستدەبێت و دوای چاکبوونەوەشی شوێنەوار بەجێدەهێڵێت، بۆیە کەسەکە لەڕووی دەروونییەوە شپرزە دەبێت و هەندێکجار خەڵکیش بە هەڵە واتێدەگەن کە نەخۆشییەکە ڕاستەوخۆ لە برینەکەوە دەگوازرێتەوە، بۆیە خۆیان لە نزیکبوونەوە لە نەخۆشەکە دەپارێزن.

## نەخۆشییەکی فەرامۆشکراو:

لەبەرئەوەی زیاتر لە ناوچە دواکەوتووەکانی جیهاندا هەیە وەک ئەفغانستان، بەنگلادیش، هیندستان، بەرازیل، میسر، عێراق و سووریا، سەرنجێکی زۆر ناخرێتە سەر ئەم نەخۆشییە، هەرچەند ساڵانە نزیکەی ملیۆنێک کەس نەخۆش دەخات.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەم نەخۆشییەی وەک یەکێک لە نەخۆشییە پشتگوێخراوەکان ناساندووە و داوا دەکات سەرنجی زیاتر بخرێتە سەر ڕێگری لەم نەخۆشییە و چارەسەری تووشبووانی، بەڵام ساڵی 2003 کاتێک چەند سەربازێکی ئەمریکی تووشی لیشمانیای پێست بوون، هەرایەکی گەورە لەسەر ئەم نەخۆشییە دروستبوو لە میدیاکاندا.

# ئامۆژگاری بۆ ئافرەتی سکپڕ

د.سۆران محەممەد غەریب

بۆ ئەوەی ژنان کۆرپەلەیەکی تەندروست بهێننە ژیانەوە، پێویستە لە کاتی سکپڕیدا ڕەچاوی ئەم ڕێنماییە تەندروستیانە بکەن.

### 1 - خۆت بەدوور بگرە لە جگەرە کێشان، چونکە دەبێتە هۆی:

- کەمیی کێشی منداڵ.
- لە بارچوونی منداڵ.
- مردنی منداڵ لە نێو سکی دایکیدا.

### 2 - وەرزش بکە، بەڵام لەم حاڵەتانەدا نا:

- ئەگەر دایکەکە پێشتر منداڵی لەبارچووبێت.
- فشاری خوێنی بەرزبێت.
- سکەکەی دووانە بێت.
- پێشتر منداڵی بووبێت پێش کاتی ئاسایی خۆی.

هاتوچۆ لە ناو ماڵدا هەر 2 سەعات جارێک پێویستە بۆ بەرگرتن لە مەیینی خوێن لەناو خوێنهێنەرەکاندا.

### 3 - دەرمان

- بەکارنەهێنانی دەرمان بێ ئاگاداری پزیشک، چونکە زۆر دەرمان لە کاتی سکپڕیدا مەترسی بۆ سەر کۆرپەلە دروست دەکەن.

### 4 - جلوبەرگ:

ئافرەتی سکپڕ پێویستە جلوبەرگی فراوان لەبەر بکات و جلوبەرگی تەسک و پێڵاوی پاژنە بەرز بەکارنەهێنێ.



### 4 - خەو و پشوودان:

ئافرەتی سکپڕ شەوانە بەلانیکەمەوە پێویستی بە 8 کاژێر خەو هەیە و بە ڕۆژیش پێویستە 2 کاژێر بخەوێت یان پشوو بدات، بەتایبەتی لە کاتی نیوەڕۆیان.

لەکاتی پشوودااندا باشتر وایە ئافرەتەکە لەسەر تەنیشتی لای چەپ پاڵ بکەوێت کە ئەمەش سووڕی خوێنی کۆرپەلە چالاکتر دەکات. هەروەها ئافرەت نابێت کاری قورس بکات و خۆی ماندوو بکات و شتی قورس هەڵبگرێت.

### 5 - پاک و خاوێنی:

ئافرەتی سکپڕ پێویستە گرنگی بدات بە پاک و خاوێنیی لەش و جلوبەرگ. هەروەها گرنگیدانی تەواو بە پاک و خاوێنی و تەندروستیی دەم و ددان، چونکە لە کاتی سکپڕیدا کلۆربوون و هەوکردنی ددان و خوێنبەربوونی پووک زیاتر لە حاڵەتی سروشتی ڕوودەدات.

### 6 - خۆت لە نەخۆشی بپارێزە ئەویش بەهۆی:

- گرنگیدان بە خۆراک.
- گرنگیدان بە پاک و خاوێنی.
- 7 کوتان دژی دەردەکۆپان:

ئەم کوتانە دایکەکەش و منداڵەکەش لەم نەخۆشییە ترسناکە دەپارێزێ، چونکە منداڵی تووشبوو هیچ چارەسەرێکی نییە و تەنیا بە کوتان لە مردن ڕزگار دەکرێت.

### 8 – پشکنین لە کاتی سکپڕیدا:

دایکی سکپڕ پێویستە بە شێوەیەکی خولی، سەردانی یەکەی چاودێریی دایکان و منداڵان بکات بۆ چاودێری و بەدواداچوون بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

- چوار هەفتە جارێک تاوەکو تەمەنی سکپڕی دەگاتە 32 هەفتە.
- دوو هەفتە جارێک تاوەکو تەمەنی سکپڕی دەگاتە 36 هەفتە.
- هەفتەی جارێک تاوەکو کاتی منداڵبوون.

چۆن دەزانیت سکپڕیت:

بەر لەوەی سۆنەر یان پزیشک و مامانەکان دەریبخەن کە سکپڕیت، چەند نیشانەیەک هەن ئاماژەن بۆ سکپڕی و لە کاتی دەرکەوتنی ئەو نیشانانە پێویستە سەردانی پزیشک بکەیت، ئەوانیش:

- وەستانی سووڕی مانگانە.
- هێڵنج و ڕشانەوە.
- تۆخبوونی ڕەنگی گۆی مەمک.
- گۆڕانی ڕەنگی پێست.
- زوو زوو میزکردن.
- گەورەبوون و گۆڕانی مەمک.

هۆکارەکانی دەزانی؟

# گەنجانی کورد 10 ساڵ زووتر سەریان سپی دەبێت

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

سپیبوونی سەر لە تەمەنێکی زوودا، گرفتی بەشێکی زۆر لە گەنجانی کوردستانە، پسپۆڕانی تەندروستی و بۆماوەزانی هۆکارەکەی بۆ گوشاری دەروونی، خۆراک و دەرمانی خراپ و کاریگەریی مادە کیمیاوییەکانی نێو بۆیە و شامپۆ دەگەڕێننەوە.

ڕەنگە جیاوازەکانی قژ بەهۆی بۆیەیەکە کە پێیدەگوترێ میلانین (Melanin). ئیۆمیلانین بەرپرسە لە دەرکەوتنی ڕەنگی ڕەش و قاوەیی، فیۆمیلانین (Pheomelanin) و تراکیۆکرۆمیس (tricho chromes) لێپرسراون لە دەرکەوتنی قژ بە ڕەنگی سوور، ئەو ماددانەش لە ڕێگەی کارلێکێکی کیمیاویی ئاڵۆز بەهاوکاری ئەنزیمی تایرۆسین (tyrosins) دروستدەبن، بە کەمبوونیشیان بەهەر هۆیەک، ڕەنگی قژ سپی دەبێت.

بنار لوقمان، 20 ساڵ، قوتابی کۆلێژی زانست لە زانکۆی سەلاحەددین، هەر لە ئێستاوە چەند تاڵێکی قژی سپی بووە، ئەو ترسی هەیە زۆربەی قژی سپی ببێت، چونکە خوشکێکیشی وەکو ئەو سەرەتا چەند تاڵەموویەکی سەری سپی بووە و دواتر زۆربەی سەری سپی بووە.

بنار دەڵێت "بۆیەکردنی قژ و گۆڕینی ڕەنگی لای بەشێک لەکچانی زانکۆ بۆ جوانییە، بەڵام لەلایەن بەشێکی دیکەیان بەهۆی سپیبوونی بەشێکی قژیان و دەرکەوتنی تاڵی سپییە لە قژیاندا".

سپیبوونی قژ، بە یەکێک لەنیشانەکانی پیربوونی مرۆڤ دادەنرێ، لەباری ئاساییدا بەتێپەڕبوونی تەمەن لەو مرۆڤانەدا کە پێستیان سپییە (قەفقازی لە تەمەنی 30 بۆ 35 ساڵی، ئاسیایی لە تەمەنی 35 بۆ 40 ساڵی) دەستپێدەکات، لە مرۆڤە ڕەشپێستەکانیشدا لە 45 ساڵییەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەباری نائاساییدا لەژێر کاریگەری نەخۆشییە بۆ ماوەیی و درێژخایەنەکان و ژینگە زۆرجار لەو مرۆڤانەدا کە پێستیان سپییە لەژێر تەمەنی 20 ساڵی و لە ڕەشپێستەکانیشدا لەژێر تەمەنی 30 ساڵی دەستپێدەکات.

دکتۆرە ئاراز حەسەن شێروانی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست و جوانکاری دەڵێ ئەو گەنجانەی سپیبوونی قژیان نائاساییە، گرفتی بۆماوەیی، نەخۆشیی کەم خوێنی یان شەکرەیان هەیە، یاخود گرفتیان لە ڕژێنە دەرەکییەکاندا هەیە، گوتیشی "ئەو کەسانە لەژێر کاریگەری نەخۆشییە بۆماوەییەکاندا بەرگریی لەشیان کەمدەبێتەوە و خانەکانیان ناتوانن وەکو پێویست میلانین دروست بکەن، بۆیە لە تەمەنێکی زۆر زوودا قژیان سپی دەبێ".



بەپێی قسەی ئەو پزشکە، ڕێژەی تووشبووان بەم نەخۆشییە لەجیهاندا لە مرۆڤە ڕەشپێستەکاندا دەگاتە 2.8% و لەوانەشدا کە پێستیان سپی یان گەنمییە دەگاتە 5%. لە کوردستانیش ڕێژەی تووشبووان لە ڕێژەی جیهانی نزیکە".

ئەو پزیشکە باسی جۆرێکی دیکەی سپیبوونی قژ لە نێو گەنجاندا دەکات و دەڵێت "ئەم جۆرەیان لەنێو گەنجانی کوردستاندا زۆر بڵاوە، هۆکارەکەشی گوشاری دەروونی، پیسبوونی ژینگە، خواردنی دەرمان و خۆراکی خراپ، زۆریی ڕێژەی مادده کیمیاوییەکانە کە لە پاککەرەوەکانی وەک شامپۆ و سابوون و بۆیەکانی قژدا هەیە، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی خانەکانی میلانۆسایت وەک پێویست نەتوانن میلانین دروست بکەن، بەمەش سپیبوونی پێشوەختە ڕوودەدات".

گوتیشی "لەژێر کاریگەری ئەم هۆکارانەدا دەتوانین بڵێین گەنجانی کوردستان 10 ساڵ پێش وادەی خۆیان قژیان تاڵی سپی لێدەردەکەوێت".

سەرچاوەی ماددەی میلانین، ڕژێنی تایرۆسینە کە زۆرجار بەئەماینۆئەسیدیش دەناسرێت و لەخۆراک وەردەگیرێت. ئەم ڕژێنە بەهۆی زنجیرەیەک کارلێکی کیمیایی کە لەهەر قۆناغێکدا جینێک لێی بەرپرسە، دەگۆڕێت بۆ میلانین.

د.ئیسماعیل مستەفا، پسپۆڕی فسیۆلۆجی لە کۆلێژی زانست لە زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت "ئەو جینانەی بەرپرسن لە دروستکردنی میلانین و دەردانی چەندە چالاک بن، ئەوەندە ڕێژەی دەردانی ماددی میلانین زیاتر دەبێت و قژی مرۆڤ بە ڕەشی یان ڕەنگەکانی دیکە دەمێنێتەوە، بەپێچەوانەشەوە بەکەمبوونیان ڕەنگی قژ بەرەو سپیبوون دەڕوات".

وەزارەتی تەندروستی هیچ ئامارێکی بۆ ڕێژەی ئەو گەنجانەی کە لە تەمەنێکی زوودا تووشی گرفتی سپیبوونی قژ بوونەتەوە نییە ، بەڵام پزیشکانی پسپۆڕ و سەنتەرەکانی جوانکاری ژنان و پیاوان گەواهی زیادبوونی ڕێژەکە لە کوردستان دەدەن.

کاڵێ حەسەن زادە، خاوەنی سەنتەری ئەناهیتا بۆ جوانکاریی ئافرەتان دەڵێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ڕێژەی ئەو کەسانەی تووشی سپیبوونی پێشوەختەی قژ بوونەتەوە لەهەڵکشاندایە".

کاڵێ دەڵێت ڕۆژانە 25 بۆ 35 کچ و ژن کە تەمەنیان 20 بۆ 30 ساڵ دەبێت، بەمەبەستی بۆیەکردنی قژیان ڕوو لە لقەکانی سەنتەرەکەیان دەکەن.

## "بۆیەکانی قژ زیانبەخشن"

هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ڕەنگی سپی لەقژدا بۆ کەمیی ڕێژەی میلانین لە لەشدا دەگەڕێتەوە، جا بەهۆی بەساڵاچوونەوە بێت یان بۆماوەیی و کاریگەریی ژینگە.

د.ئیسماعیل مستەفا دەڵێت "هۆکارە ژینگەییەکان دەبنە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ڕەگە سەربەستەکان و بازدان لەجینەکان کە بەهۆیانەوە جینەکان وەک پێویست چالاک نابن و ماددەی میلانین دروست ناکەن، بەکەمبوونیشیان قژ ڕەنگی بەرەو سپیبوون دەچێ".

سەبارەت بە بەکارهێنانی بۆیە بۆ ڕەشکردنەوەی قژ، د.ئیسماعیل گوتی "بۆیەی قژ بە گشتی زیانیان هەیە، چونکە لە ڕێگەی ماددەی هایدرۆجین پیرئۆکساید (Hydrogen peroxide) بەقژەوە دەلکێنرێ، ئەو مادەیەش لەمادده ڕەگە سەربەستەکانە و کاریگەریی ڕاستەخۆی هەیە لەسەر لاوازکردنی قژ و چالاکیی خانەکانی میلانۆسایت کە دروستکەری بۆیەی قژە".

**هۆکارەکانی سپیبوونی پێشوەختەی قژ:**

1 - نائارامی دەروونی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل.
2 - کەمخوێنی بەتایبەت ئەو جۆرەی دەبێتە هۆی کەمبوونی ڤیتامین B12.
3 - بەکارهێنانی وشککەرەوەی قژ کە ئەنزیمی تایرۆسین (tyrosins) ناچالاک دەکات.
4 - زیابوونی ڕێژەی ماددەی هایدرۆجین پیرئۆکساید (Hydrogen peroxide) کە دەبێتە هۆی کەمبوونی چالاکی میلانۆساید.
5 - بۆ ماوەیی
6 - زۆرخواردنی خۆراکی لەقوتونراو.
7 - زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەرمان.
8 - پیسبوونی ژینگە.

**پاراستنی قژ لە سپیبوونی پێشوەختە:**

1 - ڕۆژانە سەوزە و میوە بخۆ
2 - بەکارهێنانی زەیت لە جۆری گوێز هیندی، بادام و زەیتوون.
3 - جارجار قژت بە شیری ئاژەڵ بشۆ.
4 - خواردنی خۆراکی لە قوتونراو کەم بکەوە
5 - دووربکەوە لەو شتانەی باری دەروونیت تێکدەدەن.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (346) دووشەممە 2015/2/9



## ڕۆژ کەریم کۆماری لەبیرە

**ڕووداو- هەولێر**

دوای بڵاوکردنەوەی گۆرانییەک بە ناوی کوردستان، ئێستا ڕۆژ کەریم سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکی نوێیە بەناوی مهاباد کە لە ئاوازی خۆیەتی و هونەرمەند نەریمان بابان تێکستەکەی بۆ نووسیوە. وا بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە سوێد تۆمار بکرێت.

ڕۆژ کەریم لەبارەی ئەو بەرهەمەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم بەرهەمە دەربارەی کۆماری کوردستانە لە مهاباد و زۆر خۆشحاڵم کە بەرهەمێک بەم ناوە تۆمار دەکەم".

کۆماری کوردستان لە 1946/1/22 لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد ڕاگەیەنرا، بەڵام تەمەنی تەنیا 11 مانگ بوو.

## لەیدی گاگای کوردی پەیدا بوو

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە کوردێکی شاری سلێمانی کە ئێستا لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، چەند وێنەیەکی دەبێتە جێی باسوخواسی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و وەک هاوشێوەی لەیدی گاگا ناوی دەبەن.

ڕەندە شۆڕش بە (ڕووداو)ی گوت "چەند ڕۆژێکە وێنەکانی من کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوبوونەتەوە، لەلایەن زۆر کەسەوە بە لەیدی گاگا چوێنراون، ئەوەش بۆ من مایەی دڵخۆشییە کە هاوشێوەی ئەستێرەیەکی جیهانی بم".

لەیدی گاگای کوردی پڕۆژەی داهاتووی خۆی ئاشکرا کرد و گوتی "ئێستا کار بۆ ئامادەکردنی چەند پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی دەکەم، لە داهاتوویەکی نزیکدا لە تیڤی دەردەکەوم، چونکە ئەوە ئارەزووی منە".

ئەستێرەی گۆرانی پۆپی ئەمریکی، لەیدی گاگا لە دایک و باوکێکی ئەمریکی بە ڕەچەڵەک ئیتاڵی لە 1986/6/28 لەدایکبووە.



## ئەیاد بە گومانە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ئەیاد حوسێن گومانی هەیە هەموو ئەو داهاتانەی لە کۆنسێرتەکاندا بە ناوی ئاوارەکانەوە کۆدەکرێنەوە بگاتە دەستی ئاوارە.

ئەیاد حوسێن کە لە سوێد نیشتەجێیە، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت، لەوەتەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە و ئاوارە ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە، بەشداری لە 8 کۆنسێرت کردووە کە داهاتەکەی بۆ ئاوارەکان بووە، بەڵام دەڵێت "ئێمە هەمیشە ترسمان هەیە لە ناردنی ئەو داهاتانە، چونکە کەسی وا هەیە تەنیا بەشێکی بچووکی داهاتی ئەو ئاهەنگانە دەنێرێتەوە، من زیاتر لە 8 ئاهەنگی خێرخوازیم کردووە، بەڵام پێمان خۆشە ئێمەش ئامادە بین لە کاتی ناردنی ئەو داهاتانە".

سەبارەت بە پڕۆژەی تازەشی گوتی "خۆم بۆ نەورۆز ئامادە دەکەم بۆ سازدانی چەند کۆنسێرتێکی هونەری، بەڵام هەست ناکەم ئەم نەورۆزە وەکو نەورۆزەکانی ڕابردوو خۆش بێت، چونکە ئێمە لە شەڕداین لەگەڵ داعش و سەدان شەهیدمان داوە".

## چین سۆنیا بەیتوشی کۆپی دەکات



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیایەکی چینی بەناوی (Belsam wang) زیاتر لە 15 جۆری جلوبەرگ لە دیزاینی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی سۆنیا بەیتوشی لە هەموو جیهان بڵاودەکاتەوە.

سۆنیا بەیتوشی دیزاینەر و مۆدێلی کورد دوای ئەوەی چەند دیزاینێکی تازە بڵاودەکاتەوە، کۆمپانیایەکی بەناوبانگی چینی جلوبەرگەکانی بە شێوازی براند لەهەموو جیهان بڵاودەکاتەوەو لە داهاتەکەشی هاوبەش دەبن.

سۆنیا بە (ڕووداو)ی گوت "چەند کۆمپانیایەکی بەناوبانگی چینی پەیوەندییان پێوەکردووم تاوەکو دیزاینەکانی من لە کارگەکانی خۆیان بدوورن و بیخەنە بازاڕەکانی جیهانەوە، 50%ی داهاتەکەش بۆ من دەبێت".

سۆنیا لەبارەی کاری داهاتووی خۆی گوتی "کۆمپانیای بەناوبانگی ئەمریکی swiss 360 گەورەترین پڕۆژەی خۆی لە کوردستان دەکاتەوە، منیش وەک مۆدێل نمایشی جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی ئەو کۆمپانیایە دەکەم کە بەشێوازێکی پڕۆفیشناڵ وێنەی گیراوە".

## شازادە بێ ئومێد بووە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەکتەر و گۆرانیبێژ پەروین شازادە لە یەککاتدا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەک و دەرهێنانی کورتە فیلمێکە.

شازادە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو قادر کابانم بە ناوی (بێ ئومێدی)، چونکە ئێمەی مرۆڤ لە قۆناغێکی ژیان بێ ئومێد دەبین بۆیە ئارەزووم کرد ئەم بەرهەمە دووبارە بکەمەوە".

پەروین شازادە گوتی کە برایەکی پێشمەرگەی بەمدواییە لە شەڕی دژی داعشدا شەهید بووە، بۆیە بڕیاری داوە کورتە فیلمێک لەسەر پێشمەرگە دروست بکات. پەروین گوتی "من کاتێک براکەم شەهید بوو، ئینجا زانیم شەهیدبوون چ جەرگ سووتانێکە، لەم فیلمە نیشانی دەدەم کە دایکانی شەهید چ ئازارێک دەچێژن، هەروەها پێشمەرگە چۆن بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن".

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
مەرج نییە هەموو کارێک ئەنجامێکی خێرا بدات بەدەستەوە، بۆیە باشتر وایە دان بەخۆتدا بگری. لەگەڵ خێزان و دەوروبەرت بە هێمنییەکی زیاتر ڕەفتار بکە.

**گا**
چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بکە و ڕەشبین مەبە بە ئەنجامەکانی. دەتوانن سوود لە پەیوەندییەکانتان وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانتان، یان بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی لەکارێک و هەروەها بۆ گۆڕینی کار.

**جمک**
خۆگرتن بەو بێدەنگییە کەمێک سەرنجڕاکێشە، بەڵام هیچ پێشکەوتنێک بەدی ناهێنێ ئەگەر دەستپێشخەری نەکەیت. دەستکەوتی داراییتان زیاد دەکات، بەڵام باشترە بەرنامەیەک بۆ خەرجی دابنێی.

**قرژاڵ**
بیرکردنەوە و خەمی زۆر هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات، بڕیارەکانت زۆر باشن، بەڵام پێویستە بڕوات بەخۆت هەبێت بۆ جێبەجێکردنیان. هەر هەوڵێک بۆ دەسکەوت و دەرامەت بدەیت بەخت هاوکاریت دەکات.

**شێر**
خەم بۆ ئەو شتانە مەخۆ کە لە ڕابردوودا لەدەستچوون، ساتێکی خۆشی ئێستا وات لێدەکات هەست بە ئاسوودەیی بکەی. کارەکان ڕەوتی ئاسایی خۆیان وەربگرن لەوە باشترە پەلەی تێدا بکەی.

**گوڵەگەنم**
بەهۆی ئەوەی ئەنجامی کارەکەت لە چوارچێوەیەکی فەرمیدایە تەنها دەتوانی چاوەڕێ بکەیت، هەرچەندە چاوەڕوانی زیاتریشی پێویست بێت. دەتوانی دڵی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت بکەیتەوە و بڕوا بە بەڵێنەکەی بکە.

**تەرازوو**
شتەکان لەدڵتدا مەهێڵەوە، ڕاشکاوانە هەستەکانت دەربڕە یان باسی کێشەکان لەگەڵ بەرامبەر بکە، بەڵام بەشێوەیەکی نەرم و نیان. کەسایەتیت کاریگەر دەبێت و لای خەڵک خۆشەویست دەبی.

**دووپشک**
بەرنامەی گەشتێک دابنێ بۆ ئەوەی هەڵچوونە دەروونییەکانت ئارام ببنەوە، پاشان دەتوانن بڕیارێکی گرنگ بدەن بۆ چاککردنی هەندێک لە کێشەکانتان. ڕەنگە نەتوانی بەرامبەرەکەت بەشێوەیەکی باش تێبگەیەنی.

**کەوان**
وەک کەسێکی سەرکەوتوو بیر لە خۆت بکەرەوە، بڕوای زیاترت بەخۆت هەبێت، چونکە هەر کارێک هەوڵی بۆ بدەیت ئەنجامی باشی تێدا بەدەست دەهێنی. هێزێک لە ناختدا پشتیوانیت دەکات.

**کاژۆڵە**
جیاوازیی بیروڕا مەکە بە بیانوو بۆ دابڕان لە کەسانێک، چەندە کارەکان قورس بن ئەوەندە توانات زیاتر دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانت زۆر کەڵەکە بوون، کاروبارەکانی دیکەشت بەخاوی بەڕێوە دەچن.

**سەتڵ**
هەمیشە واهەست دەکەیت ئەو شتانەی تا ئێستا بەدەستت هێناون کەمن و لەئاستی توانای تۆدا نین، بەڵام لەسەرەتای مانگی داهاتووەوە تا کۆتایی ساڵ بەخت بەشێوەیەکی باشتر هاوکاریت دەکات و دەتوانی ژیانت ڕێکبخەیتەوە.

**نەهەنگ**
کەمێک حەز بە گۆشەگیری دەکەیت بۆ ئەوەی بیر لە دۆخی ئێستا بکەیتەوە و بگەیتە چارەسەر، لەگەڵ دەسپێکی یەکەم هەنگاو دەرگای یەکەمی بەختەوەریت بۆ دەکرێتەوە. متمانەی تەواو بە تواناکانی خۆت بکە.



## کارداشیان ئابڕووی دەچێت

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

جارێکی دیکە ئابڕووچوون، پەیوەندی خێزانیی کارداشیانەکان تێکدەدات و ئێستا دەرکەوتووە کە کینداڵ جێنزی خوشکیان پەیوەندی نهێنی لەگەڵ دەسگیرانی کۆرتێنی کارداشیان هەیە.

کۆرتێنی کارداشیان، لە تویتێکدا هێرشی توند دەکاتە سەر خوشکەکەی و بەوە تۆمەتباری دەکات کە بە نهێنی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ سکۆت دیسیکی دەستگیرانیدا هەیە.

گۆڤاری ستاری ئەمەریکی بڵاویکردووەتەوە "کێنداڵ جینز، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دەستگیرانی خوشکەکەی خۆی هەیە و چەندین جار بەیەکەوە خەوتوون، ئەمەش لەو کاتەدا بووە کە کۆرتێنی کارداشیان دووگیان بووە لە دەستگیرانەکەی".

## ئیشواریا ڕای دەبێتە پارێزەر



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی بۆلیوود ئیشواریا ڕای، لە نوێترین فیلمی سینەماییدا ڕۆڵی پارێزەرێک دەبینێ.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی سانجا جۆبتایە، هەریەکە لە ئیشواریا ڕای و عیرفان خان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن.

بەڵام بەپێی هەواڵێک کە لە ماڵپەڕی هۆلیوود لایف بڵاوکراوەتەوە، ئیشواریا ڕای لەگەڵ ئابشیک باتشانی هاوسەری کێشەیانە و ئەگەری هەیە بگاتە جیابوونەوە، چونکە باشتان ڕازی نییە ئیشواریا بەشداری لەو فیلمەدا بکات.



## کۆچەر براندە جیهانییەکەی دێنێتە کوردستان

**دەرباز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

کوڕێکی کوردی دانیشتووی سوێد کە نمایشکار و مۆدێلی جلوبەرگە و گرێبەستی کارکردنی لەگەڵ چەندین براندی جیهانیی جلوبەرگدا هەیە، ئێستا خەریکی دروستکردنی براندێکی جلوبەرگی جیهانییە لە سوێد و براندەکەش دەهێنێتە کوردستان.

کۆچەر فەرەج کە ئێستا لە شاری سلێمانییە و چاوەڕێی گەیشتنی یەکەمین باری جلوبەرگی براندەکەیەتی بۆ کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت "براندێکی جلوبەرگم لە سوێد دامەزراندووە و جلوبەرگەکان لە بازاڕەکانی ئەوروپا دەفرۆشرێت".

زیاتر گوتی "دەمەوێ براندەکەم بگوازمەوە کوردستان، ئێستا لە شاری سلێمانی چاوەڕێ دەکەم یەکەمین کاروانی جلوبەرگەکانم بگەن و بیانخەمە بازاڕەوە".

# ڕۆڵی ئەدەب لەسەردەمی جەنگدا







## چۆمان هەردی:
## دەکرێت لە ساتی کارەساتەکاندا لاڵ ببین یان بێدەنگی هەڵبژێرین

## ئەنوەر ڕەشی عەولا:
## جەنگ هەستی تاوان و ئەدەب هەستی لێپرسراوێتی لە مرۆڤەکاندا چێدەکات

## د.ئەحمەدی مەلا:
## جەنگ ئەو بنبەستەیە کە زمان لە گۆ دەبات

جەنگ بە تەنیا زرینگانەوەی وشەیەکی نێو زمان نییە، بەڵکو ئێتمۆسفیر و ڕەوشێکە کاولکاری، ئاوارەیی، کوشتن و دەردەسەری زۆر لەگەڵ خۆی دێنێ. ئەوەتا ئێمە لە جەنگداین، هەموومان لەژێر ڕەحمەتی گوللە و هێرشی تیرۆردایـن، تاکە دیمەنێک نییە کە بەتەنیا تراژیدیای ئەم شەڕە بخاتەڕوو، تاوەکو دەستنیشانی بکەین و بڵێین: ئەمە لوتکەی دڕندەیی و کوشتاری ئەم شەڕەیە. لەکام ڕەهەندەوە سەیری دەکەی خوێنی لێدەچۆڕێ، ئێستا کە ئەمە دەڵێم، ئەو منداڵانەم لە بەرچاون، کە لە ترسی مەرگ و سەربڕینیان لەلایەن گرووپی ڕادیکاڵی داعشەوە ڕوویان لە چیای شنگال کردبوو و بێ هاوار و بانگ، بێ نان و ئاو، گەڵای دارانیان دەخوارد و هەموو دەروازەکانیان لێ تەنرابوو... لەنێو ئەم کایۆس و جەنگەدا، ئەدەب دەبێ چی بڵێت؟ شیعر دەتوانێ چی بکات؟ دەبێ ئەدیبان لە کوێی ئەم ڕەوشەدابن؟ ئاخۆ ئەدەبیش وەک سەرمایە ترسنۆکە و لەکاتێکدا کە شەڕ ڕوودەدات، خۆی دەکێشێتەوە پەنا و پەسێوان و بێدەنگ دەبێ؟ یان ئەمە مۆرکێکی تایبەتی ئەدەبی ئەم ناوچەیەی ئێمەیە کە ئەدەب ناتوانێ لە هەموو کات و سەردەمێکدا قسەی خۆی هەبێت و بتوانێ گۆشەیەکی بچووک بۆخۆی لەنێو ئەو هەموو نەهامەتییە بکاتەوە؟

### د.ئەحمەدی مەلا: ئەدەب لە پێناو ئەوەدایە کە جەنگ ڕوونەدات

"کاتێک جەنگ هەڵدەگیرسێ، ئیدی هیچی دیکە نامێنێتەوە. جەنگ ئەو بنبەستەیە کە زمان لە گۆ دەبات، دیالۆگ لە هەڵدێردایە، کاتێک جەنگ یەخەمان دەگرێ، کتێبەکان بێدەنگ دەکات، کەس گوێی لە قسە نامێنێ، دەنگ و لوورەی شەڕ و پێکدادان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. جا لەم تەنگژەیەدا ئەدەب و بە تایبەت شیعر چی بۆ دەمێنێتەوە، چۆن دەتوانێت بینووسێتەوە، چۆن دەتوانێت لە گەڵیدا هەڵبکات، چۆن دەتوانێت بە سەریدا زاڵ بێت؟"

د. ئەحمەدی مەلا، شاعیر و وەرگێڕ ئەمە دەڵێت و وا بیر دەکاتەوە کە: "ئەدەب لە پێناو ئەوەدایە جەنگ ڕوونەدات، بەڵام کاتێک ڕوودەدات کتێبەکان دەسووتێنێ. ئینسانەکان تەنها فریای ئەوە دەکەون یا لە بەرەی جەنگدا بن، یا خۆیان لە ئافاتی جەنگ بپارێزن. بەڵام پێدەچێ جەنگ و ئینسان دوو دەستەخوشک بن و بەبێ یەک هەڵنەکەن! بە تایبەتی لە دەڤەرەکەی ئێمە. هەموو یادەوەرییەکانمان سیخناخن بە کارەساتەکانی جەنگ، جەنگ ئەو ئاژەڵە ئەفسانەییە ناو بەناو لە خەو هەڵدەستێ و هەموو شتێک لووش دەدات، پێش ئەوەی بیسووتێنێ. لەم پەنجا ساڵەی دواییدا، دوو ئێست هەن لە مێژووی کوردستانی باشوور: لە حەفتاوە بۆ حەفتا و چواری سەدەی بیستەم و ئەو ئێستەی کە لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو تا ئێستا بەردەوامە. ئەم دوو ئێستە، هەمیشە هیوایان لەلا دروست کردووین و وای لێکردووین سەیری ئایندە بکەین و بڕوامان بە خۆمان بێت. لە هەردوو ئێستەکە دەبینین، زمان و ئەدەبیات و لێکۆڵینەوە گەشە دەستێنن، ئێستی یەکەم سەرهەڵدانی کۆڕی زانیاریی کورد و ڕۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد و خوێندن بە زمانی کوردی و هتد. لە ئێستی دووەمیشدا، دەیان دامەزراو و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری سەریانهەڵدا، چەندین دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە بڕەویان سەند. سەدان کتێب لە زمانە جیاوازەکانی دونیاوە تەرجەمەی کوردی کران، چەندین نووسەری نوێ، بە گەرموگوڕییەوە قەڵەمیان گرتە دەست، دەیان و سەدان کۆڕ و سمینار بەستران. ئەم گەنجینەیە تەنها لە کاتی ئاشتیدا گەشە دەکات و هێز و پێز وەردەگرێت. بەشێکی ئەو گەنجینەیە ئەدەبیاتە: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و.. هتد. ئەم کایە ئەدەبیانە لەم دوو دەیەدا گەشەیان کرد. یادەوەرییەکانی جەنگ هەڵبەتە بەشێکن لەو تێمانەی کە ئەدەب بەسەریان دەکاتەوە. لە پێناوی چی لە کاتی ئاشتیدا ئەدەب باسی جەنگەکانمان بۆ دەکات؟ لە پێناوی ئەوەی هزر و تێگەیشتنی ئینسانەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێ، لەپێناوی ئەوەی هۆشیاریمان لەمەڕ کۆستکەوتن و کارەسات و لێقەومانەکان قووڵتر بێت، دواجار لە پێناو ئەوەیە کە جەنگەکان دووبارە نەبنەوە و پەیامێکی ئینسانی قووڵ لە پشت کاری ئەدەبییەوەیە.

ئێستا، لەم ئانوساتەدا شیعر بەرامبەر بە جەنگەکان چی پێدەکرێت؟ ڕەنگە دەستەوەسان بێت و نەتوانێ هیچ بکات. بەڵام دەتوانێ خۆی بگونجێنێ و زمانی شی بکاتەوە و ئاسانی بکاتەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری جەنگ ببێتەوە و زمانی ئەدەبیاتی بەرگری ئیستیعارە بکات. ئەمە دەکرێ وەکو چۆن لە ڕابردووی ئێمەدا شیعرگەلێکمان هەبووە و هەیە کە بەو جۆرە هاتوونەتە مەیدان ( شێرکۆ بێکەس کاتێ لە شاخ دەبێ و دواتریش، پەشێو تاوەکو ئێستاش و.. هتد) ئەمجۆرە شیعرەش ڕەنگبێ پێداویستییەک بێت بۆ ئەوەی شیعریش لەو مەیدانە بەشداریی هەبێت.

بەڵام ئێمە دەبێ، هەموومان، بە ڕۆشنبیر و جومگەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە، بەرەنگاری ئەو شاڵاوە هەمەجیانە ببینەوە کە بەرەوڕوومان دەبنەوە. ئەم هێزە کە لە تاریکستانەکانەوە دێ، لە بەتاڵییەوە نایەت، بەشێکی مێژووی ئەو جوگرافیایە پێکدەهێنێ کە ئەکتەری وا و هێزی وای لە ڕابردوودا بەرهەمهێناوە. بۆیە دەبێ زۆر بە وردی پێداچوونەوەیەکی شێلگیرانە، جیدییانە بۆ سەرجەم کایە ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئاینییەکانمان بکەینەوە و بزانین خەلەل و نوقسانییەکان لە کوێن. بەشێوەیەکی مەنهەجی و مێتۆدی کاری بۆ بکرێت. پەروەردە لەسەر بنەمایەکی نوێ و شارستانیانە هاووڵاتی گۆش بدات، ئاین و سیاسەت لە پەروەردە دووربخرێنەوە. فەزای گشتی و فەزای تایبەت پێناسە بکرێنەوە. لە بواری ڕۆشنبیریش دەبێ بە چاوێکی ڕەخنەئامێزانەوە کەلەپووری مێژینەمان بەسەر بکەینەوە. بە چاوێکی پیرۆزەوە سەیریان نەکەین، بەڵکو بیاندوێنین و دیالۆگیان لەگەڵ ساز بکەین. لە کایە ئاینییەکاندا کە جەوهەریترین کایەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، دەبێ ئەویش بدوێنین. ئاین تەنها ئەو کاتە پیرۆزە کە لە خزمەتی ئینسانەکاندا بێت، ڕەهەندە ڕۆحانییەکانی ببووژێننەوە و لایەنە تاریکئامێزەکانی وەلاوە بخەین. ئاین بکرێتە زمانێکی نوێ بۆ پێکەوەژیان و هەڵکردن لەگەڵ ڕەگەز و زمان و کەلتوور و زمانی جیاواز. ئاین لە وەعز و ئیرشادەوە ببێتە پەروەردەیەکی مەدەنی، بە مەرجێ سنوورەکانی ئەویش سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە و لەنێوان فەزای تایبەت و فەزای گشتی شوێنەکەی دیاری بکرێت.

کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە سەرلەنوێ دروستکردنەوەیە، چونکە ڕابردوو بە هێزێکی کوێرانەوە ئێستامان داگیر دەکات و سەبارەت بە ئایندە هیچ شتێکی پێ نییە.

### چۆمان هەردی: وشە دەتوانێ جیهان بگۆڕێ

خاتوونی شاعیر و لێکۆڵەر چۆمان هەردی، بڕوای وایە کە "وشە دەتوانێ جیهان بگۆڕێ". بەڵام دەڵێ: "نەک بەشێوەیەکی خێرا وەک ئەوەی شۆڕش و کودەتاکان دەیکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی بنەڕەتی و لەسەرخۆ، بەشێوەیەکی دروستتر... دەکرێت لە ساتی کارەساتەکاندا لاڵ ببین یان بێدەنگی هەڵبژێرین، چونکە شیعر زۆرجار کاتی دەوێت تا پێدەگات، مەرج نییە هەموو شیعرێک لە ئان و ساتی کارەساتەکاندا بخولقێ، زۆرجار دواتر، درەنگتر، ڕەهەندێکی تر دەخەنە سەر هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی تێگەیشتن و هەستکردنمان بە کارەسات.

### ئەنوەر ڕەشی عەولا: لە جەنگدا هەموو شتێک بێ ئەدەبانە دەبێ

"ئەو دەمانەی دەنگی گوللە و تۆپ و نەعرەتەکان دەبیستین، کەس گوێی لە ئەدەب نییە، چون هەموو شتێک بێ ئەدەبانە دەبێت". ئەو ئەمە دەڵێت و قووڵتر بە پەیوەندی و جیاوازییەکانی نێوان ئەدەب و شەڕدا ڕۆدەچێت و دەڵێ: "جەنگ ڕووداوێکە لە دەرەوە، ئەدەب ڕووداوێکە لە ناوەوە. ئەدەب نۆمینە، جەنگ فینۆمینە. هیچیان بە کەڵکی یەکتری نایەن. چونکە هەریەک سنوورێک بە شایستەی جەوهەری خۆی دەزانێ، جەنگ بە پەلە و کتوپڕ تراژیدیاکان بە خوێن تۆمار دەکات و ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی ئەو جوغزەوە بە سووک لێی دەڕوانێ و فەرامۆشی دەکات، ئەدەب جەنگێکی باڵنەخشینە و لە گۆڕەپانی میتافۆرەکاندا، ئەوەی فەرامۆش کراوە بە سەنگینییەوە لێی نەوی دەبێ و هەڵدەگرێتەوە. جەنگ ئەندێشەکان سەرف دەکات، ئەدەب بە ئەندێشەکردنەکاندا ڕۆدەچێ. جەنگ هەستی تاوان و ئەدەب هەستی لێپرسراوێتی لە مرۆڤەکاندا چێدەکات. وەک چۆن بواری پزیشکی هەر دەتوانێ بە فریای قوربانییەکان بکەوێت، ئەگینا هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی نییە لە یەکلاکردنەوەی پێکدادانەکان، دەتوانین ئەدەبیش هەروا چاو لێبکەین، دەنا ئەدەب سەروسەوداکانی جەنگی پێ ساغ ناکرێتەوە. ئەو دەمانەی دەنگی گوللە و تۆپ و نەعرەتەکان دەبیستین، کەس گوێی لە ئەدەب نییە، چون هەموو شتێک بێ ئەدەبانە دەبێت، بەڵام دوای مەرگەساتەکان ئەدەب دانە بە دانەی ئەوەی نەبینراوە، زمانی بڕدراوی دەنێتەوە نێو دەمی و ئەوەی باڵی نەماوە، باڵی پێدەبەخشێتەوە. ئەدەب چی بکات، منیش لەگەڵ تۆدا دەڵێم ئەدەب دەتوانێ چی بکات؟ هێندە نەبێت، بە ئێمەی مرۆڤ بڵێتەوە: بڕوانە خۆت، چەند کرمەڕێزیت، تەنها شتێک مابێت تۆ بە مرۆڤ بهێڵێتەوە، وەسوەسەکانی دوای جەنگە نەگریسەکانتن، تەنها جەنگێک هەبێت، بتوانی پێوەی بنازیت و بەدویژدانی و بەدرەفتاری و بەدخوییەکانت وەشارێ و بەهانە بێت بۆ لەخۆبووریت، ئەدەبەکەتە!

### داستان بارزان: ئەوەی ئەدەب و هونەر دەیکەن هەوڵێکە بۆ زیندوو هێشتنەوەی کارەساتەکان

شەڕ داستان بارزان، شاعیری گەنجی بردووەتەوە نێوخۆی و نیگەرانە لەوەی مرۆڤ هێندە دڕندەیە بەرامبەر بەخۆی، بەرامبەر هاوڕەگەز و ئافرێنراوی خۆی، ئەو دەڵێت: لەم دۆخەدا کە ڕۆژانە لە یەک دەمدا بەر چەندین هەواڵ و ڕووداوی ناسروشتی و نامرۆڤانە دەکەوین، وەک مرۆڤ هیچمان لە دەست نایەت جگە لە حەپەسان لە بەردەم ڕووداوەکان و گومانکردن لە مرۆڤبوونی خۆمان. لای من ئەم ڕووداوانەی ئەم دواییە بوونە هۆی ئەوەی زیاتر هەست بە ناشرینی مرۆڤ بکەم بەرامبەر بە مرۆڤ، وایکرد بەخۆمدا ڕۆبچم و دڵگران بم کە دەبینم مرۆڤ بەو جۆرە دڕندەیە بەرامبەر بە خۆی، پرسیارم کرد بۆچی مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ئەو ڕۆحە شەڕانی و ترسناکەی خۆی ببێت؟ ئەو لەشکرەی بەناوی (داعش) خۆی بەیانکردووە، دەمگەڕێنێتەوە بیری سەدە زۆر تاریکەکان، دەمخاتە بیری ئەوەی ئەمانە چییان لە ژیان دەوێت؟ ئەوە چییە وادەکات بەو جۆرە ژیانی ئەو خەڵکە وێران بکەن؟ مرۆڤەکانی شەنگال هەر یەکێکیان برینێکن و دەبێت لێگەڕێین بێنە ناومانەوە و لەسەر ڕۆحمان ڕیز ببەستن، تاکو لە ساتێکدا دادەگیرسێن و دەبنە تێکست، یان ڕەنگیشە وەک برین بۆ هەمیشە لە بوونماندا بمێننەوە.

ئەوەی ئەم ماوەیە بۆ دۆخێکی لەو جۆرە دەکرێ لە بابەتی ئەدەبی و هونەری، زۆرینەیان لە هەڵچوون و گوزارشتی سادە تێپەڕناکەن، بۆیە لای من برینی لەم جۆرە پێویستی بە تێپەڕبوونی کات هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی باڵای خۆی و جارێکیتر لە فۆرمێکی هونەریدا خۆی بەیان بکاتەوە، بەڵام دوای چی؟ کە هەرچی ئەدەب و هونەری دونیا هەیە ناتوانێت ڕێگربێت لەبەردەم ڕژانی فرمێسکی دایکێکدا؟! بەداخەوە نەخێر، ئەوەی ئەدەب و هونەر دەیکەن هەوڵێکە بۆ زیندوو هێشتنەوەی کارەساتەکان، بەڵام خۆزگە ئەدەبی کوردی هەرگیز دەقگەلێکی داهێنەرانەی وەکو (دەربەندی پەپولە و گۆڕستانی چراکان و لاوکی هەڵەبجەی)ی نەبووایە و لە بەرامبەردا کارەساتەکانی (ئەنفال و هەڵەبجە)ش ڕوویان نەدایە، بە کورتی دەمەوێت بڵێم: لە زۆر جێگەدا ئەدەب و هونەر بە هانای برینەکانی مرۆڤەوە نایەن، بەڵکو هۆیەکن بۆ کەمێک هێورکردنەوەی برین، دەرمانێکن وادەکەن کەمێک زیاتر بەرگەی ناشیرینییەکانی ژیان بگرین و خۆڕاگرتربین لە بەرامبەر نەفرەتی دونیادا.



ناسر حسامی، شاعیر و وەرگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێمنتر و پشوودرێژتر دەڕوانێتە کاریگەری و ڕۆڵی ئەدەب و دەڵێ: "کاردانەوەی ئەدەب، دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ نییە. زۆربەی هەرەزۆری جارەکان هەر ئاوایە کە ئەدەب لە درێژماوەدا تەئسیر وەردەگرێ و کاردانەوە دەنوێنێ. لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی ئەدەبی بەرگری زۆرە، لەم هەلومەرجەشدا بێگومان هەر وا دەبێ، بەڵام ماوەیەک پێدەچێ تا ئەدەب کاردانەوە نیشان بدا.

دلاوەر ڕەحیمی، شاعیر لە دەلاقەیەکی دیکەوە دەڕوانێت، ئەو دەڵێت: "لەوەتەی ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە، ئیدی ئەدەب و هونەر باری سەرشانی سووکتر بووە، لەوەی هەر خەریکی تۆمارکردنی کارەسات و ڕووداوەکان بێت. کاتێ ئەدەب و هونەر دەخرێتە ئەو شوێنەی پێ بەپێی ڕووداو و کارەساتەکان قسەی خۆی بکات، یانی زوو ئەرکەکەت جێبەجێ بکە و لێی پاڵ دەرەوە و زوو لەبیری خۆتی ببەوە. یەک چاوپێداخشاندن بە مێژووی زۆر نزیکی ئەدەبی کوردی، پێماندەڵێ، ئەدەبی ئێمە لە بری ئەوەی ئەو زەخمە قوڵ و دەردە کوشندانە دەروونی بکاتەوە، زوو بە زوو بە وردە ئیحساسی کاتی دەریدەبڕێ. لە ماوەی ئەم حەوت هەشت مانگەدا، هەموو ئەوەی بە ناوی ستاتیکا و شیعر و هونەرەوە نووسراوە و گوتراوە، هێندەی یەک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی گرنگ نەبوون، جگە لە ئەدەبی بۆنە و خستنەڕووی کۆمەڵێک وردە ئیحساسی بێ مانا هیچی تر نەبوو. هەر زۆر سادە بڵێم ناکرێ لەبری ئەوەی تووشی حەپەسان بیت، زۆر بە ئاسانی دەستت قەڵەم بگرێ. نا کاکە ئەگەر قەرارە قسە لەسەر ئەدەب بێت، ئەوە هەمیشە ئەدەبە لەو کاتانەدا زمانی بزر دەکات و وەک دایکی جەرگ سووتاو زمانی لە گۆ دەکەوێ و زەخمەکە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و شوناسی خۆی دەپارێزێ. بە پێچەوانەی ئێوەوە پێموایە کێشەی گەورەی ئەدیبی کورد، ئەوەیە وەک ئەرک مامەڵەی لەگەڵ ڕووداو و کارەساتەکان کردووە و دەستی داوەتە قەڵەم و بۆ خۆی هەر خەریکی باڵۆرەگوتن بووە، ئەو یەکەمین دەق لەسەر هەڵەبجە و یەکەمین شیعر لەسەر ئەنفال و یەکەمین چیرۆکی ...هتد هەر پێوەندی بەم کوێرەوەرییەوە هەیە. ئەمەش لادانە لە شوناسی ئەدەب و خۆشۆڕکردنەوەیە بە شوناسی ڕۆژنامەگەریدا کە ئیدی دەبێ ئەوە کۆتایی بێت. تۆ سەیرکە فلانە گەورە شاعیر! لە دوای ڕاپەڕینەوە جگە لە کاتی برین و کارەساتەکان، هیچ دەقێکی داهێنەرانەی نەنووسیوە، بەڵام بۆ شەڕی ناوخۆ و بۆ شەنگال و بۆ .. مانیڤێست دەردەکات، هەر بۆ ئەوەی بڵێ منیش لەگەڵ کۆستەکاندام. بە کورتی، بارکردنی ئەدەب بەم بەرپرسیارێتیانە، نەریتی ئەدەبی بەرگرییە، ئەدەبی بەرگریی کوردیش لەبری تۆخکردنەوەی شوناسی کوردی، شوناسی ئەدبیانەی خۆشی بزر و وێڵ کردووە، بۆیەشە ئێمەی کورد، خاوەنی بێ شوناسترین و بێ زمانترین ئەدەبی بەرگریین.

خاڵێکی تریش کە بەکورتی ئاماژەی پێدەدەم، ئەوەیە کە لەبەرئەوەی ئێمە لە نێو کارەساتەکانی جەنگدا ژیاوین، نەک لە نێو جەنگدا، ئەدیبی کورد هێندەی لەنێو بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بەرگریدا بووە (هەڵبەت بە مۆرکی کوردی)، نەیتوانیوە بە یەک دوو دەقیش خۆی بخزێنێتە نێو ئەو ئەدەبیاتەی بە ئەدەبیاتی جەنگ ناسراوە. هەڵبەت مەبەستم لە جەنگ و کارەساتەکانی پێشترە نەوەک ئەم کارەسات و جەنگەی ئێستە دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەین، بۆیە هیوادارم نەوەی نوێی ئەدیبانی کورد، ئیدی لەگەڵ ئەم کارەسات و جەنگەدا، وەک ئەدیبانی پێشتر مامەڵە لەگەڵ جەنگ و کارەساتەکاندا نەکەن. پێموایە دەبووایە قۆناغەکانی زمانی کوردی و ڕۆشنبیری کوردی لەگەڵ کارەساتەکاندا پۆلێن بکرایە، یانی هەر کارەساتێک کە بەسەر کورددا هاتووە، ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیریی کوردی بکەوتایە قۆناغێکی تازەترەوە کە بە داخەوە وانەبووە.

# ڕۆمانی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا

## ژنە جنۆکەکانی شێمەحمووی لەتیف هەڵمەت، وەک نموونە

ئاری عوسمان خەیات - کەلار
ari.xeyat@yahoo.com

ڕۆمان چیرۆکێکی درێژە و بەشێوەی پەخشان دەنووسرێتەوە، چەند رەگەزێکی گرنگی تێدا کۆدەبێتەوە، لەوانەش: ڕووداو، کەسایەتی، شوێن، کات، گێڕەرەوە (چیرۆکبێژ)، گێڕانەوە، بۆگێڕەوە، خەیاڵ، وەسف، دیالۆگ، گۆشەنیگا...

گێڕانەوەی ڕووداوەکان و نووسینەوەیان بەشێوەی پەخشان لەسەدەی شانزەهەم لە ئینگلتەرە دەستیپێکرد و شێوازێکی جیاواز بوو لە داستان، بەڵام سەرهەڵدانی راستەقینەی ئەم هونەرە نوێیە وەک ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ، دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ڕۆشنگەریی ئەوروپا لە سەدەی هەژدەیەمدا، کە لەگەڵ گەشەکردن و گەورەبوونی چینی بۆرژوازیدا و هەروەها گەشەکردنی شار و بایەخدان بە تاکەکەس برەوی زیاتری پەیدا کرد. سەدەیەک دواتر، واتە لە سەدەی نۆزدەیەمدا رۆمانی نوێ سەری هەڵدا.

وەک دیارە ئەم زاراوەیە (ڕۆمانی نوێ) لەو کاتەدا لە رەخنەی ئەدەبی فەرەنسیدا سەری هەڵدا کە (ئارن رۆب گرێی) لە ساڵی (1955) چەند گوتارێکی لە گۆڤارەکانی ئەو کاتەدا لەبارەی چۆنێتی و ئایندەی رۆمانەوە نووسی. بێگومان پاشان ئەم گوتارانە لە کتێبێکدا بەناونیشانی (لەبارەی رۆمانی نوێ) لە ساڵی (1963)دا کۆکرانەوە.

شۆڕشی رۆمانی نوێ هەڵبەت ئەگەر بتوانرێ ناوی شۆڕشی لێبنرێ، لەو ڕووەوە کە هەموو میتۆد و ڕێککەوتنەکانی رابردووی رۆماننووسی رەتدەکاتەوە، بەشێکە لەو شۆڕشانەی کە تەمای شەڕی لەگەڵ کتێبەکانی رابردوودا هەیە. (رۆب گرێی)یش وەک پەیامبەری ئەو شۆڕشە، رۆماننووسانی پێش خۆی بە (پیرە پیاوانی سەرەڕۆ) ناودەبات.

لە رۆمانی نوێدا: دارشتنی کاری چیرۆکی، زنجیرە ڕووداوی ڕێک، شێوازە ئاساییەکانی گێڕانەوەی چیرۆک، هزر و بیروباوەڕ، وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی کەسایەتییەکان و هتد... هیچ قسەو باسێکیان لەسەر ناکرێ.

بەبۆچوونی ئەوانەی کە بڕوایان بە رۆمانی نوێ هەیە، دەبێ رۆمانی نوێ دەربارەی کەلوپەل و شتەکان بێت، واتا نواندن و دیتنی تاکێک بۆ هەبووەکان و شتە بەرجەستەکان یان بە دەربڕینێکی تر، دەبێ نووسینێکی ڕێکوپێک و شیکاری بێ لەبارەی شتە بەرجەستە و بینراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە رۆمانە نوێیەکان هەر ئەم جۆرە بوون و ئێستاش هەر بەوشێوەیەن، بەڵام لەوانەیە باشترین نموونەی رۆمانی نوێ لەم بارەیەوە رۆمانی بەرجەستەو بەهێزی (گۆڕان) ی (میشێل بوتۆر) بێت، کە لە (1957) نووسیویەتی.

ئەوانەی کە باوەڕیان بە رۆمانی نوێ هەیە، لە بارەی ئەرک و فۆرمی رۆمانەوە، بەهیچ شێوەیەک تیۆری نوێ نین، بۆ نموونە: (جۆریس کارل ئویسمانس) زۆر لەپێش ئەمانە لێکۆڵینەوەی لەبارەی لایەنی هەڵسوکەوتی رۆمان لەگەڵ شت و کەلوپەلەکان و ئەوەی کە چۆن دەبێت هەڵسوکەوتە کەسییەکان لە رۆماننووسیدا بەلاوە بنرێن، نووسیبوو.

هەروەها (کافکا) نیشانی دابوو کە شێوەکانی بەڵێننامەی رۆمان لە ڕوونکردنەوەو وەسفکردنی کەسەکاندا، بەهیچ شێوەیەک ئیلزامی و زەروور نین. (جیمس جۆیس) لە بەرهەمەکانیدا بە راشکاوی گوتبووی: "رۆمان ئەوە نییە کە هەر دەبێ پلۆتی هەبێ"، هەربۆیە دەبینین زۆر نووسەری وەک (مارسیل پروست، ولیام فۆکنەر، ساموئێل بێکت، ئەلبێر کامۆ) لە بەرهەمەکانیاندا نیشانیان دابوو کە دەتوانرێ زۆرێک لە پەیمانەکان و میتۆدە ئاساییەکان لە هونەری رۆمانووسیدا بە ئاسانی وەلابخرێن.

رۆمان زادەو بەرهەمی شارە، بۆیە دەبینین پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان ئەم هونەرەو ڕێبازی ریالیزمدا هەیە، بەگشتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا و لە وەسفکردنی ڕێبازی سەرەکی ئەدەبیاتی چیرۆکی ئەورووپادا، ئەو ڕێبازە بە ریالیزمی ناو دەبەن. ئەگەرچی هەن پێیانوایە رۆمانی ریالیستی دەمێکە بەسەرچووە، بەڵام هێشتا لە زۆربەی رۆمانە تازەکاندا بە ئاشکرا بەدیدەکرێ.

بەڵگەی ریالیزمی رۆمانە مۆدێرنەکان تەنها ئەوە نییە کە هێشتاش زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆکە هاوچەرخەکان دەدرێ، رەگەزەکانی ئەزموونی ئاسایی و ڕۆژانە لە رۆمانی نوێدا لە زۆر لایەنەوە لە رۆمانی سەدەی نۆزدە دیارترە، چونکە هەندێ لە قەدەغەکراوەکانی ئەو سەردەمە ئیتر نەماون. بێگومان کەس سکاڵا لەوە ناکا کە رۆمانی مۆدێرن ئەو لایەنە هەژێنەر و زیندووانەی تێدا نییە کە لە رۆمانە ریالیزمییەکانی رابردوودا هەبوون، زۆربەی وەسفەکان لە رۆمانی مۆدێرندا هێشتاش مۆرکێکی ریالیستییان هەیە، چونکە وەسفی هەر شتێک بەو شێوەیەی کە لەواقیعدا بەرچاو دەکەوێ، پرانسیپێکە کە کەمتر رۆماننووسی ئێستا ئامادەیە دەستبەرداری بێت. دەتوانین بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا بڵێین: لێکۆڵینەوەی هەندێ لەو بارە دەروونییانەی کە لەم دواییانەدا ناسراون، یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی رۆمانی مۆدێرنن، لەگەڵ ئەوەشدا رۆمانی نوێ بەشێوەیەکی جیاواز و لەرێگەی تەکنیکگەلی تازەوە، وەسفی واقیع دەکات و ئەو کێشە و گرفتانە لێکدەداتەوە. تەنانەت شێوازی مامەڵەکردنی رۆمانی نوێ لەگەڵ پێکهاتەکانی خۆیشیدا جیاواز دەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر رەگەزی کەسایەتی وەربگرین، دەبینین: بەرکەڵکخستنی کەسایەتی لە رۆمانی کۆندا بەشێوەیەک بووە کە رۆماننووسی پابەند کردووە بەوەی کەسایەتییەکان لە ژیانی واقیعییەوە وەربگرێت، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو رەگەزەکانی تریش (کات، شوێن، ڕووداو) لەهەمان روانگەوە تەماشا دەکران، ئەمەش وایکردووە بابەتی رۆمانەکە ببێتە پێکهاتەیەک لە گێڕانەوەی ژیانی واقیعی کەسایەتییەکی دیاریکراو لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، بەڵام وێنای کەسایەتی یان پاڵەوان، لە رۆمانی نوێدا گۆڕانی بەسەردا هات، ئەمەش لەڕێگەی بەرکەڵکخستنی رەگەزی کات، بەشێوەیەکی جیاواز، لەناو بونیادی گشتیی رۆماندا.

گۆڕانی وێنای کەسایەتی لە رۆمانی نوێدا، بە رادەیەکی ئەوتۆ بوو کە گەیشتە ئاستی تێکشکان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بنیاتی کەسایەتیی هونەری، ئەوەتا (ناتالی ساروت) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی رۆمانی نوێ، لەکتێبەکەیدا (چەرخی گومان) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کەسایەتی سەرجەم ئەو مانایانەی لەدەست داوە کە پێشتر باوباپیران کەسایەتییەکانی خۆیان لەسەر بنیاد دەنا. هەربۆیە دەبینین یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە رۆمانی نوێی پێدەناسرێتەوە، بریتییە لە تەکنیکی (شەپۆلی هۆش- تیار الوعی)، کە جۆرە وێنەیەکی هونەرییە و یەکێکە لە تەکنیکە نوێیەکانی رۆمانی مۆدێرن. ئەم تەکنیکە پتر بایەخ بە لایەنی دەروونی کەسایەتی سەرەکی دەدات، دەچێتە نێو خودی قارەمان، بۆ ئەوەی لە راز و نهێنییەکانی بزانێ.

لەم نێوەندەدا هەندێ لە رەخنەگران پێیانوایە، جۆرێک لە بۆشایی (فۆرمی) لە رۆمانی نوێدا دروست دەبێت، کە دەربڕینی جۆرێک ئەزموون بۆ ئەو بۆشاییە نامومکین دەکات، پێش ئەوەی ئەم بۆچوونە ڕوون بکەینەوە، پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێ کە رۆمان تەنها ژانرێک نییە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا هەموو ئەدەب لەخۆ دەگرێ. تارادەیەک هەموو جۆرە نووسینێکی هاوچەرخ لە پانتایی بەرفراوانی رۆماندا جێی دەبێتەوە.

رەنگە مێژووی رۆمانی نوێ بتوانرێ بەپێی جەمسەربەندیی شێوازی نووسەرانی رۆمان بە دوو جەمسەری (دەرەوەی خود- ریالیزمی) و (ناوەوەی خودی - ئەمپرسیفنیزمی) بنووسرێ، بەڵام ئەو جەمسەربەندییە بنچینەییترە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ساڵی (1900) بەدواوە ئەنجام دراوەو بریتییە لە دابەشکردنی رۆمانی ریالیزمی بۆ دوو ڕێبازی جیاواز، کە (خود و سیفەتی شێوەیەک لە ژیان بەپێی زات و سیفەتی کارەکتەرەکان خولڵقاندبووی) واتا رۆمانی (دەستەجەمعی) و رۆمانی (فەردی)، یەکەمیان دەشێ بینین و وەسفێکی ورد بێ سەبارەت بە ژیانی هەموان (خەڵک)، دووەمیشیان بینین و وەسفێکی ورد بێ سەبارەت بە ژیانی کەسەکان (تاک). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو ڕێبازەی رۆمانووسینی نوێ، کەموکورتییان هەیە، چونکە شێوەی ژیان نە لەسەر خەڵک و نە لەسەر تاک بنیات نراوە، بەڵکو رەوتێکی لەجیابوونەوە نەهاتووە.

رۆمانی مۆدێرن هەم رەنگدانەوەی قەیرانی کۆمەڵگای ئێمەیە و هەم رۆشنکەرەوەی ماهیەتەکەیەتی. هەڵبەت دەتوانرێ هەروەک رابردوو بەڵگەی ئەوە بهێنرێتەوە کە تەنها بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی جیاواز دەتوانین کێشە ئەدەبییەکان چارەسەر بکەین، بەڵام ئەرکی سەرشانی ئەدەبە، بایەخ بە وردەکاری ئەزموونە هەستپێکراوەکانی مرۆڤ بدات و هەرجۆرە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی پڕبایەخ، راست وەکو لێپرسراوێتییەکی پەروەردەکارانەیە.

خەسڵەتێکی دیکەی رۆمان نوێ، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەشێوەیەکی ناباو مامەڵە لەگەڵ کۆی دیاردەو ڕووداو و پێدراوەکانی ژیان دەکات، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە نامۆگەرایی پێوە دیارە، واتا زۆرجار رۆماننووسی رۆمانی نوێ، وردەکارییەکانی واقیعێک زۆر سادە دەکاتەوەو لەهەمان کاتدا تێکەڵ بەبابەتی نامۆ و مەحاڵی دەکات، ڕووداوێکی سادە و واقیعی بەشێوەیەکی سیحری و نامۆگەرایی دەگێڕێتەوە کە مەحاڵە ڕووبدات، بەڵام ئەو هەستە بە خوێنەر دەبەخشێت، کە ئەو ڕووداوە بەڕاستی ڕوویداوە، یان دەشێت ڕووبدات، ئەمەش وەک لە چیرۆکی (کتێبی لم)ی خۆرخێ لویس بۆرخێسدا دەردەکەوێت، ناوبراو زۆر بە سادەیی باس لە ژیانی پیاوێک دەکات کە حەزی لە کتێب کۆکردنەوەو شتی دەگمەنە، ڕۆژێکیان پیاوێکی نامۆ دێت و کتێبێکی نامۆ و نائاسایی پێدەفرۆشێ، ئەو کتێبە سەرەتای هەیە، بەڵام کۆتایی نییە و ناوی (کتێبی لم)ـە.

ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی رۆمانی نوێ، بە (ریالیزمی سیحری)یش ناسراوە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی بیستەم و دواتر لەگەڵ تەکنیکەکانی رۆمانی نوێدا تێکەڵ بووە. گێڕانەوەیەکە، تا ئەندازەیەکی گەورە خەیاڵی تێدایەو زەحمەتە لێکبدرێتەوە، چونکە خەون و ئەفسانەو چیرۆکی خورافی بەزمانێکی شاعیری سەرنجڕاکێش تێکەڵ بە واقیع و ژیانی ڕۆژانە دەکرێت. لێرەدا سیحر و واقیع، وەهەم و راستی، خەیاڵ و لۆژیک، ڕوونی و تەمومژ، خورافەو عەقڵ، تێکەڵ دەبن. بەمەش رۆماننووس دەیەوێ بڵێ: هەموو شتێک لە ژیاندا مومکینە ڕووبدات، تەنانەت توانای فڕینی مرۆڤ و مەلەکردن لە ئاسماندا... هتد.




### * هەوڵێک بەرەو رۆمانی مۆدێرنی کوردی:

دیارە لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە هەوڵە ئەگەر هەشبێ، وەک پێویست نییە، چونکە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی رۆمان، وەک ژانرێکی سەربەخۆ لە ئەدەبی کوردیدا زۆر دواکەوتووە لەچاو دەرکەوتن و سەرهەڵدانی لە ڕۆژئاوا تەنانەت لای میللەتانی دراوسێشمان. بۆیە پۆلێنکردنی رۆمان بەپێی کۆن و نوێ لە ئەدەبی کوردیدا کارێکی تۆزێک زەحمەتە، بەو مانایەی پێویستی بە وردبوونەوەو قوڵبوونەوەی زۆرە، بەڵام ئەوەی لەم بارەیەوە، سەرنجی ئێمەی بۆ لای خۆی راکێشاوە، هەوڵێکی (لەتیف هەڵمەت) ە کە لە (2011) بڵاوی کردووەتەوە بەناونیشانی (ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو). هەڵمەت خۆی لە کۆتایی رۆمانەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە (رۆمانی نوێ)یە، هەروەک دەنووسێت: (ئایا ئەمەی لەبەردەستتدایە رۆمانە...؟ جۆرە هەوڵێکە بۆ کوشتنی رۆمانی ئاسایی و باو لە ڕووبەری جوگرافیای کلتوری کوردیدا... بەمەبەستی لەدایکبوونی رۆمانی نوێ و ... ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە تا چەندێ لە کردەی چۆن نووسینی ئەم رۆمانەمدا سەرکەوتووم نەک لەکردەی چی نووسیندا).

بەڕای ئێمە، ئەگەر رۆمانەکەی لەتیف هەڵمەت بە وردی بخوێنینەوە، تەواوی ئەو بنەمایانەی رۆمانی نوێی تێدا بەدی دەکەین کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ ریالیزمی سیحریدا یەکانگیر دەبێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتەش با بڕوانینە ئەم پەرەگرافەی لای خوارەوە، کە لە رۆمانی (ژنەجنۆکەکانی شێمەحموو) وەرمانگرتووە و دواتر بەراوردێکی بکەین، لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا: (چل ڕۆژ جارێ، وەک کچۆڵە نێرەموکە جادووبازەکە گوتی، کە وردەواڵەفرۆشەکان شەقامەکە داگیر دەکەن مردووەکانی سەیوان یەک یەک و دوو دوو ژن و پیاو دۆست و دوژمن دەمامک دەپۆشن و دەسکێشی رەنگاوڕەنگ لە دەست دەکەن و لە سەیوان دێنە خوارێ و بە زمان و بە لووت و بە پەنجەو بە چاو لەگەڵ یەکدیدا دەدوێن و لەچوار ڕێیانەکەی ئاسۆی دەلاکدا دەیکەن بە غەڵبەغەڵب و دوایی بڵاوەی لێدەکەن و گرووپ گرووپ و بڕبڕ و یەک یەک بڵاو دەبنەوە بەرەو ئەسحابەسپی و شەقامی کاوەو سەرشەقام و سابوونکەران و بەردەرکی سەراو شەقامی گۆران و....) تا کۆتایی پەرەگرافەکە. (لاپەڕە: 79ی رۆمانەکە).

سەرانسەری رۆمانەکەی هەڵمەت بەم شێوەیەو لەسەر ئەو تەرح و تەرزە بەردەوامەو خوێنەر بەنێو دنیایەکی سەیری گێڕانەوەی ئاڵۆز و تەمومژاویدا دەبات و ئەگەر خوێنەر خاوەنی ئەزموونێکی باشی خوێندنەوە نەبێ، بێگومان ناتوانێ بگاتە هیچ تێگەیشتنێک لەم رۆمانە. ئەمەش هەروەک لەتیف هەڵمەت خۆی دەڵێت: "سڵاو لە ناتالی سارۆت و مارگرێت دۆراس و ئیتالۆ کالیفۆ، کە دە ساڵێک دەبێ لەڕێگای بەرهەمەکانیانەوە هانم دەدەن هەوڵی نووسینی ئەم رۆمانە بدەم".. کەواتا رۆماننووس نایشارێتەوە کە بەکاریگەریی یان لەژێر کاریگەریی رۆمانەکانی (سارۆت و دۆراس و کالفینۆ)دا ئەم هەوڵەی خۆی داوەو کارێکی لەو جۆرەی کردووە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم شێوە نووسینە لە رۆمانی کوردیدا جێگەی دەبێتەوە؟

ئەگەر ئەمە رۆمانی نوێ بێ، ئاخۆ لەتیف هەڵمەت دەستپێشخەرە؟ یان پێشتر هەوڵی تری لەو جۆرە هەبووە؟

*** سەرچاوەکان:**

بەکوردی:

1. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2011.

2. تیۆری رۆمان: کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: محەممەد کەریم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2002.

3. رۆمان چییە؟ م.ە.ئیبزامر، مالکام برادبەری، نورترۆپ فرای، و: جەواد مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی،چاپخانەی (خانی)، دهۆک، 2008.

4. ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو، لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، 2011، ، چاپی یەکەم.

بەعەرەبی:

1. ادوات النص (دراسة): محمد تحرشي، الطبعة الاولي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 2000.

2. التبئير الفلسفي في الرواية (مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات): د. شاهو سعيد، الطبعة الاولي، دار سردم، السليمانية، 2007.



کەریم دەشتی

# ڕێگاکان ناچنەوە دەریا

1
هەمیشە ڕێگەیەک هەیە دێتەوە لای تۆ
ڕێگەیەک هەموو شوێنپێکانمی بەسەریەوە دیارە
ڕێگەیەک هەموو فرمێسکەکانمی بەسەریەوە ڕژاوە
ڕێگەیەک هەموو هاوارەکانمی لەناو داگیرساوە
ڕێگەیەک هەموو ئەوینمی تیا دایساوە

2
ڕێگەیەک وەکو مافور هەمووی تەونی تیرو دڵە
ڕێگەیەک هەموو منارە رماوەکانی خەونی منە
ڕێگەیەک هەموو باخە سیسەکانی هەناسەی منە
ڕێگەیەک هەموو گەڵا وەریوەکانی ڕۆحی منە

3
ئەو ڕێگەیە تەواو لە ناو گلێنەی هەر دوو چاومایە
ئەزانم تەونی ئەو ڕێگە تەمتومانە چۆن چنراوە
ئەزانم چەندین ڕووبارو جۆگەلەی شینی تیایە
چەندین هەزار درەختی خودایی لێیە
ئەزانم ئەو ڕێگەیە هەمان ڕێیە
کە هەزاران جار وەک کۆچەر پیا تێپەڕیوم
بە ئاسکی گیاکانی ئەیناسمەوە

4
ئەو ڕێگەیە هەندێجار سەرتاسەری زەوییە
هەندێجاریش هێندە کورتە
بەقەد تەمی پڕ لە شەوقی مانگ و کانییە
هەنێجاریش مەودای نێوان هەڵەموتێکە

5
ئاخ ڕێگەی تۆ هەمیشە تژی زێمارە
تژی هەناسەی سارد و خەفەتە
ڕێگەی تۆ پڕ لە ڕێبواری شەکەتە
ڕێگەی تۆ ئاخ ڕێگەی تۆ ڕێی مان و نەمانە

6
ئەو ڕێگایەی هەمیشە دێتەوە لای تۆ
پڕە لە قوفڵی کلیلدراو
پڕە لە تەڵەی برینی مەلی لە ڕەوە بە جێماو
پڕە لە شەوەزەنگ و زریان
ئاخ ئەو ڕێگایە پڕیەتی لە دەنگی گریان

7
ئەو ڕێگایانە چەند دوورن هەرگیز بە تۆم ناگەیەنن
ئەو ڕێگایانە چەند نزیکن هەمیشە تۆم لێ ون ئەکەن

8
هەموو ڕێگەیەک دێتەوە لای تۆ
بەڵام هەرگیز ناگەم بە تۆ

9
ڕێگەیەک هەمیشە ڕەنووەکانی بەسەر منا دائەڕمێ
لافاوەکانی من ئەبا
زریانەکانی ئێسقانم ئەسووتێنێ





گۆران محەممەد

# داعش و هەورامی

کورد، ئەمڕۆ سەرقاڵی دوو شتی سەرەکین: شەڕ و ئاشتی. شەڕ لەگەڵ داعش و مووچەش لەگەڵ ئاشتی هەورامی. ئاخر لەملاوە داعشی کورد و عەرەب ڕۆحمان دەچننەوە، لەولاشەوە مووچە و بەنزین و کارەبا ئەو تۆزە ژیانەی تاڵکردووین کە لەدەستی داعش ڕزگاری بووە.

کورد ئەوەی خەراپە زوو ڕادێ، ئەی ئەوە نییە دوای چەند مانگێک لە شەڕی داعش، ئێستا زۆر ئاساییە مەلا لە هەولێر لە ئەکاونتی خۆیەوە داوای ژمارەی تەلەفۆنی ئەمیر لە مووسڵ بکات! ئەها چەند نۆرماڵە ئەم حیزب و ئەو حیزبی ئیسلامی بەکۆی دەنگ پێشوازی لە مەلا کرێکارێک بکەن کە بە ئاشکرا خەون بە باوەشی خەلیفەوە دەبینێ.

ئێ لەملاشەوە کە داوای مووچە لە وەزارەتی دارایی دەکەین، دەڵێن چاوەڕێی ئاشتین بینێرێ. توخوا ئەمە وەزارەتی داراییە، یان هی نەداری؟ دەڵێن پارە دەوڵەتە، ئەی وەزارەتی دارایی بۆ وا داماوی؟

بڵێیین بەنزین گرانە، بڵێیین هەرزانە، بڵێیین بەم زستانە کوانێ چۆڕێ نەوت، نیمانە. دەڵێن ئەوەش عایدی ئاشتییە، خەڵکی دیکە نەزانە

داعش تاریک، شەو هەر تاریک، ئەرێ حکومەت کوا ئەلیکتریک؟ وەزارەتی تەلی بێهونەر دەڵێ نیمانە، تا ئاشتی نەینێرێ بۆ ویستگەکان سووتەمەنی، ئەوە هەر حاڵی حکومەتەکەت دەبێ ئەزبەنی.

شەڕی داعشمان پێدەکەن، بۆ کۆنفرانسان بانگمان ناکەن، چەکی مەمرە و مەژیمان دەدەنێ، جاران مالیکی مۆرەی دەکرد، ئێستا عەبادی پێمان پێدەکەنێ.

ڕاستیتان دەوێ؟ شەڕ و ئاشتیی ئێمە هەردووکیان هەر شەڕن، ئاخر شەڕی داعش شەڕی مان و نەمانە، هی ئاشتیش شەڕی پارە و کارەبا و بەنزینە، یانی خەڵک سەرقاڵی شەڕی داعش و ئاشتیی حکومەتن.

ئیتر هیچ پێویست ناکات یەخەی وەزیرە کڵۆڵ و بێچارەکەی یەکگرتوو بۆ کارەبا بگرین، ئاخر ئەو لە باشترین دۆخدا ڕۆڵی ئەو منداڵە دەبینێ کە بە داری ماسیحە سێرکت لێدەداتەوە، لێ کارەباکە لای ئەو نییە. هیچ پێویستیش ناکات بە وەزیرە کێش قورس و ڕۆحسووکەکی گۆڕان بڵێیین تەڕ گۆڕیت، ئاخر ئەو لە باشترین حاڵەتدا ڕۆڵی ژمێریار دەبینێ، ئەگەر بهێڵن ئەوەش ببینێ. نە وەزیری کارەبا دەسەڵاتی هەیە کارەبا بدات، نە هی داراییش فلسی لە خەزێنەدایە تا مووچە بدات، هەردوو دان و زیاتریش، هەر عایدی بەڕێز ئاشتی هەورامییە.

هەرچی داواکاریتان هەبوو بۆ ئاشتی بنێرن، ئەویش وەک ئەو کابرا بێ پارەیە وەڵامتان دەداتەوە کە کوڕەکەی چەند جارێک بە نامە داوای پارەی لێکردبوو ئەمیش بۆی نووسیبوو: ڕۆڵە نامەکەت گەیشت، نامە بان هینم، کەی پارەم هەبوو، بۆتی دەنێرم.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پۆست داعش

شێرە بەفرینەی داعش وا وردە وردە بەدەستی کورد و زەبری هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان لە توانەوەدایە. بەڵام دەرکەوتنی داعش ئەگەر بۆ دنیا و ڕای گشتی جیهانی شتێکی تازە و تۆقێنەر بووبێت، بۆ تاقیکردنەوەی سەربازی و سیاسیی کورد یەکێک بوو لە وانە هەرە قورسەکان. قورس بەو مانایەی پرسیاری ئەوەی دروستکرد کە ئایا داعش ڕووداوێک بوو بۆ تەمبێکردن یان مەرجەکان و بارودۆخی دنیا وایکرد کە دروستبێت و لایەنەکانی دیکەشی بە ئێمەوە تەمبێ کرد؟ لە هەردوو حاڵەتدا داعش بابەتێکە بۆ تێڕامان و لێوردبوونەوە. بەتایبەتیش لەو جوگرافیایەدا کە ئومێدێکی زۆر بۆ گۆڕانکاری و گۆڕینی نەخشە سەد ساڵییەکەی لەئارادا بوو، داعش هەموو خەونەکانی بەدیوێکدا سفر کردەوە، بە دیوێکی دیکەشدا ئەگەرچی گوتی کە خەونەکان مەحاڵ نین، بەڵام ڕێگاکەش بەو ئاسانییە نییە کە بیری لێدەکەنەوە.

داعش لە سووریا تەمەنی بەشار ئەسەدی باش درێژ کردەوە، بەڵام لەو جوگرافیایەی کە پێیدەڵێن عێراق، دەرسێکی باشی دایە کورد (بەتایبەتیش پارتی) و شیعە کە نە بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە و نە بیریش لەوە بکەنەوە بەتەنیا بتوانن وڵاتەکە بەڕێوەبەرن. ڕاستە کورد پڕچەک کراوە و بووەتە پاڵەوانی شەڕی داعش، بەڵام بۆ کورد قۆناغی دوای شەڕی داعش وەکو قۆناغی دوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی وایە کە چۆن بتوانێ مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکات و ئەو هەموو قوربانیدانەی بەفیڕۆ نەچێت. چونکە لە کاتێکدا کە شەڕی داعش دەبووایە ببایە بە مایەی خێر و بێر و سەرچاوەی دارایی بەرفراوان بۆ کوردستان، ڕێک بە پێچەوانەکەی، کوردستان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بەچۆکدا هێنرا و ناچار بوو ئەوەی هەیەتی و نیەتی بیخاتەوە بەردەستی بەغدا و سیاسەتی سەربەخۆخوازانەی بۆ کاتێکی دیکە هەڵبگرێت. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لەکاتێکدا ئەمڕۆ کورد وەرقەکەیان لە قازانجی خۆیان هەڵگڕاندووەتەوە، ئایا بۆ قۆناغی دوای داعش چییان پێیە؟

ئەگەر باس لەوەش نەکەین کە خەونی سەربەخۆیی کورد بەکوێ دەگات، با تەنیا لەو پرسیارەدا بمێنینەوە کە تابلۆی سیاسی ئێستای کوردستان بە هێزە سیاسی و سەربازیەکانییەوە بۆ قۆناغی دوای داعش چی پێیە تا هەر هیچ نەبێ وەکو پێکهاتەیەکی بەهێز لەناو سنوورەکانی وڵاتی بەناو عێراقدا بمێنێتەوە؟

بارزانی کە سەرۆکایەتی پارتی و هەرێمی کوردستان دەکات، یەکێکە لە بەهێزترین کارەکتەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و هەڵگری دروشمی سەربەخۆییە. بەڵام کەوتووە یان خراوەتە پێگەیەکەوە کە لە نێوان ئاشتەوایی یان شەڕی یەکلاکەرەوەدا بمێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە چ پێش شەڕی داعش و چ لە کاتی شەڕی داعشدا، بە ناچاری و لە پێناوی نیشاندانی یەکڕیزیی کورد زۆر قوربانی بە هەڵوێستەکانی خۆی دا. ڕاستە تەسلیم نەبووە، بەڵام زۆریش بە تەنیا هێڵدرایەوە. خەونەکانی ئەو بۆ کوردستانی سەربەخۆ، بە دوو ئاراستەدا (ئاراستەی بە هەڵە تێگەیشتن لە سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و، ئاراستەی حاکمیەتی پارتی لە گۆڕەپانی ناوخۆیی) کرانە قوربانی.

ئێستا کە وا وردە وردە سەرەتاکانی قۆناغی پۆست داعش دەردەکەون، دنیایەک تەحەدی لەبەردەم کوردستانی باشووردایە. ئەوانە تەنیا سەردێڕن: مانەوەی بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئایندەی مادەی 140، جۆری مامەڵە لەگەڵ بەغدا، پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران، تورکیا و ئەمریکا. سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان، کێشەی پڕچەکبوونی کوردستان، دەستووری هەرێمی کوردستان، ئایندەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، جۆری مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان، ڕێکخستنەوەی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی کوردستان، نفوزی پەکەکە لەناو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانی باشوور، ئایندەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە سەربەخۆیی و مانەوە لەگەڵ بەغدا، مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی سیاسیی تورکیا (بە تایبەتیش دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیران) و چەندین پرسی دیکە کە هەموویان بە گەورەترین تەحەدییەکانی قۆناغی دوای شەڕی داعش لەقەڵەم دەدرێن.



عارف قوربانی

# ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنێکی هەڵە لەبارەی کەرکووک

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، تێگەیشتنێکی هەڵە لای زۆرینەی خەڵکی کوردستان و ناوەندە سیاسی و میدیاییەکانی ناوخۆ و دەرەوە دروست بووە سەبارەت بە کەرکووک. ئەویش بەهۆی ئەوەی کورد 8 کورسی لە کۆی 12 کورسی نوێنەرانی کەرکووکی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستهێنا.

زۆرێک باوەڕی ئەوەیان لا چەسپاوە کە ئاماژەی ئەوەیە کورد زۆرینەی دانیشتووانی کەرکووک پێکدێنن، بەو خەیاڵەوە مەست بوون و پێیان وایە ئیتر کورد بە ڕاپرسی دانیشتووانی شارەکە دەتوانێ کەرکووک بە ئاسانی وەرگرێتەوە.

بەشێکی دیکە لە ناوەندە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان واتێگەیشتوون کە بەشێکی زۆری عەرەب و تورکمان دەنگیان بە کورد داوەو ئیتر سەردەمی حەساسیەتی پێکهاتەکان کۆتایی هاتووە.

لەکاتێکدا ئەو دوو تێڕوانینانە بێ بنەماو ناڕاستن. نە کورد زۆرینەی دانیشتووانی کەرکووکە بەو ڕادەیەی کە 8 کورسیەکە بکرێتە پێوەر و نە عەرەب و تورکمانیش دەنگیان بە کورد داوە.

لە هەڵبژاردنی کەرکووکدا هەر پێکهاتەیەک بە چەندین لیست بەشداری هەڵبژاردنی کردووە و دەنگدەرانیش بەپێی نەتەوە بەسەر ئەو لیستانەدا دابەش بوون، بەتایبەتیش لەوادەی هەڵبژاردنەکان حەساسیەتی نەتەوەیی زیاتر ڕەنگی دابووەوە و وەکوو خۆفرۆشتنی لێهاتبوو ئەگەر کوردێک دەنگ بە عەرەب بدات یان عەرەبێک بە تورکمان و بە پێچەوانەشەوە. ئەگەر لە بازنەیەکدا یان لە هەرناوچەیەکیش چەند دەنگێکی لەو جۆرە هەبووبن، زیاتر ئاماژەیە بۆ بوونی تەزویرکردن لەو سندووقانە، نەک هێمابن بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی دیکە دەنگیان بە کورد دابێت.

بەراوردێکی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010 بە هەڵبژاردنی 2014 زیاتر ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە و ئەو نهێنیەش دەردەکەوێت کە بۆچی کورد 8 کورسی بردەوە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پارێزگای کەرکووک (756607) دەنگدەری هەبوو، لەو ژمارەیە (560904) دەنگیداوە. کورد بە هەموو لیستەکانەوە (280295) دەنگی بەدەستهێناوە و ژمارەی کورسیەکانی (6) کورسی بوون.

لەبەرامبەردا عەرەب (191847) دەنگی بردووە و تورکمانیش (85195) دەنگ و ئەوانیش بە هەردوولایان (6) کورسییان برد. ژمارەی دەنگی مەسیحیەکانیش (3567) بووە کە بە کۆتا نوێنەریان بۆ دیاریکراوە.

بۆ هەڵبژاردنی ساڵی 2014، بەپێی دوا ئامار، ژمارەی دانیشتووان لەپارێزگای کەرکووک بەپێی داتاکانی کۆمپانیای خۆراک بریتیە لە (1382926) کەس، لەم ژمارەیەش (857345) کەس مافی دەنگدانی هەبووە. لەو ڕێژەیەش (570759) کەس دەنگیداوە. بە هەموو لیستە کوردییەکان (310703) دەنگیان بەدەستهێناوە.

لە هەڵبژاردنی 2010 کورد (280295) دەنگی هەبووە و لە هەڵبژاردنی 2014 ڕێژەی دەنگەکانی بۆ (310703) بەرز بووەتەوە، واتا تەنیا (30408) دەنگ زیادی کردووە. لەکاتێکدا زیاتر لە (100) هەزار دەنگدەر لەو چوار ساڵە زیادیکردووەو کورد لەو ڕێژەیە 30 هەزار دەنگی خۆی بردووە.

ئەم ئامار و بەراوردکارییە ئەوەمان پێدەڵێت کە کورد بەپێی دەنگ و ڕێژەی بەشداربوونی خۆی بەشدار بووە و ژمارەی دەنگەکانیشی بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشتر هەر بەشی (6) کورسی بوون. بەڵام ئەمجارە بەهۆی غیابی عەرەبەوە لە هەڵبژاردنەکە، قاسمی ئینتیخابی بەو جۆرە وەستایەوە کە بەقازانجی لیستە کوردیەکان بێت و ژمارەی کورسیەکانی بۆ (8) کورسی بەرزکردووەتەوە. هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە عەرەبی ناوچەکانی کەرکووک بەتایبەتی (حەویجە) کە قورسایی ژمارەی دەنگدەری عەرەبە، ڕێگە نادەن ژنان بەشداری هەڵبژاردن بکەن و جیاوازیی ئەم هەڵبژاردنە بەوانی پێشووتر ئەوەبوو کە ئەمجارە ڕێگە نەدرا لە حەویجە پیاو لەبری ژنیش دەنگ بدات. لەکاتێکدا ئەوەش ڕوونە کە کۆمەڵگەی عەرەبی کەرکووک کۆمەڵگەیەکی خێڵەکین و هەر پیاوێک زیاتر لە چەند ژنێکی هەیە. واتا ئەگەر دەنگی ئێستای عەرەبیش بکرێتە پێوەر، ئەوە ئاماژەی مەترسیدارە کە لەماڵەوە زۆر لەو ژمارەیە زیاتر دەنگدەری تریان هەیە.

ئەمە بۆ وەڵامی ئەوانەی پێیانوایە ژمارەی دەنگدەری عەرەب کەمترە لە کورد و وەک ئاماژەی کەمبوونەوەی عەرەب دەیبینن. ئەوانە هەڵەن، بەتایبەتیش کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی پارێزگا عەرەبیەکانی دەوروبەری کەرکووک و هاتنی داعش بۆ ناوچەکە ئێستا مەزەندە دەکرێت نزیکەی نیو ملیۆن عەرەبی دیکە هاتبنە ناو کەرکووک، بەمەش هاوکێشەکە بەتەواوەتی پێچەوانە بووەتەوە.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بەپێی دەنگە بەدەستهاتووەکان سەرباری ئەو هەموو سەرنج و تێبینیانەش کە لەسەر کورد هەبوون لە بەکاربردنی دەسەڵات و کۆمیسیۆنیش، بەڵام هێشتا ڕێژەی دەنگەکان ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێن کە ئەوەی بەدەستهاتووە دەنگی کورد خۆیەتی و ئەوە بەهیچ پێوەرێک ڕاست نییە کە پێمانوابێت عەرەب و تورکمان دەنگیان بە کورد داوە بۆیە کورد بووە خاوەنی (8) کورسی. لەکاتێکدا کورسی تورکمانەکان هەر وەک هەڵبژاردنی پێشوو ماوەتەوە کە 2 کورسییان هەبووە. دوو کورسیە زیادەکەی کورد لە بەشی عەرەب بوون کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەوەوە هەبوو لەم هەڵبژاردنە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ڕێگەی نەدا لە حەویجە سەرۆک خێزان بێت و لەبری هەموو خێزانەکەی دەنگبدات، دەبوو هەموو دەنگدەرێک بۆخۆی ئامادەبێت، بەو هۆیەوە ژمارەی دەنگەکانی عەرەب زۆر کەمیکرد و لەبەرامبەردا کورسیەکان بەر لیستە کوردیەکان کەوتن.

خستنەڕووی ئەم ڕاستیە تەنها بۆ مێژوو گرنگ نییە، وەک ئەوەی کەسانێک وا بیردەکەنەوە کە تازە ئەوە بوو بە مێژوو، بەڵکو بۆ داهاتووش گرنگە کە خۆمان نەخەڵەتێنین و بەرچاومان ڕوون بێت لەوەی ڕاستیەکان بەو جۆرەن.

ئەوەی وایکردووە پێگەی کورد لە کەرکووک بەهێزبێت، بوونی هێزی پێشمەرگە و کۆنترۆڵکردنی ئەمنی کەرکووکە لەلایەن هەرێمەوە. تا زیاتر پێگەی سەربازی و ئەمنیی هەرێمی کوردستانیش لە کەرکووک بەهێزتر بکەین، دڵنیایی زۆرترمان دەبێت لەبارەی ئایندەی ئەو شارە و پەیوەستکردنەوەی بە ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستیەکە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# حکومەت و بەشبەشێنە

لەکوردستاندا موجامەلەیەکی زۆری حیزبی دەکرێت لەسەر حسابی دیموکراسیەت و یاسا و خزمەتکردنی خەڵک و پێشخستنی کۆمەڵگا.

وای لێهاتووە پێکهێنانی کابینە حکومییەکان و حکومەتە خۆجێییەکان هیچ بەشێکی خەڵکی پێوە نەماوەو بووە بە بابەتێک بۆ ڕازیکردنی حیزبەکان و دیاریکردنی پشکەکانیان، نەک دروستکردنی ئیدارە و سەرپێخستنی دەزگایەکی سیاسی بۆ بەرەوپێشبردنی کاروباری کۆمەڵگا.

وای لێهاتووە دەبێت پرسیار بکەین، ئەرێ حکومەت هی کێیە، موڵکی حیزبە سیاسییەکانە یان دەزگایەکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک؟

هەموومان لەوە تێدەگەین کە لە بارودۆخ و قۆناغێکی سیاسی وەک ئەمەی کوردستاندا تەوافوقاتی سیاسی بابەتێکی پێویستە و نادیموکراسیانەش نییە ئەگەر جارجار پەنای بۆ ببردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەکان و حکومەتە خۆجێییەکان.

بەڵام ئەوەی کە مایەی پرسیار و ڕەخنەیە، بە نەریتبوونی ڕازیکردنی هەموو حیزبەکان و ڕاکێشانیانە بۆ ناو کابینە حکومییەکان بە هەرچی چۆنێک بێت و بەهەر نرخێک بێت و هەرچەندیش کاتی بوێت!

کابینە حکومییەکان لە کوردستان هەرگیز پێکنایەن هەتا هەموو حیزبەکان لە پشکەکانی خۆیان ڕازی نەبن، ئەگەرچی ئەو حیزبانەش توانای ئەوەیان نەبێت لەڕووی یاسایی و سیاسیەوە پێکهێنانی کابینەکە پەکبخەن، بەڵام هەر دەبێت ڕازی بن و هەر دەبێت موجامەلە بکرێن و هەر دەبێت بێنە ناو کابینەکەوە، ئەو میللەتەش با بۆخۆی هەرچاوەڕێ بێت.

لەڕاستیدا ئەم دۆخی موجامەلە حیزبییەی لەکوردستاندا هەیە هەموو هێڵێکی سووری تێپەڕاندووە و وای لێهاتووە حیزبەکان بەئارەزووی خۆیان موجامەلەی یەکتر دەکەن و پشکەکان دەیان جار دابەشدەکەنەوە بۆ ڕازیکردنی یەکتر. پشکی چی؟ پشکی زۆر کەم و بێ نرخ، قایمقامێک لێرەو بەڕێوەبەری ناحیەیەک لەوێ، توخوا ئەمە هی ئەوەیە پیاو سەری خۆی و خەڵکی پێوە بئێشێنێ و پێکهێنانی حکومەتی بۆ پەکبخات؟!

ئەم حیزبانە ئەوەیان لەبیر چووە کە حکومەت دەزگایەکی گشتییە و مەرج نییە پشکی هەموویانی پێوە بێت، بەڵکو مەرج ئەوەیە بەشێوەیەکی یاسایی و دیموکراتی پێکبێت و بەشی خەڵکی پێوە بێت نەک حیزب.

هەمیشە دواکەوتنی پێکهێنانی کابینە حکومی و خۆجێییەکان هۆکارەکەی ئەم موجامەلە بێتامەیە کە حیزبەکان لەنێوان یەکتردا دەیکەن، بێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ کات، یاسا و خەڵک و کاروباری کۆمەڵگا دابنێن. گرنگ ئەوەیە برادەرانی حیزبی فڵان ڕازی بن و هەمووان بەشداربین.

هەر ئەم موجامەلەیەیە وای کردووە پێکهێنانی کابینەیەک لە کوردستان یەک ساڵی پێویست بێت و لە یۆنان یەک ڕۆژی بەس بێت.

بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشت ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانیمان کێشا تا حیزبەکان پێکهاتن، خەڵک هەموو گەیشتنە قووڵایی بێهیوایی، تا ئەوکاتەی لە دوا ساتدا گۆڕان و پارتی و کۆمەڵ واژووی پێکهێنانی حکومەتەکەیان کرد.

ئێستاش لە سلێمانی عەیامێکە چاوەڕوانی حکومەتی خۆجێیین، بەڵام موجامەلاتی سیاسی ڕێگە بە دروستبوونی نادات.

لەسەرەتاوە گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو حکومەتی نێوخۆی سلێمانییان دروستنەکرد لەبەر ئەوەی پێوەری یاساییان تەواو نەدەکرد، پارتیش نەچووە پاڵیان، چونکە ناکرێت یەکێتی لەدەرەوەی پێکهاتەکە بێت، واتە ئەگەر شاییە پێنەکرێت دەتوانێ شاییەکە تێکبدات.

ئەی باشە ئێستا کە گۆڕان و یەکێتی خۆیان لەڕووی سیاسی و یاساییەوە دەتوانن حکومەتەکەی سلێمانی دروستبکەن بۆ دروستی ناکەن؟ بۆچی ئەم هەمووە چاوەڕێی ئەوانی دی دەکەن؟ چاوەڕوانییەک کە زۆر درێژەی کێشا. خۆ نە پارتی و نەکۆمەڵ و نە یەکگرتوو و نە حیزبەکانی تریش، لەڕووی یاساییەوە، توانای ئەوەیان نییە شاییەکە تێکبدەن.

لە هەولێریش پارتی بەپشتبەستن بە تورکمانەکان پێوەری یاسایی پێویستی بەدەستهێنا بۆ پێکهێنانی حکومەتی لۆکاڵی، بەڵام بەهۆی ئەم عەقڵیەتەوە کە پێیوایە حکومەت هی حیزبەکانە و هەردەبێت پشکی ئەوانیشی تێدا بێت، دیسان لەوێش گەڕانەوە خاڵی سفر و بۆ موجامەلەکردنی ئەوانی دیکە هێشتا پێکهاتەی حکومەتەکە بەتەواوی تەواو نەبووە و هەرکەس داوای بەشی خۆی دەکات و ڕازیش نین!

ئەم شێوە دروستکردنەی حکومەت کە وا بە پێویست دەزانێ هەمووان تێیدا بەشدار بن، دینامیکیەتی سیاسی لەناو پرۆسەی دیموکراسیەتدا دەکوژێت و ڕێگە لەدروستبوونی سیستمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە دەگرێت کە تێیدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەنێوان حیزبەکاندا بکرێت.

جگە لەوەی حکومەت دەکات بە خەڵاتێک بۆ حیزبەکان و وەک میراتیی لەنێوانیاندا دابەشی دەکات، نەک بە دەزگایەک کە ئیشوکاری هاووڵاتیان ڕاپەڕێنێ و کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بەرێت.

من پێمخۆشە هەمووان ڕازی بن و هەمووانیش بەشدار بن، ئەم نووسینەشم کەمکردنەوە نییە لە ڕۆڵی کەس، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە حکومەت و دامودەزگا ئیدارییەکان هی خەڵکن نەک پشک و بەشی حیزبەکان.

نووسینەکەشم پەیامێکە بۆ حیزبەکان بۆ ئەوەی بیریان بخەمەوە کە ئەو حکومەتەی ئەوان پشکەکانی لەنێوان خۆیاندا بەش دەکەن، هی خەڵکە نەک ئەوان، لەسەر بنەمایەکی سیاسی و یاساییش پێکدێت، نەک موجامەلەی حیزبی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



سوهێر قەیسی *

# داعش و پیشەگەری لە راگەیاندندا

هەرکەسێک پێیوابێ شەڕ لە دژی داعش تەنیا ئەوەیە کە لە مەیدانی شەڕدا بەڕێوەدەچێ، بەهەڵەدا چووە.

ئەمڕۆ ئێمە رووبەڕووی گرووپێکی توندڕەو بووینەتەوە کە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی فیلمی ئاست بەرزی نایاب لە ئاستی فیلمە سینەماییەکاندا لەڕووی پرۆفیشناڵییەوە.

ئەگەر بە وردی تەماشای فیلمەکانی ئەم رێکخراوە بکەین کە لە یوتیوبدا بڵاویاندەکاتەوە، بۆ نموونە گرتە ڤیدیۆییەکانی جۆن، بکوژە دەمامکدارەکەی داعش، یان فیلمی تاوانی بێزەوەری سووتاندنی فرۆکەوانە ئوردنییەکە، خوا لێی خۆشبێ، دەبینین کە ئەو فیلمانە بە کامێرای سینەمایی زۆر باش و پێشکەوتوو گیراون. تەنانەت ئەو مایکرۆفۆنانەی بەکارهێنراون لە جۆری (نیک مایک)ن کە جۆرێکی بەنێوبانگە و نرخی دانەیەکی سێ هەزار دۆلارە.

ئینجا ئەو پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و گرافیکانەی لە فیلمەکانی گرووپەکەدا دێنە بەکارهێنان، ئەوە پێشاندەدەن کە خەڵکێکی پسپۆڕ لە بواری بەرهەمهێنان و دەرهێنان هەر یەکێک لەو فیلمانە دەنووسن و سیناریۆی بۆ دادەڕێژن و جێبەجێیان دەکەن.

کەواتە خەڵکێکی پرۆفیشناڵ و توانای ماددیی گەورەیان تێدا بەکاردێت، ئەمەش پێشانیدەدا کە داعش دەزانێ شەڕەکەی شەڕی بواری میدیایە و پێش ئەوەی شەڕی داگیرکردنی شارەکان بێت، شەڕی داگیرکردنی مێشکەکانە.

دەستەکانی ئەم رێکخراوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک پێیەکانی ئەختەبووت دێنە بەکارهێنان بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمی سەربڕین و چاندنی ترس و تۆقاندن لەلای خەڵک. هەمان ئەو لاپەڕانە بۆ کێشکردنی هەوادارانی بیری تیرۆریستیش بەکاردەهێنرێن.

ئەم رێکخراوە ئەوە چاک دەزانێ کە توێژی گەنجی پەروەردەکراو لە ژێر کاریگەریی فیلمەکانی ئەکشندا حەز لە کارتێکەرەکان دەکەن و زۆر بە ئاسانی بەرەو لای ئەم جۆرە تۆقاندن و ئەکشنە راستەقینە و بەخۆڕاییەی داعش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لێ پڕکردووە، رادەکێشرێن. ئەوەش دەزانێ کە لاوانی بێکار و پاڵەوانانی کیبۆرد (ئەوانەی ئاڵوودەی ئینتەرنێت بوونە) نێچیری ئاسان و بەنرخن بۆ کەوتنە ژێر کاریگەریی بیری داعشەوە.

بۆیە وریا بن لە شەڕی میدیا و فیلمە هۆلیوودیە بێبەهاکانی ئەم رێکخراوە، چونکە ئەمانەن چەکە نوێیەکانی تیرۆر کە لە هەموو شوێنێکی دنیاوە ئاراستەی مێشکی لاوان کراون.

***رۆژنامەڤان و میدیاکاری عێراقی لە گرووپی MBC بە تایبەتی بۆ رووداو دەینووسێ.**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# شەڕ پاساو نییە

لەوەتەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە، هەموو ژیانمان بووەتە باسی شەڕ. وەک بڵێی کوردستان وڵاتێک بێت چەندین سەدە لە ئاشتیدا ژیابێت و ئەوە یەکەمجاری بێت شەڕی تووشبێت. هەرچییەک دەڵێین و دەکەین، دەرهاویشتەکانی دەبەستینەوە بە قۆناخی دوای شەڕەوە. بێئاگا لەوەی کە جارێ بەو ئاسانییانە شەڕ یەخەمان بەرنادات.

ژماردنی پێچەوانە بۆ دەستپێکردنی شەڕی گرتنەوەی مووسڵ دەستیپێکردووە. بەقسەی ئەمریکا بێت تاوەکو کۆتایی هاوین شەڕەکە تەواو دەبێت و مووسڵ دەگیرێتەوە. بەڵام لە دوو دەیەی رابردوودا چەند جار ئەمریکا دێدلاینی بۆ جەنگەکان داناوە و چەندین ساڵ دواتر بە تەواونەکراوی لێی هاتووەتە دەرەوە؟ لە ئەفغانستان قەول بوو گەلانی ئەفغانستان لە "زوڵم و تاریکپەرستی"ی تاڵیبان و قاعیدە رزگار بکرێن، کەچی زۆرتر لە دەیەیەک تێپەڕیوە و هێشتا ئەمریکا تا بن ملان لە زەلکاوی ئەفغانستاندا رۆچووە. لە عێراق دیسان قەول بوو ئەمریکا هێزێک بنێرێت، دیکتاتۆرێک لابدات و دیموکراسی بهێنێت و هاوپەیمانێکی بەهێزی نوێ بۆخۆی لە ناوچەکەدا دروست بکات. کەچی نەک هەر ریشەکەی دەستنەکەوت، بەڵکو سمێڵەکەشی نایە بانی. بۆیە لە شەڕی مووسڵیشدا گەرەنتی نییە کە خەلافەتەکەی داعش بەزوویی بگێڕدرێتەوە بۆ قۆناخی بەر لە "کۆتاییهێنان بە سنوورەکانی سایکس-بیکۆ".

بارزانی لە کۆنگرەی چەند رۆژی رابردوودا لە میونخ لەگەڵ عەبادی باسی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵی کردووە. بەشداریی پێشمەرگە لەو ئۆپەراسیۆنەدا خەریکە گومانی تێدا نامێنێت. ئەوەش بەو مانایەیە کە تەنانەت ئەگەر داعشیش لە مووسڵ راونرا، کە بەدڵنیاییەوە بەزەحمەت دەبێ و زۆری پێدەچێت، هەرواش پێشمەرگە ناحەسێتەوە و لە باشترین حاڵەتدا دەچێتەوە قۆناخی دوای رووخاندنی رژێمی سەددام. واتە لەگەڵ هێزە عەشایەرە عەرەبییە سوونەکان، سوپای عێراق و رەنگە ئێرانیش قۆناخێکی پڕ لە گرژی و هەستیاری تێدەپەڕێنێت. ئەمە جگە لەوەی کە کردەوەی خۆکوژی و پەلامارەکانی داعش و پاشماوەکانیشی بەردەوام دەبن.

کەواتە بەمزووانە نابێ بەتەما بین بگەڕێینەوە قۆناخی بەر لە هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان. بەڵام ئەمە نابێ بەو مانایە بێت کە پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان پەکی بکەوێت. دەبووایە ئەمساڵ ژمارەیەک هەڵبژاردن و گشتپرسییەکیش بکرێن، بەڵام پێناچێ هیچیان لەکاتی خۆیاندا بەڕێوەبچن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کوردستان لە حاڵەتی جەنگدایە و ئامادەکاری بۆ ئەو هەڵبژاردنانە و جێبەجێکردنیان زۆری دەوێت. ئەمەش دەستپێکی نوکتەکەیە. چونکە دەوڵەتێکی وەکو ئیسرائیل لەوەتەی هەیە لە حاڵەتی جەنگدایە، بەڵام بەوە گەرەنتیی مانەوەی خۆی کردووە کە قەت جەنگی نەکردووەتە پاساو بۆ پەکخستنی دیموکراسییەکەی. سەرکردایەتیی کوردستانیش، ئەگەر مەبەستیەتی کوردستان بە رێگەی راستدا بڕوات، دەبێ ئەمە بکات و نابێ بیانووی تر بکاتە نانی جۆ!



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ئیسلام پێویستی بە ریفۆرمە

هەفتەی پێشوو چاوێکم بە فەتواکەی داعشدا خشاند بۆ سووتاندنی فڕۆکەوانە ئوردنییەکە. بەوپەڕی سیقەوە چەند مەسنەدێکی دینییان بۆ کردارەکەیان ریزکردبوو. هەندێک بیرم لێکردەوە، بۆم دەرکەوت هەرچی رەفتارێک مەبەستت بێت بەناوی ئیسلامەوە بیکەی، دەتوانی مەسنەدی دینی بۆ بدۆزیتەوە. جا ئایەتێکی بەدڵی خۆت بۆ تەئویل دەکەی، حەدیسێکی بۆ تەرهیم دەکەی، یان ریوایەتێکی بۆ دەگونجێنی، ئەوە کەوتووەتە سەر تواناکانی خۆت بۆ درۆکردن بەناوی خوداوە.

چی ماوە فەتوای بۆ نەدرێت لەم جیهانی ئیسلامەدا؟ چ حەرامێک ماوە حەڵاڵ نەکرابێت و کام حەڵاڵ ماوە فەتوایەک حەرامی نەکردبێ؟ ئەوە لەسەر ئاستی جیهانی. کاتێک لەسەر ئاستی بچووکیش سەیردەکەیت، هەر لە کوردستاندا دەیان مەلا دەبینی کە بەپێی پێویستی خۆت فەتوات بۆ دەردەکەن. چیت دەوێ بۆت جائیز دەکات. چیشت ناوێ بۆت دەکاتە یەکێک لە "کارەکانی شەیتان"!

ئەمە هیچ ناوێکی دیکەی نییە بێ لە درۆکردن بە ناوی خوداوە. جا هەر یەکەو بەپێی حەجم و پێویستی خۆی. تۆ جوملەفرۆشێکی و پێویستت بەوەیە فەتوات بۆ بدەن بە قاچاخ شمەک بفرۆشی بە ئێران و دەسکەوتەکەت حەڵاڵ بێت. مەلایەک پەیدا دەکەیت ئەو جەوازەت پێبدات. ئەویش پیاوکوژ و خوێنمژە، راستتروایە بڵێم (سایکۆپات)ە، پێویستی بەوەیە خودا بکات بە شەریک لە تاوانەکانیدا، مەسنەدێکی دینی بدۆزێتەوە بۆ پڕکردنەوەی خواستە سادیستەکانی. فەتوایەکی بۆ دەدەن و دەڵێن خولەفای راشیدینیش هەر وایان کردووە.

ئەمە باری نالەباری دینی خودایە بەدەستی مرۆڤەوە کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەریەکە بە جۆرێک بەکاریدێنێ. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دوو شتە، یەکەمیان زۆریی دەق و ریوایەت (لە باش و خراپ، راست و هەڵە) کە دەبن بە سەرچاوەی فەتوا. دووەمیش نەبوونی مەرجەعێکی ئاینی کە بڕیار لەسەر ئەوە بدات چی راستە و چی درۆیە.

لێرەدا قسەکەی من ئەوەیە کە ئەم بارە پێویستی بە ریفۆرم هەیە. کە دەڵێم ئیسلام پێویستی بە ریفۆرمە مەبەستم ئەوە نییە بێین گۆڕانکاری لە بنەما سەرەکییەکانی باوەڕ و پەرستشدا بکەین. من دەڵێم دەبێت ریفۆرم لەو ئیسلامەدا بکەین کە مرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی خۆی دروستی کرد. ئەو شتەی بەناوی ئیسلامەوە بە ئێمە ناسێندرا و لەڕاستیدا دینی ئەمەوییەکان بوو کە بۆ مانەوەی خۆیان، بەژێر دەیان ئۆپەراسیۆنی تەخریبدا بردیان. ئەمە پێویستی بە ریفۆرمە.

دەبێت یەکێک هەستێ و خەڵکی تێبگەیەنێت کە پەیامی راستەقینەی خالق هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو توندوتیژییەی بە ناوی ئیسلامەوە نمایش دەکرێت. دەبێت دەقەکان پاکبکرێنەوە لەو بیرە ژەهراویانەی لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی باوەڕ و راستییەکانی سەردەمدا ناگونجێن. رووی راستەقینەی ئاین بخەینەڕوو کە خزمەت بە هزری ژیان و ئازادی و خۆشویستن و پێکەوەژیان دەکات. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەر کرۆکی ئاین و هەموو ئەو تەخریباتانە پاک بکەینەوە کە بە درێژایی مێژووی ئیسلام لە ئەنجامی دەوڵەتداری و شەڕ و فتوحات تێکەڵی خودی پەیامە ئاسمانییەکە بووە.

خۆ ئەوە نەبێت کەس نەبێت ئەم قسانە بکات. دەیان زانای ئاینی و کەسایەتی ئیسلامی گەورە هەن کە هەوڵ بۆ رۆشنکردنەوەی بیری موسڵمانان دەدەن، بەڵام جێی داخە کە دەنگیان ناگات بە هەموو یەکێک. یان ئەگەر بشگات لە زۆر شوێنی وڵاتی ئێمە و وڵاتانی عەرەبی دەنگی شەڕەنگێزان بەرزترە لە دەنگی ئاشتیخوازان.

بۆ نموونە فەتحوڵڵا گولەن کە کەسایەتییەکی ئیسلامی جیهانییە، دەیان ساڵ پێش ئێستا هەڵوێستی بەرامبەر بە توندڕەوی ئاینی وەرگرت و گوتی: "موسڵمان ناتوانێ تیرۆریست بێت و تیرۆریستیش ناتوانێ موسڵمان بێت". یەکێک بوو لە یەکەمین زانا ئاینییەکان کە بڵێت سیستمی عەلمانی و کۆماری دژی ئیسلام نین و ئەگەر راست و دوور لە دەمارگیری جێبەجێ بکرێن دەبنە گەرەنتی بۆ فەراهەمکردنی ئازادیی باوەڕ و ژیانی ئاینی. بیری پێکەوەژیان و دایەلۆگی نێوان ئاینەکان و قبوڵکردنی کەلتورە جیاوازەکانیش کۆمەڵێک بیری دیکەی گولەنن کە پێویستە سوودیان لێوەربگیرێت.

بێ لە گولەن، مەولانا جەلالەددینی رومیش نموونەیەکی مێژوویی گرنگە کە دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. مەولانا لە سەدەی سیازدەیەمدا کاتێک کە دەیگوت "وەرە، هەر چییەکیت وەرە، ئەگەر کافریت، مەجوسیت یان بتپەرست، ئەگەر هەزار جار تەوبەشت شکاندووە، هەر وەرە، ئێرە دەرگای بێئومێدی نییە"، لە راستیدا بانگی بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان دەدا. خۆ ئەوکات هەڕەشەی گەورە لەسەر دەوڵەتی ئیسلام هەبوو. عەباسییەکان لە رووخاندا بوون. هەزار و یەک جۆر شەڕە شمشێر هەبوو. بەڵام مەولانا رێگەی خۆشەویستی و ژیانی هەڵبژارد. تەنانەت یەک رۆژیش شمشێری نەگرت بە دەستییەوە بۆ ئەو شتەی پێی دەڵێن "جیهاد".

ئەم بیرانە دەکرێن وەک بەردی بناغەی پرۆژەی ریفۆرم و کلیلی چارەسەری کێشە لەبننەهاتووەکانی ئەمڕۆ سوودیان لێوەربگیرێت. بەڵام پێویستمان بە کەسانی بوێرە کە بتوانن شەڕ بۆ ئاشتی بکەن. ئەم بیرە جوانانە ئازایانە بگەیەنن بە خەڵک و ئەو ریفۆرمە بکەن. لەبەرئەوەی، وەکو محێددینی عەرەبی دەڵێت "هەتا باشەکان هێندەی خراپەکان بوێر نەبن هیچ شتێک راست نابێتەوە".



دەیڤد رۆمانۆ

# دەوڵەتی ئیسلامی دەسووتێ

هەموو هەفتەیەک و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی زیاتر لەنێو خەڵک لەسەر بێ سنووریی دڕندەیی داعش، ئەو گرووپە دڕندەییەکی دیکە دەنوێنێ بۆئەوەی جیهان تووشی شۆک بکات. گرتە ڤیدیۆییەکەی هەفتەی رابردووی داعش کە سووتاندنی فڕۆکەوانێکی ئوردنی بوو لەناو قەفەزێکدا، بە تەکنیکێکی سینەمایی پێشکەوتوو وێنەگیراوە، وەک خاوکردنەوەی کڵپەی ئاگرەکە و نزیککردنەوەی هەندێ لە دیمەنەکان. خەڵکی لە سەرتاسەری جیهانەوە تەماشای ئەو گرتە ڤیدیۆییەیان کرد کە کوڕێکی گەنج لەناو جەرگەی گڕ و کڵپەی ئاگردا هاواردەکات.

بە تێڕوانینی داعش، ئەم سزایە پڕاوپڕی تاوانەکەیە، لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا بەزۆر ئەو فڕۆکەوانە وا لێدەکرێت بەپێ بەدەوری بینایەکدا بڕوات کە لەلایەن هێرشی ئاسمانیی هاوپەیمانەکانەوە رووخاوە و ئەو هێرشانەی گوایە ئەو بەشداریی تێدا کردوون. سووتاندنی بۆ مەبەستی بیرخستنەوەی خەڵک بوو کە هێرشی ئاسمانی چی لەخەڵک دەکات. ئەو وێنانە لە پاشماوەی بینایەکی رووخاودا گیران. بەڵام بۆ زۆرینەی خەڵکی جیهان کوشتنی ئەو فڕۆکەوانە پێشێلکاری بوو لە دژی هەموو دابونەریت و یاسایەکی نێودەوڵەتی هەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان هەتا نەمانی هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لای بکوژانی.

بۆچوونی شارەزایان جیاوازە لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئەو رەفتارە دڕندانەیە لە بەرژەوەندیی داعش بوو؟

هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە ئەو فڕۆکەوانە و دوو بارمتەی ژاپۆنی لەژێر دەستی ئەو گرووپە بوون، بەڵام داعش لە دوو هەفتەی رابردوودا بڕیاریدا سەرنجی جیهان رابکێشێتەوە بۆ چارەنووسی ئەو دەستگیرکراوانە. ئەو رەفتارە بووە جێی باسوخواسی هەموو میدیاکان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە جیهادییەکانی داعش لە کۆبانێ دەرکران و لە چەندین بەرەی شەڕ لە عێراق کەوتوونەتە حاڵەتی بەرگرییەوە. سەربڕینی دوو رۆژنامەنووسە ژاپۆنییەکە و سووتاندنی فڕۆکەوانە ئوردنیەکە و سەربڕینی پێشمەرگەیەک کە باوکی 10 منداڵ بوو لە چەند رۆژی رابردوودا، هەوڵێک بوو بۆ سەرقاڵکردنی جیهان و خەڵکی بندەست و هەوادارانی داعش و لابردنی سەرنجیان لەسەر ئەو شکستانەی رووبەڕووی بووەتەوە لە دوو هەفتەی رابردوودا. هێرشی ئاسمانیی هاوپەیمانان و شەڕی هێزە کوردییەکان زیانی زۆری گیانی بە داعش گەیاندووە، بۆیە رەنگە ئێستا بەربەریەت و دڕندەییان بگاتە لوتکە.

رەنگە داعش بەهیوا بێت گرتە ڤیدیۆییەکانی لە سەربڕین و سووتاندن و کوشتنی بە کۆمەڵ ببێتە هۆی پۆلیشکردنی رووە تۆقێنەرەکەی و راکێشانی سەرنجی جەماوەرەکەیان و ترساندنی دوژمنەکانیان. وەکو دیارە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراق ئەو گرووپە بەڕێوە دەبەن. واتە هەمان ئەو کەسانەی کە بەرپرسیار بوون لە گۆڕینی عێراق بۆ کۆماری ترس، ئێستاش رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ریزەکانی داعشدا. کاتێک ئایدیۆلۆژیای راستەقینەی گرووپێک چنگ گیرکردن بێت لە دەسەڵاتی سیاسی بە هەر نرخێک، ئیدی بۆی گرنگ نییە ئەو سیاسەتە لە بەرگی نەتەوەپەرستیی عەلمانیەتدا دەکات یان بەرگی ئیسلامی.

بەڵام سەربڕین و سووتاندنی زیندانیان باجی هەیە. کاتێک کە چاوەڕوانی هیچ بەزەیی و میهرەبانییەک لە بەرامبەرەکەت نەکەی، گەرچی ژمارەشت و کەمبێت و چەکیشیت سادە بێت، هەرگیز خۆت بەدەستەوە نادەی. وەک ئەو ئەزموونەی داعش چەشتی لە کۆبانێ، شەڕکردن لەبەرامبەر دوژمنێکی سەرسەخت کە ئامادەبوو تا دوا هەناسە ژن و پیاوی شەڕ بکات، ئەو راستیەی سەلماند.

ئەگەر نیازی داعش تۆقاندنی حکومەت و خەڵکی ئوردن بووبێت، دەردەکەوێ لەوەشدا شکستیان هێناوە. بڕیاری ئوردنییەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو جیهادیانە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لە ئەنجامی ئەو تاوانەوە. لەماوەی 24 کاژێردا، وەڵامی عەمان لەسێدارەدانی دوو ئەندامی دڕندەی قاعیدە بوو بەو ژنەشەوە کە داعش داوای ئازادکردنی دەکرد. خەڵکی لەسەر شەقامەکانی ئوردن داوای هێرشی توندتر لەدژی داعش دەکەن و شا عەبدوڵڵای پاشای ئەو وڵاتە بەڵێنی داوە کە کاردانەوەی توند نیشانبدات بۆ لەپیشەهەڵکێشانی ئەو گرووپە.

رەنگە ئەمە هەلێک بێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش. کوژرانی هەزار پێشمەرگە و برینداربوونی ژمارەیەکی زیاتر، دەیسەلمێنێ کە ئەو هەڵمەتە پێویستی بە کۆششی زیاتر هەیە. فەلاح مستەفا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەفتەیە داوای هاوکاریی زیاتری لە وڵاتان کرد، گازندەی ئەوەی کرد کە کورد بەتەنیا زۆرینەی ئەو شەڕە دەکات.

کەواتە بۆ چەند لیوایەکی سوپای ئوردن بانگهێشت ناکرێن بۆئەوەی شانبەشانی پێشمەرگە شەڕی داعش بکات؟ دەگوترێ کە سوپای ئوردن یەکێکە لە باشترین سوپاکانی وڵاتە عەرەبییەکان و کواڵیتی ئەو سوپایە کەمیی ژمارەیانی شاردووەتەوە. ئوردنییەکان دەتوانن پێداویستی زیاتر و باشتر لەگەڵ خۆیان بهێنن و هەروەها ئامادەیی هێزی وشکانی ئوردنی لەسەر گۆڕەپان دەرفەتێکی باشتر دەبێت بۆ هێزە ئاسمانیەکەی و هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان. لەهەمان کاتدا، دەکرێت داوای یارمەتی دارایی لە ژاپۆن بکرێت. پێموایە ئەم شێوازی تاکتیک و هەڵمەتە دڕندانەیەی میدیای داعش یارمەتی ئەو گرووپە دەدات بۆئەوەی گۆڕی خۆی زووتر هەڵکەنێ.



سیروان رەشید

# چەند پرسیارێک بۆ کۆمەڵ و یەکگرتوو

لەوەتەی گرووپی تیرۆریستی داعش بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، زیاتر لە هەزار شەهید و پێنج هەزار بریندار لە رۆڵەکانی کورد بوونەتە قوربانیی ئەو جەنگە ناڕەوایە. ئەمە سەرباری زیانگەیاندنێکی زۆر بە ژێرخانی ئابووری و سەربازیی کوردستان.

هەڵوێستی لایەنە ئیسلامیەکانی کوردستان (یەکگرتوو و کۆمەڵ) تا ئاستێکی باش نیشتمانی و نەتەوەیی بووە بەرامبەر ئەو گرووپە تیرۆریستە و سەرکردایەتی و سەرکردەکانیان لە کۆبوونەوە تایبەتیەکانیشیاندا زۆر بەتوندی دژایەتی و نیگەرانیی خۆیان بەرامبەر رەفتارەکانی ئەو گرووپە نیشانداوە. بەڵام ئەمە کۆتایی بە چاوەڕوانیی خەڵک لە هەڵوێستی ئەو دوو لایەنە ئیسلامیە ناهێنێ و رای گشتی ئێستا چاوەڕوانی هەڵوێستی توندی نەتەوەیی و مەردانەتریان لێدەکات.

ئەگەر چاوبخشێنینەوە بە مێژوودا و سەیری بەسەرهاتەکانی دنیا و میللەتان بکەین، ئایا دەبینن باوەڕدارانی هیچ ئاین و مەزهەبێک لەهەموو دنیادا بڕوایان وابێت کە ئەوان بە کوشتنی هەزاران پیاو و ژن و دەستدرێژیکردنە سەر کچانی منداڵی بێتاوان، دەگەنە بەختەوەری و بەهەشت، جگە لەم گرووپە بێ مۆراڵە؟

ئایا لەدنیادا، هیچ تایەفەیەکی تر هەیە جگە لەم گرووپە، بڕوای وابێت کە رێبازی کوشتنی بە کۆمەڵی کەسانی هەژاری کاسبکار و ئافرەتان و منداڵان، رەفتاری شیاون بۆ نزیکبوونەوە لەخودا و ئارەزووی گەیشتن بە بەهەشت؟

داعش ئێستا رەهەندێکی ئیلاهی بە رەفتارەکانی خۆی بەخشیوە بۆ جیهادکردن لەدژی نەتەوەی کورد و کوشتن و سەربڕینی پێشمەرگە و جیهادی نیکاح بەرامبەر کچ و ژنانمان، کە پێیوایە ئەم جۆرە توندوتیژی و دڵڕەقیە عیبادەتە و دەبێتە مایەی رەزامەندیی خودا.

پرسیارەکان لە سەرکردایەتی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەیە:

1- لەسەر ئاستی دیبلۆماسی بەنیازن چی بکەن لەگەڵ یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلامی یان رابەرە گەورەکانی سوننە بۆ دەرکردنی فەتوایەک لەدژی رەفتارەکانی داعش؟

2- ئێوەی بەڕێز بەسەدان پیاوی ئاینیتان هەیە کە پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتەکانی کوردستانن، ئایا رایاندەسپێرن کە هەڵمەتێک دەستپێبکەن بۆ ریسواکردنی رەفتارە قێزەون و دژە ئینسانیەکانی داعش؟

3- بەپێی فەرموودەکانی خوداو حەدیسەکانی پێغەمبەر (د.خ)، بەرگریکردن لەخاک و دین و شەرەف و کەرامەت واجبە. ئایا بەنیازنین لەڕێگەی مەکتەبی زانایان و دەزگای قەزاواتی شەرعیتانەوە، روونتر هەڵوێستی خۆتان رۆشن بکەنەوە و بەڕەسمی بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان بە واجب و جیهاد بزانن لەدژی ئەو گرووپە تیرۆریستیە؟

4- هەندێک لە سەرکردە و پیاوە ئاینییە دیارەکانتان لە هەڵوێست بەرامبەر داعش رایان زۆر سلبیە. وەختێک پرسیار رووبەڕوویان دەبێتەوە بەرامبەر داعش، بەبێ ئەوەی ئیدانەی ئەو رەفتارانە بکەن، زۆر بەلاوازی دەڵێن "ئەوانە نوێنەرایەتی ئیسلامی راستەقینە ناکەن"، شتێکی روونە ئەمە زۆر سادەترە لە ئیدانە و رسواکردن!

5- ئایا لە دەزگا میدیاییەکانتانەوە بەنیاز نین گوتاری راگەیاندنتان توندتر بکەن بەرامبەر ئەو گرووپە دڵڕەق و بێ ویژدانە؟

6- لەڕووی فیکرییەوە، بەنیاز نین لە بواری پەروەردەی بانگەوازتان و بەعەلەنیش لەکۆڕ و پانێڵەکانتاندا هیچ گۆڕانێک بەسەر تێڕوانینتان بۆ داعش وەک گرووپێکی ئیسلامی جیهادیی رادیکاڵ بهێنن؟

7- وەرگرتنی هەڵوێستی توندی ئێوە بەرامبەر داعش. رەهەندی نێودەوڵەتی دەبێ و کاریگەری زۆر ئیجابی دەبێت لەسەر هاتنە سەرخەتی زیاتری وڵاتانی موسڵمان (بەتایبەت تورکیا و سعودیە) و ناوەندە ئاینییەکانی دنیا بەرامبەر داعش. ئایا بیرتان لەم رەهەندە کردووەتەوە؟

لەدنیادا کۆمەڵگە هەن کە شانازی دەکەن بە بەرهەمهێنانی زانستەوە. هونەر پێشکەش دەکەن و دیالۆگی شارستانی پێشکەش دەکەن، بەڵام ئیسلامی توندڕەوی داعش، بە دەنگی بەرز ئاشکرای کردووە کە هیچیان نییە پێشکەشی بکەن بۆ مرۆڤایەتی و بۆ دنیا و بۆ هەموو تایەفەکانی دیکە جگە لەسەربڕین و کوشتن و خولقاندنی رووباری خوێن.

داعش راستە تا ئاستێک گرووپێکی زۆڵە و ناسنامەیان بە تەواوەتی روون نییە کێن و کێ پشتیان دەگرێ، بەڵام ئەمە بیانوویەکی لاوازە بۆ دەربڕینی هەڵوێستی روونتری هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان. من گەشبینم لەداهاتوویەکی نزیکدا هەردوو سەرکردایەتی بەڕێزی یەکگرتوو و کۆمەڵ هەڵوێستی روونتر و مەردانەتر بەرامبەر داعش بنوێنن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## سازان بارزانی روخسارێکی کوردی لە هۆلیوود

« 12

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سالح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵلا قرگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




| پاکێجەکان | ماوەی خزمەتگوزاری | نرخ | قەبارە |
|---|---|---|---|
| ئێکسترا پلەس | 30 رۆژ | 90,000 د.ع | 40 گیگابایت |
| ئێکسترا VIP | 30 رۆژ | 60,000 د.ع | 20 گیگابایت |
| ئێکسترا | 30 رۆژ | 40,000 د.ع | 10 گیگابایت |
| لاو | 30 رۆژ | 30,000 د.ع | 1 گیگابایت + شەوان بەخۆرایی (11ی شەو - 6ی بەیانی) |
| مانگانە | 30 رۆژ | 20,000 د.ع | 2 گیگابایت |
| هەفتانە - 1000 | 7 رۆژ | 10,000 د.ع | 1,000میگابایت |
| هەفتانە - 500 | 7 رۆژ | 5,000 د.ع | 500 میگابایت |
| بەکیلوبایت | 30 رۆژ | 0.60 د.ع/ کیلوبایت - لەکاتی تلەبۆ<br>0.24 د.ع/ کیلوبایت - بەدەر لەکاتی تلەبۆ | |

